

ئەدیبان

ئەحمەد ئال حەمدان

سجیل

عاسف نەوەی قوڕ و ئاگر

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
ساکار حسێن

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.Iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

له بەڕێوەبەرایەتیی
گشتیی کتێبخانە گشتییەکان،
ژمارەی سپاردنی (١١٨٠) ساڵی
(٢٠٢١) پێ دراوە، ئەم کتێبە لە
بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبانە،
مافی لەچاپدان و کۆپیکردن و بڵاوکردنەوەی
بە هەموو شێوەیەک، پارێزراوە بۆ ناوەندی
ڕۆشنبیریی ئەدیبان.

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان

بەرپرسی بەرێوەبەری گشتی: نارامی مەلا محەمەد

ناسنامەی کتێب

ناونیشان: سجیل

نووسەر: ئەحمەد نال حەمدان

بابەت: ئەدەبیاتی عەرەبی — سەدەی ٢١ی میلادی

ژانر: ڕۆمان

وەرگێڕانی: ساکار حسێن

پێداچوونەوە: کەیوان هەورامی

دیزاینی بەرگ و دەق: نارام مەلا محەمد

پەخشانگە: ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٥ی میلادی

07731974646 - 07501571818

bookadiban@gmail.com

_ADIBAN

ناونیشان: نووسینگەی سەرەکی: سلێمانی، شەقامی ئیبراهیم پاشا، فولکەی گوزەکان سەرووی ئامادەیی سلێمانیی کچان، نزیک ناوەندی ڕۆژهەلاتی کوردان

نەخشەی مەملەکەت و ناوچەکانی جیهانی کۆن- سەروو- کە لەم بەشەی زنجیرەکەدا باسکراوە.

دەستەواژەی جیهانی کۆن کە مەبەست لێی ئەو مەملەکەتە ئەفسانەیانەیە وەک مەملەکەتی ئەبابیل و مەملەکەتەکانی تر کە لەم زنجیرەیەدا باس کراوە وە لە زنجیرەکانی داهاتوشدا ئاماژەی پێدەدرێت.

ئەم نەخشەیە هەندێک لە مەملەکەت و ناوچەکانی جیهانی کۆن –خواروو– کە لەم بەشەدا باسکراوە.

بوەستە.

عاسف تێکەڵەی قوڕ و ئاگر

داستانی قوڕ و ئاگر

لێرەوە تێپەڕ مەبە!

ئەگەر ئێرە تێپەڕ بکەیت، مردن شوێنت دەکەوێت.

وەکوو درەختەکانی تر نەبوو، بەڵکوو لقەکانی هێندە بەرز بوون کە لە دوورەوە تەماشات دەکرد، وات دەزانی ماچی ئاسمان دەکەن.

دەگێڕنەوە ئەوە یەکەمین درەختی سەر زەوی بووە، هەندێک لە پیرە جنەکان دەگێڕنەوە کە ئادەمی باوکی مرۆڤایەتییان بینیوە ئەو درەختەی بە دەستی خۆی چاندووە و گەورەی کردووە، هەندێکی تری دەڵێن بە هەمان شێوە بینیویانە کە چۆن بە دڵۆپە فرمسکی دڵتەنگی ئاوی داوە؛ ئەو کاتەی خودای گەورە لە بەهەشتەوە ناردوویەتییە سەر زەوی.

درەختەکە بە درەختی حەرام ناو دەبرا.

دەڵێن بۆیە ئەم ناوەی لێ نراوە کە پادشاکانی زەویی دێرین بۆیان نەبوو دەستی خراپەی بۆ درێژ بکەن، جگە لەوەی کە زۆر ئەفسانەیان لەسەر هەڵبەستووە، بەڵام تاکە ئەفسانە کە هەمووان لەسەری کۆکن، ئەوەیە کە دەڵێت:

لقەکانی نەدەلەرینەوە، مەگەر بە ڕووداوێکی گرنگ، کە لەو نزیکانە ڕووی دەدا.

لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا لقەکانی درەختی حەرام لەرینەوە.

ئافرەتێکی پیری ئەسمەر کە لە کوخێکی دارێندا دەژیا، لەسەر لقی درەختەکە بەئاگا هاتەوە، ئافرەتەکە لە پەنجەرەی کوخەکە نزیک بووەوە و گوێی لە دەنگی شنەبایەک دەگرت کە بۆی دەدوا.

«بایەکە پێی دەگوت کە لە داستانی قوڕ و ئاگردا چی ڕوو دەدات.»

بەڵام ئەو قسانەی کە ئافرەتەکە بیستنی، ئەقڵبڕ نەبوون، بۆیە بە ڕووی بایەکەدا هاواری کرد:

– نەخێر، ناکرێت ئەمە ڕوو بدات!

خێرایی بایەکە زیادی کرد و هێندەی نەمابوو درەختەکە لە ڕەگەوە هەڵبکێشێت، ئافرەتەکە بە پرتاو و پێی پەتی لە کوخەکەی هاتە دەرەوە و بە درەختەکەدا سەر کەوت تاکوو تەماشای ئاسمان بکات.

سەری هەڵبڕی و تەماشای ئاسمانی دەکرد، باش بوو خۆرەکە لە ئاوابووندا بوو، ئەوەش یارمەتیدەر بوو ئەستێرەکان بە باشی ببینێت، کە بە شێوەی کەوانێکی گەورە لە ئاسماندا

دابەش بووبـــوون و ئەمەش مانـــای ئەوە بـــوو کە خـــراپە و ئاشووبێکی گەورە بەڕێوەیە.

لەو کاتەدا ئافرەتەکە درکی بە حەقیقەتەکە کرد:

– ئارام بەوە ئەی با، ئێستا باوەڕ بە هەموو ئەوە دەکەم کە باست کرد.

شـنەبایەکەی ئەبابیـل خەوانـدی و کەشـوهەواکەش ئاسـایی بـووەوە، ئـافرەتەکە هێشـتا بە سـەری هەڵبڕیـوەوە بیـری لەو ئاشووبە دەکردەوە کە ڕوو دەدات:

کێشەیەکی گەورە بەسەر عاسفدا دێت کە خۆزگە دەخوازێت بمردبا و تەنیا ئەو ڕووداوەی نەدیبا.

**

ئـــافرەتەکە لە درەخـــتەکە دابەزی، بە پێـــی پەتـــی بە نێـــو بێستانەکاندا ڕای دەکرد و هەر ئەوەندەی کە زیـاتر و زیـاتر لە درەختەکە دوور دەکەوتەوە، زیـاتر جەستەی دەچـووەوە بـاری ئاسایی خۆی کە:

بوونەوەرێکی

زەبەلاحی

ڕەشی قەتران بوو

کە دەگەڕایەوە بۆ جۆری ماری کوبرای جن.

بایەکەی ئەبابیل بەردەوام قسەکانیی بە گوێدا دەدا، ئەویش هەر وا دوور و دوورتر دەکەوتەوە:

– ئاگادار بە تارا، چونکە ڕۆژانی داهاتوو ڕووداوی باش بەڕێوە نییە.

٢

کۆشکی مەملەکەتی ئەبابیل

هۆڵی پادشایەتی (تاغین)

دەرگاکە کرایەوە و دەرگاوانەکە بە هەنگاوی هێواش و پڕ نیگەرانی بەسەر فەرشی هۆڵەکەدا دەڕۆیشت، تاکوو گەیشتە سنووری عەرشەکە، سەری ڕێزی دانەواند و چاوەڕێ بوو تاکوو پادشا ڕێگەی قسەکردنی بدات.

تاغین هەستی کرد بارودۆخێکی گرنگ هەیە و بۆیە هاتووە، جا گوتی:

– چی هەیە دەرگاوان؟

– شەیتانێک لەودیو دەرگاکەوە وەستاوە گەورەم، پەیامێکی پێیە بۆت.

تاغین ڕووبەڕووی ئەو وەزیرانەی کە لە مڕۆڤ و جن؛ هەموویان لە لای ڕاست و چەپەوە وەستابوون، بە زەردەخەنەوە گوتی:

– پێدەچێ سوالکەر بێت.

پاشان:

– بێ گومان هەوالی سەرکەوتنی شەڕەکەمانی پێیە.

ڕووی کردەوە وەزیرەکانی و جگە لە شەیتانەکە، کەسی تر نەیدەزانی نامەکە چیی تێدایە.

**

پاش کەمێک:

شەیتانە هەوالبەرەکە بە هەنگاوی لەرزۆکەوە بە نێو هۆڵی پادشادایەتیدا تێپەڕ بوو، ڕوخسارێکی بازنەیی هەبوو کە لە نانی کەڕوواوی دەچوو، یەک چاوی هەبوو لە ناوەڕاستی دەموچاویدا کە لەگەڵ ڕۆشتندا دەهاتە دەرەوە.

هەنگاوەکانی هەرگیز خێرایان نەدەگوت، هەر بۆیە ڕاستەوخۆ پێکەنین لە ڕوخساری ئامادەبووان ون بوو و نیگەرانی جێی گرتەوە، کە گەیشتە سنووری عەرشەکە، سەری دانەواند و پەیامەکەی ڕاگەیاند:

– شکستمانهێنا جەنابی پادشا.

تاغین تووشی شۆکێکی گەورە بوو، چوکە بە متمانەیەکی زۆرەوە چووە ئەو جەنگەوەی کە بەسەر عاسفدا سەر دەکەوێت، بە جۆرێک تەواوی ئامادەکارییەکانی ئاهەنگێڕانی لە هۆڵەکەدا ئامادە کردبوو.

سروشتی تاغین بەو جۆرە بوو کە ڕەفتاری خراپی دەنواند، ئەو کاتانەی هەواڵی ناخۆشی پێ دەگەیشت، هەر بۆیە هەموویان چاوەڕێی هەڵچوونە ترسناکەکەی بوون کە ئێستا شوێنەکەیی دەگرتەوە، هەندێک جاریش بەر لەوەی شێتگیر ببێت، پڕ بە دڵی خۆی پێدەکەنی، ئاخر لەو کاتانەدا مێشکی لە دەست دەدا، بەڵام ئەم جارە پێنەکەنی...

بەڵکوو پاڵی بە کورسییەکەیەوە دا و قاچی خستە سەر قاچ و هەناسەیەکی قوواڵی هەڵکێشا وەکوو ئەوەی شتێک ئاگرەکەی ناخیی کوژاندبێتەوە.

لەگەل خۆیدا کەمێک مشتومڕی بوو، ئەو پلانەی دەهێنا و دەبرد کە بۆ کوشتنی عاسفی دابنابوو و بیری لەوە دەکردەوە کە دەبێت لە کوێدا هەڵەی کردبێت.

«بە نزیکەی پێش پێنج ساڵ تاغین و شوێنکەوتەکانی لە ڕێکخراوی جاسومدا بڕیاری هەڵکوتانەسەر دەسەڵات و کۆشکیان دا و توانییان سەرکەوتوو ببن.»

دواتر بۆ ئەوەی خۆی ببێتە پادشای فەرمیی ئەبابیل، دەبوو لە عاسف ڕزگاری ببێت کە تاکە میراتگری تەختی شاهانە بوو.

بۆ سەرکەوتنی ئەم کارەش تاغین پلانێکی دانا،

کە ناوی نابوو پلانی فیل.

٣

پلانی تاغین

پلانی فیل



دوای ئەوەی عاسف بینایی لە دەست دا، دەبوو **سەربیلی نەنکی فالچی** بیباتە لووتکەی کێوی غوراب تاکوو فێری بکات چۆن بە کۆنترۆڵکردنی هەستەکانی تری بجەنگێت.

دوای چەند ڕۆژێک شازیمانیش چوو بۆ لایان، شازیمان سەرۆک هۆزی گورگەکان بوو کە یەکێک بوون لە هۆزە مرۆڤییە بەهێزەکانی ئەبابیل بوونی شازیمان لەوێ بووە هاوکارێکی زۆر باش تاکوو زووتر بەرەو پێش بچێت.

لە یەکیک لە ڕۆژەکاندا ئەو کاتەی عاسف و سەربیل و شازیمان بوون لە نێو کوخەکەدا، گوێی لە تەقەی دەرگا بوون، عاسف بەرەو دەرگاکە چوو تا بیکاتەوە، دەیتوانی بە دەنگی لێدانی دەرگاکەدا جیای بکاتەوە کەسەکە کێیە:

– سوپاس بۆ خودا کە سەلامەتیت.

به بیستنی ئەو دەنگە زۆر دڵخۆش بوو، لەبەر ئەوەی دەنگی وەزیرە خەیزەران بوو، یەکسەر باوەشی کرد، ئەوەش وەکوو ئەوە بوو بۆ ئەو کە بە برینپێچێک برینەکانی دڵی بپێچن.

وەزیرە پێی گوتن بۆچی هاتووە:

– پلانێکی تۆکمەمان هەیە کە دەتوانین بە ئاسانی تۆڵە لە تاغین بکەینەوە.

بۆ ئەوەی سەرنجیان ڕابکێشێت گوتی:

هەواڵی دڵنیام پێیە کە سبەی تاغین سەردانی هۆز و لادێکانی ئەبابیل دەکات، بۆ ئەوەی بەڵێنی ملکەچبوون و دڵنیایی لێ وەربگرێت، سەرەتا لە لادێی جەساسەوە دەست پێ دەکات.

سەربیلی فاڵچی هەستی بە گومان کرد، چونکە ئەو جۆرە هەواڵانە تایبەتن بە دەرچوونەکانی پادشا و دەبێت زۆر بە نهێنی بمێننەوە:

– چۆن ئەم هەواڵەت زانی؟

– لە نێو کۆشکدا هەندێک خزمەتکاری بەوەفای خێزانی ئیمپراتۆرمان هەیە.

پاشان وەزیرە خەیزەران گوتی:

– بە دەستەیەکی کەم لە سەربازان دەتوانین تاغین شۆک بکەین و بیکوژین.

شازیمان ڕای خۆی لەسەر بابەتەکە دەربڕی:

– کاتێکی وامان بە دەستەوە نییە، ئەگەر بڕیاری هێرشکردن بدەن، دەتوانم لە هۆزەکەم دەستەیەک لە ئازاترین جەنگاوەر کۆ بکەمەوە.

وەزیرە خەیزەران ڕوو لە عاشف:

– تکایە گەورەم متمانەم پێ بکە.

عاسف متمانەی بە وەزیرەکەی هەبوو، هەر بۆیە ئەوەش وای کرد بڵێت:

– ئێستا کاتی تۆڵەسەندنەوەیە.

وەزیرە خەیزەران بەدەم ڕۆیشتنەوە، دوای ئەوەی بڕیاری کۆتایی وەرگرت:

– دەچم ئامادەکارییەکان بکەم و لەگەڵ خۆرهەڵهاتندا دەگەڕێمەوە.

شازیمانیش ئامادەی ڕۆیشتن بوو، گوتی:

– جەنگاوەرەکان لە کاتی دەرچوون لەژێر فەرماندا دەبن بەر.

**

دەرچوون

لەگەڵ هەڵهاتنی خۆری ڕۆژی دواتردا، وەزیرە خەیزەران لە بەردەم کـــوخەکەدا ئامـــادە بـــوو، **عاســـف و فـــاڵچیەکە** لە بەردەرگاکەدا چاوەڕێی ساتی دەرچوون بوون، وەزیرەکە نزیک بووەوە و هەواڵی دڵنیایی پێ دان:

– تـاغین لە کۆشـک چـووەتە دەرەوە، چەنـد کـاتژمێرێکی تـر دەگـاتە جەساسـە، دەبێـت بە خێرایـی بڕۆیـت تـاکوو پـێش ئەو بگەینە ئەوێ و لە شوێنێکی باشدا جێگیر ببین.

لەو کاتەدا عاسـف هەستی دەکرد هەنگاوەکانی لە دەروازەی چیاکە نزیک دەبنەوە، جا گوتی:

– سەربازەکانی شازیمانیش گەیشتن.

هەر کە وای گـوت لە نێـو سـاردیی ڕەشـەبا بەهێـزەکەدا هەزاران گـورگی سـەربازی دەر کەوتـن کە شـازیمان خـۆی فەرماندەیی دەکردن.

سەربیل گوتی:

– دڵم بەم بارودۆخە هیچ ئارام نییە کوڕەکەم.

عاسـف قسـەکەیی فەرامـۆش کـرد و چـووە سـەر پشـتی شازیمان و گوتی:

– ئێستا با بجوولێین.

**

مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی دێی جەساسە

کە گەیشتنە ئەوێ، خۆر هەڵهاتبوو، وەزیرە خەیزەران کە لەسەر پشتی یەکێک لە گورگەکان بوو، بەرەو جێیەکی دیاریکراو ڕۆیشت.

ئەو شوێنەی کە وەزیرە خەیزەران دەیبردن زەوییەکی تەختی فراوان بوو کە دەکەوتە سنووری باکووری دێی جەساسەوە، دەستی بەرز کردەوە تاکوو فەرمان بەوانی تر بدات کە بوەستن.

هەمووان وەستان.

وەزیرە خەیزەران لەسەر پشتی گورەگە دابەزی و چەند هەنگاوێک چووە پێش و بەر لەوەی بوەستێت، ئاوڕی دایەوە و گوتی:

– ئای چەندە گەمژە و بێمێشکن! زۆر بە ئاسانی هەموو خواردەمەنییەکەتان قووت دا.

بە ئاسانی باوەڕیان پێ کرد.

هەمووان سەرسام بوون بەوەی کە بیستیان، وەزیرە خەیزەران پێی دا بەزەوییەکەدا، لەژێر زەوییەکەوە نزیکی سێ هەزار شەیتانی شێتگیر هاتنە دەرەوە و لەو کاتەدا عاسف شەڵەژا، نەک لەبەر ئەوەی دەیزانی کە ئێستا مردنی خۆی و ئەوانەی تریش مسۆگەرە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی هەرگیز بە

خەیاڵیدا نەدەهات کە لە لایەن یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانییەوە ناپاکیی لێ دەکرێت.

لەو کاتەدا سەربیلی فاڵچی گوتی:

– خەیزەران ئەگەر ئەمە گاڵتەیە، ئەوا دەمەوێت پێت بڵێم زۆر بێمانایە، ئەگەر بە ڕاستیشتە ئەوا نەفرەتی ئاسمانەکان و زەویت بەسەردا ببارێت.

لە نێو شەیتانە شێتەکانەوە دەنگێکی نیگەران هات:

– ئەمە گاڵتە نییە ئەی فاڵچی.

عاسف دەنگەکەی ناسییەوە کە دەنگی تاغین بوو، لێرەدا عاسف تەواوی ڕاستییەکەی بۆ دەر کەوت کە چۆن ناپاکیی بەرانبەر کراوە:

هاتنی وەزیرە خەیزەران بە هەڵکەوت نەبووە، بەڵکوو ڕێکخراو بووە و بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانەی کە تاغین داینناوە.

سەربیلی فاڵچی نەیتوانی دان بە خۆیدا بگرێت و لە جێی خۆی ون بوو، گرووپێکی باشی لە شەیتانەکان سووتاند و مستێکی توندی بە دەموچاوی تاغیندا کێشا. ویستی چەند جارێکی تریش لێی بداتەوە، بەڵام دەستەی پاسەوانانی تاغین دووریان خستەوە.

فـاڵچییەکە لە نێـو شـەپۆلی شـەیتانە شـێتەکاندا دەهـات و دەچوو و بە هەموو لایەکدا ڕووبەڕوویان دەبـووەوە، بە هەمـوو توانـایەوە دەیویسـت لەو شـوێنە دەربـازی ببێـت، بەڵام بێسـوود بوو.

هێندەی نەمـابوو زیـانی پـێ بگەیەنـن، ئەوەش عاسـفی تـووڕە کـرد، بـۆیە دەبـوو زوو بە زوو هێـزە تـازەکەی بەکـار بهێنێـت و شەیتانەکان لەناو ببات و دەربازی بکات.

تاغین گەڕایەوە بۆ کۆشک.

جلی جەنگی داکەند و چـووە هـۆڵی مـەجلیسـی پادشـاتییەوە، لەسـەر عـەرشەکەی دانیشت و بانگی داروودەستەکەی کرد تـاکوو لەگەڵیـدا ئاهـەنـگ بگێـڕن ئەو کـاتەی هـەواڵـی ســەرکەوتنی پـێ دەگـــات. دڵنیـــا بـــوو لە ســـەرکەوتنەکەی، ئـــاخر ژمـــارەی سەربازەکانی زیاتر و بەهێزتـر بـوون لەوانەی عاسـف و ئەمەش وای کردبـوو کە هەسـت بە بێهیـوواییەکی زۆر بکـات ئەو کـاتەی شەیتانە هەواڵبەرەکە پێی گوت لە جەنگەکەدا شکستیان هێنا.

**

تاغین له مێشکی خۆیدا پلانەکەی تاوتوێ دەکرد، دەیویست بە دوای هۆکاری شکستەکەیدا بگەڕێت، پرسیاری لە شەیتانە هەواڵبەرەکە کرد:

– ئایا تۆ دڵنیایت کە چاوەکانت شتەکانیان بە پێچەوانەوە نەدیووە؟

شەیتانە یەکچاوەکە بە دەنگێکی ترساوەوە گوتی:

– بە چاوی خۆم هەموو شتێکم بینی گەورەم، سەری شەیتانەکانت بە ئاسماندا دەچوو، هەر وەکوو چۆن سەری مەڕ دەپەڕێت لە کاتی قوربانیدا.

تاغین ئەو قسەیەیەی زۆر بەلاوە سەخت بوو، بۆیە پرسیی:

– لە مەیدانی شەڕەکەدا بە تەواوی چی ڕووی دا؟

– هەموویانمان کوشت، لە کۆتاییدا جگە لە عاسف کەسی تر نەمایەوە.

تاغین لەسەر کورسییەکەی هەستایەوە، وەکوو ئەوەی مار پێوەی دابێت و بە تووڕەییەوە هاواری بەسەر شەیتانەکەدا کرد:

– ئەی کەواتە چۆن بە تەنها توانیی بەسەر هەمووتاندا سەر بکەوێت؟

شەیتانەکە لە ترساندا خۆی گرمۆڵە کرد و گوتی:

– لە چرکەساتی کۆتاییدا کەسێک دەر کەوت گەورەم.

لە ڕاستیدا بەم جۆرە بوو:

دەستەکانیی خستنە نێو یەکەوە و هەندێک تەلیسمی خوێند و ئەوەش بووە هۆی کوشتنی وەزیرە خەیزەران و هەموو ئەو شەیتانانەی لەگەڵیدا بوون.

تاغینی تووڕە بە هاتوهاوارەوە:

– ئەو کەسە نەگریسە کێ بوو کە تەلیسمەکەی کرد؟

شەیتانە هەوالْبەرەکە بە ترسولەرزەوە قسەکەی کرد، لەبەر ئەوەی دەیزانی ئەوەی کە دەیلْێیت هەمووان شۆک دەکات:

– سرابی بوو.

هەموان دەیانزانی کە سرابی جادوگەر نییە و بە هیچ جۆرێک توانای ئەوەی نییە کە جووجکێکیش بکوژێت، ئەمەش وای کرد یەکێک لە وەزیرەکان لە جێی خۆی هەستێتەوە و بە تووڕەبوونەوە بلْێت:

– ئایا گالْتەمان پێ دەکەیت هەی شەیتانی نەگریس؟

شەیتانە یەکچاوەکە بەدەم چاوتروکاندنەوە گوتی:

– من گالْتەتان پێ ناکەم، ئەوەتان پێ دەلْێم کە بە چاوی خۆم دیومە.

پرتەوبۆڵە لە نێو وەزیرەکاندا بەرز بووەوە، چونکە هەموان پێیان وا بوو ئەو شتە نەکردەیە، تاکوو یەکێک لە جنە پیاوەکان هەستایەوە و هەموان بە هەستانی ئەو بێدەنگ بوون.

ئەو جنە ناوی زیمار بوو کە جنۆکەیەکی بەتەمەن بوو و بەهۆی تەمەنە درێژەکەیەوە زۆربەی ڕووداوەکانی سەر زەویی بە باشی دەزانین، جا لە هەوالْبەرەکەی پرسی:

– ئایا هیچ شتێکی نامۆت بەدی کرد ئەو کاتەی تەلیسمەکەی دەخوێند؟

چاوەکەیی تروکاند و گوتی:

– خاڵێکی نامۆی پێوە بوو.

– لەسەر چ بەشێکی جەستەی ئەو خاڵە هەبوو؟

– لەسەر برۆی چاوی چەپی.

ئەو کاتەی **زیمار** گوێی لەو قسەیە بوو چاوی ئەبڵەق بوو، ئاخر لە کۆتاییدا ئەو نهێنییە گەورەیەی دۆزییەوە، ڕووی کردە تاغین کە چاودێریی گفتوگۆیەکەی دەکرد و هیچ شتێک حاڵی نەدەبوو:

– من داوا لە جەنابتان دەکەم خێرا هۆڵەکە چۆڵ بکەن.

زیماری بەتەمەن بە دەنگێکی پڕ نیگەرانی گوتی:

– ئەو قسانەی دەیانکەم زۆر مەترسیدارن، بۆیە وا باشترە جگە لە خۆت کەسی تر نەیانبیستێت.

**

کۆبوونەوەی داخراو

کۆبوونەوە داخراوەکە لە نێوان زیمار و تاغیندا زۆری خایاند و هەموو ئەو زانیارییانەی کە زیمار دەیدا بە دەستەوە، دەبوونە هۆی گۆڕانکارییەکی گەورە، نەک تەنها بۆ مەملەکەتی ئەبابیل بەڵکوو بۆ تەواوی زەوی.

کۆبوونەوەکە تەواو بوو و تاغین گوتی:

– بـا خێـرا بجـووڵێین زیمـار، چـونکە کـاتی زۆرمـان لە بەردەستدا نییە.

٤

مەیدانی جەنگ؛ دێی جەساسە

عاسف و سرابی

ئاسمان تاریک بوو بوو، بەڵام هۆکارەکەی خۆرئاوابوون نەبوو، بەڵکوو لەبەر ئەو قەلەڕەشانە بوو کە لە دوورەوە دەهاتن بۆ گیانی ئەو تەرمانەی کە لەسەر زەوی کەوتبوون.

عاسف لە نێو جەستەکاندا ڕامابوو، باوەڕی بەوە نەدەکرد کە دەیبینی، دوای ئەو هەموو ماوە زۆرە **سرابیی هاوسەری** لە بەرانبەری وەستاوە.

دەیویست بڵێت:

خودای گەورە هەرگیز ئەرکێک ناخاتە سەر شانی بەندەیەک کە توانای هەڵگرتنیی نەبێت، ڕۆحم بەرگەی لەدەستدانتی نەدەگرت، هەر بۆیە بڕوام وا بوو ڕۆژێک هەر دەتبینمەوە.

لەو جۆرە کەسانە نەبوو ڕاستەوخۆ بتوانێت ئەوەی لە ناخیدا بە دەربڕینێکی جوان دەری ببڕێت، بۆیە هەر کە دەمی کردەوە گوتی:

– چۆنیت؟

ئەوە سەیر بوو کە سرابی وەلامی نەدایەوە، وەلێ ڕاستەوخۆ پشتی لێ کرد و ڕۆیشت.

کاردانەوەکەی سرابیی پێ سەیر بوو:

– سرابی؟

سرابی بێ ئەوەی قسەیەک بکات دوور کەوتەوە و بەرەو ئەسپەکەی چوو، کە دوو ئەسپسوار لەملا و لەولایەوە وەستابوون و پێدەچوو هەردووکیان پاسەوانی بن، هەستی دەکرد دووبارە ئازار جەستەی داگیر دەکاتەوە:

– سرابی بۆ کوێ دەچیت؟

بۆ جاری سێیەم وەلامی نەدایەوە، ئەم جارە هاواری کرد و تەواوی جەستەی شەیتانەکانی سەر زەوییەکە لەگەڵی کەوتنە لەرزین:

– سرابییییی

لە کۆتاییدا وەستا بەبێ ئەوەی وەلامی بداتەوە:

– دەچم بۆ ئەو شوێنەی کە پێویستە لێی بم.

لە جێی خۆی ون بوو لە بەردەمی دەرکەوت و تۆند دەستی گرت و شێتانە پرسیی:

– ئەو شوێنەی کە پێویستە لێی بیت؟

سرابی چاوی بڕیە چاوە بوندوقییەکانی کە لە دایکیبوونی مابووەوە، ئەو چاوانەی پڕ بوون لە ئازار و خەم و تۆفانێکی زۆر لە خۆشەویستی، ئەویش ماوەیەکی درێژ چاوی بڕیە چاوی، بەڵام لەو چاوانەدا هیچی نەخوێندەوە، وەکوو شتێکی سەیر تەماشای دەکرد وەکوو شارێکی چۆڵکراو کە کەسی تێدا ناژی، وەکوو دڵ و مێشکێکی بەتاڵ کە هیچ شتێکی لە یاد نەماوە.

گوتی:

– سرابی ئەمە ئەو چاوانە نین کە من دەیانناسم.

– من بووم بە ئافرەتێکی تر.

– چی ڕووی داوە؟

– ناتوانم پێت بڵێم.

– بۆچی ناتوانیت؟

– چونکە...

یەکێک لە دوو ئەسپسوارەکە لە دوایەوە بێدەنگیان کرد:

– قخاتوو قسرابییا.

سرابی ئاوڕی دایەوە بۆ ئەو پاسەوانەی کە جگە لە چاوە تیژەکانی هیچ شوێنێکی تری ڕوخساری دیار نەبوو.

ئەسپسوارەکە گوتی:

– قئەو قئەرکەمان قتەواو تکرد تکە قبۆی قهاتبووین قئێستا قپێویستە قبڕۆین.

سرابی بە ئاماژەی بەڵێ سەری لەقاند و پاشان بەرەو ئەسپە باڵدارەکەی هەنگاوی نا.

لەو کاتەدا بیرۆکەیەک دزەی کردە مێشکی عاسفەوە.

٥

نامۆ

چاوەکانی عاسف بۆ ڕەنگی سووری تۆخ گۆڕان و وێستی پەلاماری یەکێک لە دوو ئەسپسوارەکە بدات، بەڵام بەر لەوەی یەکەم هەنگاو هەڵبێنێت، سرابی دەستەکانیی خستنەوە نێو یەکتر و هەندێک تەلسمی خوێند کە لەژێر زەویەیەکەوە بڕێک پەتی ڕەش هاتنە دەرەوە و چوارپەلیان گرت و لە جووڵەیان خست.

پەتە درکاوییەکان بوونە هۆکاری خوێنبەربوونی عاسف، وەلێ هیچ هەستی بە ئازار نەدەکرد.

ئەوەی ئێشی پێ دەگەیاند ئەو ئازارگەیاندنە بوو لە لایەن ئەو کەسەی کە ئامادە بوو بۆی بجەنگێت.

سرابی هەر تەماشای دەکرد، هێندە شایەنی بەزەیی بوو وەکوو شێرێک کە کەڵبەکانی لە دەست دەدات، بەڵام هێشتا سرابی هەماهەنگ نەبوو لەگەڵیدا، وەک ئەوەی ڕۆژێک پاڵەوانی چیرۆکەکەی هەر نەبووبێت، ئازارەکە هەمان ئەو ئازارە بوو کە لە کاتی لەدەستدانی دایکیدا چەشتی، بەڵام ئازاری لەدەستدانی

دایکی هێندە سەخت بوو کە لێیت دەڕوانی، هەستت دەکرد لە تەمەنی ڕاستەقینەی خۆی زیاترە، ئەو دڵتەنگییەی ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو تێیدا بوو بە تەواوی پیری کردبوو.

سرابی سەرکەوتە سەر ئەسپەکەی، کۆتا قسەی خۆیی کرد کە هەرگیز نەیدەویست لەو کاتەدا گوێی لێی بێت:

– بۆ هەمیشە لە بیرم بکە عاسف.

پاشان ڕۆیشت.

کاتێکی زۆری نەخایاند تاکو ئاسەواری تەلسمەکەی لەسەر نەما، پەتە ڕەشەکان لێ بوونەوە، بەڵام لە جێی خۆی نەجوولا، لەبەر ئەوەی شتێکی لەوە قورستر هەبوو لەسەر جەستەی کە لە جوولەی خستبوو. لە مێشکی خۆیدا دەپرسی:

ئەو هۆکارە چی بوو وای کرد ئەو هەموو ماوەیە سرابی ون ببێت و ببێتە ئافرەتێکی تر؟ ئایا مەبەستی چی بوو لەو قسەیەی کە گوتی دەبێت بگەڕێتەوە ئەو جێی کە دەبێت لێی بێت؟

نهێنیی ئەو هێزە سەرسوڕهێنەرەی چییە؟

نهێنی ئەو خاڵانەی سەر پێڵووی چاوی چەپی چی بوو؟

ئەو دوو ئەسپسوارەی لەگەڵیدا بوون چی بوون؟

لە هەمووی گرنگتر:

دەبێت چی بکەم تاکوو بتوانم بیگەڕێنمەوە؟

لەو کاتەدا بەهۆی مشتومڕی لەگەڵ خۆیدا، ئەم پرسیارانەی تاوتوێ دەکردن و ئاگاداری ئەو مەترسییە نەبوو کە بەرەو ڕووی دێت، زەبرێکی قورسیان بە سەریدا دا و بێهۆش کەوتە سەر زەوییەکە.

ئەو کەسەی کە لێی دا، خۆی چەماندەوە تا دەستی لێ بدات:

– لە هۆش چووە.

ئاوڕی دایەوە:

– زیمار ئایا پێت وایە ئەو کارە سەر بگرێت؟

زیمار گوتی:

– لە بارودۆخی ئاساییدا بووایە دەمگوت نا، ڕاستە عاسف کەللەڕەقە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە شایەنی تۆیە جەنابی خاوەنشکۆ.

– ئەگەر هەموو شتێک وەکوو پلانەکە بەڕێوە بچێت، دڵنیابە دەتوانین بە ئاسانی بەڵێنی پیرۆز بشکێنین گەورەم.

ئەو **بابەتی شکاندنی بەڵێنی پیرۆزە** یەکێک بوو لە خەونەکانی گەورە پادشایانی زەویی کۆن، عاسف ئێستا ئەو کەسە بوو کە خەونەکەی بۆ تاغین بەدی دەهێنا.

تاغین لە جەستەی کەووی عاسفی دەڕوانی و پرسیی:

– ئێستا چیی لێ بکەین؟

– دەیبەین بۆ زیندانی کۆشک گەورەم، لەوێ پێشنیارێکی بۆ دەکەین:

هەڵیانگرت و بەرەو کۆشک کەوتنە ڕێ، کەسیان ئاگاداری ئەوە نەبوو کەسێک لە دوورەوە بە چاوەکانی کە وەک بەردی پیرۆز ڕەش بوون، هەموو چاودێریی هەموو شتێکی کردووە.

دەروازەی دووەم

١

مەملەکەتی ئەژدیها

کەنار دەریاکە

وەکوو خووی هەموو بەیانییەکیان هەرسێکیان بەڕێ کەوتن بۆ کەنار دەریاکە و **غەیاس** لەسەر بەردە ڕەشە بەرزەکە لە بەر تیشکی خۆرەکەدا دانیشت، قولاپەکەشی هەڵدایە نێو دەریاوە.

لە دواوە لە دووریی چەند مەترێک **نەورەسی** تەمەنی حەوتساڵان لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکەیدا کە سەگێکی ڕەشی تیسکدرێژ بوو بە ناوی ڕەعد یارییان دەکرد. **ڕەعد** بۆیە ئەو ناوەی لێ نرابوو چوکە شوێن بڕینێکی درێژ بە چاوی چەپییەوە هەبوو کە هەر لە بڕووسکەی ئاسمان دەچوو.

لە ڕاستیدا غیاس یەکێک بوو لە پیاوە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە. سامانەکەشی لە ئەنجامی کارکردن وەکوو پاسەوانی شاهانە بەدەست هێنابوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان چووە لای پادشا و ئەم داوا تایبەتییەی لێ کرد:

– دەمەوێت واز لە ئەرکی سێبەری ئەژدیها (پاسەوانی تایبەتی پادشا) بهێنم.

سێبەری ئەژدیها ناسناوی تایبەتی پاسەوانی پادشای مەملەکەتی ئەژدیها بوو.

پادشا یەمان برۆ پڕەکانیی تێک نان، وەک ئەوەی بە زمانێکی تر قسەکەی بیستبێت و حاڵی نەبووبێت:

– بۆچی؟

– وەک دەبینیت بە تەمەندا چووم، دەترسم نەتوانم وەکوو پێویست ئاگادارت بم.

پاشا لە سەرەتادا بێدەنگی دایگرت، پاشان لەسەر کورسییەکەی هەستا و بەرەو لای غەیاس هات و عاباکەی لە دوایەوە لەسەر زەوییە دەخشا.

نووسینێکی هەڵگۆڵراو لەسەر یەکێک لە بەردە ڕەشەکان:

– ئەگەر لەسەر جێگە بکەویت و بەرەو مردن بچیت، هێشتا پێت دەڵێم کە تۆ یەکێکیت لە بەهێزترین جەنگاوەرەکانی مەملەکەتەکە، هەر بۆیە درۆت لەگەڵ ناکەم، دەبێت بیر لە هۆیەکی بەهێزتر بکەیتەوە تاکوو قایلم بکەیت.

غەیاس نتقی نەکرد، ئەمەش ئاماژەی ئاشکرابوونی درۆیەکەی بوو.

پادشا پیرەکە دەستی خستە سەر شانی و گوتی:

– دەزانیت من وەکوو ئەندامی خێزانەکەم تەماشات دەکەم، بۆیە دەتوانیت بەبێ شەرم ئەوەی هەتە پێمی بڵێیت.

– سالانێکی زۆر تێپەڕ بووە، دڵخۆش دەبم بە خزمەتکردنت جەنابی پادشا، بەڵام ئەگەر ڕێگەم بدەیت دەمەوێت بڕۆم و بژیم تا ئەو کاتەی ڕۆحم جەستەم جێ دێڵێت.

– ئێستا چی گۆڕاوە؟

غەیاس دڵنیا نەبوو پادشا تا چەند وەڵامەکەی قبوولە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر گوتی:

– ئێستا شازنێکم هەیە کە دەبێت ئاگاداری بم و بیپارێزم.

پادشا دەستی کردە پێکەنین و دووبارە گەڕایەوە لەسەر کورسییەکەی دانیشت، کە لە ئیسقانی ئەژدیها دروست کرابوو، ئێستا پادشا لە پێشتر ساناتر دەر دەکەوت.

گوتی:

– کەواتە بارودۆخەکە پەیوەندیی بە نەورەسی کچتەوە هەیە.

لەبەر ئەوەی پادشا خۆشەویستییەکی زۆری بۆ غەیاس هەبوو پارەیەکی زەوەندی دایێ تاکوو دوای مردنی خۆیشی پێویستی بە هیچ کەس نەبێت.

**

غەیاس لەو چینەی کۆمەڵگە بوو کە پێیان دەوترا دەوڵەمەندەکان، چونکە وەکوو کەسە دەوڵەمەندەکان دەیتوانی

هەموو ڕۆژێک گۆشتی تازە و شەراب بخوات و بخواتەوە و بە شەویشدا لەگەڵ جوانترین کچدا ڕابوێرێت.

بەڵام ئەو هەرگیز چێژی لەو شتانە نەدەبینی، بەڵکوو لە شتی تری دەبینی کە بە لای خەڵکەوە شتانێکی زۆر سادە بوون یاخود مانایان نەبوو، بۆ نموونە:

ئارەزووی لەوە بوو ئەو گۆشتە بخوات کە خۆی ڕاوی دەکات. جگە لە شیر ئارەزووی لە هیچ خواردنەوەیەکی تر نەبوو. وەکوو شتەکانی تریش حەزی دەکرد کاتەکانی لەگەڵ نەورەسی کچی و سەگە بەوەفاکەیدا بەسەر ببات.

نەورەس و ڕەعد لە دوای باوکیانەوە لە کەنار دەریاکە یاریی زۆرانبازییان دەکرد، هەردووکیان بەرانبەر یەکتر لە نێو چوارگۆشە خەیاڵییەکەدا کە لەسەر لمەکە نەخشاندبوویان، وەستابوون.

نەورەس سەری ڕێزی دانەواند و ڕەعدیش بە هەمان شێوە، پاشان دەستیان پێ کرد: هەر کە کچە بچووکەکە بە هەموو هێزییەوە هێرشی بەرەو سەگە ڕەشە گەورەکە کرد، توانیی بە سەرکەوتوویی لە زەویی بدات.

بەڵام بارودۆخەکە زۆر درێژەی نەکێشا.

ڕەعد ڕاستەوخۆ بە پشت بەرزی کردەوە.

پاشان هێرشی کردە سەر و بێ ئەوەی دەرفەتی بدات هەستێتەوە، لە زەویی دا و زمانە درێژەکەی تێ هەڵسوو.

نەورەس وەکوو هەمیشە دەستی کردە پێکەنین، ڕەعدیش نەدەوەستا، لەبەر ئەوەی پێکەنینەکەی بەلاوە خۆش بوو:

– باشە، باشە، خۆم بە دەستەوە دەدەم... من خۆم بە دەستەوە دەدەم.

ڕەعد لە خۆشیان لە نێو سنووری زۆرانبازییەکەدا هەڵدەبەزییەوە، بە خەیاڵی خۆی هەواداڕەکانی چەپڵەی بۆ لێ دەدەن و هانی دەدەن.

هەر وا بە دەنگی بەرز دەوەڕی. هەتاکوو ئەم دەنگە هات: گەمژە، ماسییەکان بە دەنگی وەڕینەکەت دەترسن، ئەوکات ئێوارە جگە لە تۆ ناتوانین هیچی دیکە بخۆین.

ڕەعد لە ترساندا بێدەنگ بوو و زمانە درێژەکەی بردە ژوورەوە و لە پشتی نەورەسەوە خۆی گرمۆڵە کرد، نەورەس دەستی خستە سەر دەمی و پێدەکەنی، چونکە بەو جۆرە گاڵتەیان بە هاوڕێکەی کردبوو، دوای کەمێک کە هەستایەوە، گوتی:

– با بچینە بەشی پشتەوەی دورگەکە، تاکوو باوکمان بێزار نەکەین.

**

بەشی پشتەوەی دورگەکە

نەورەس بە سرووشتی خۆی کچێکی زۆربڵی بوو، تەنانەت هەندێک جار لەبەر زۆربڵییەکەی، ڕەعدیش گوێیەکانیی دەگرتن، بەڵام ئەم جارە بێدەنگ لە دەریاکەی دەڕوانی و بیری دەکردەوە.

ڕەعد بە ددانەکانی کراسەکەی ڕادەکێشا.

نەورەس لای کردەوە و تێگەیشت کە مەبەستی چییە:

– دڵتەنگ نیم، بەڵام بیر لە خەونە سەیرەکەی شەوم دەکەمەوە، لە خەونمدا کۆمەڵێک سەرباز ئافرەتێکیان ڕادەدا، لە کاتێکدا من لە نێو باوەیشدا بووم، من منداڵێکی شیرەخۆرە بووم، هەر کە گەیشتە کەنار دەریاکە، منی خستە نێو بەلەمێکی دارینەوە و پاشان بەلەمەکە دوور ڕۆیشت.

ئینجا هەندێک وردەکاریی تری خەونەکەی باس کرد:

– مانەوەم بە تەنها لە نێو ئەو بەلەمەدا زۆر ترسناک بوو ڕەعد، بەڵام کە تەماشای ئاسمانم دەکرد، دوو پیاوم دەبینین کە تەماشایان دەکردم، سەیرکردنەکەیان پڕ بوو لە دڵنیایی، وەکوو ئەوەی ئەوان پاسەوانیی من بکەن بۆ هەر مەترسییەک کە دێتە ڕێم.

نەورەس وچانێکی دا و سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، دەموچاوی ئەو دوو پیاوەی دەهێنایەوە بیری خۆی کە لە

خەونەکەدا دیبوونی، ئەوان ناوی خۆیانیان پێ نەگوتبوو، بەڵام بە باشی ڕوخساری ئەوانی بیر دەهاتەوە:

یەکەمیان ڕوخسارێکی تیژی هەبوو، وەکوو ئەوەی لە هەڵۆوە وەرگیرابێت، ئەوەی تریان پیاوێکی ئەسمەر بوو و هەر لە غوڵێک دەچوو، لە نێو هەموو ددانە سپییەکانی تریدا، ددانێکی ئاڵتوونی هەبوو.

سەگەکە لەو قسانەی هاوڕێکەی تێنەدەگەیشت، بەڵام هەستی بە شتێک دەکرد لە دەربڕینەکانیدا، هەر بۆیە هەستایەوە و بە چواردەوری خۆیدا بازی دەدا.

نەورەسیش هەستایەوە و لەبەر ئەوەی دەیزانی ئارەزووی یاریکردنی هەیە، لە نێو جانتاکەیدا تیر و کەوانێکی دەر کرد کە تیرەکە بوکەڵەیەکی لە کۆتاییەکەیدا پێوە بوو و گوتی:

– تۆ ئامادەیت ڕەعد؟

ڕەعدِ کلکیی لەقاند، ئەوەش مانای ئامادەیی ئەو بوو، نەورەس تیرەکەی هێنایەوە بۆ دواوە و دواتر ئامادەی وەشاندنی بوو، ئاخر ئەو بەیانییە ڕەشابەیەکە توند بوو، بۆیە توانیی بە تۆندی بە ڕووی دەریاکەدا بیهاوێت لەگەڵ ئەوەی ڕەعد نەوەستا لە بەدواداگەڕانی بۆ بووکەڵەکە، بۆیە لەگەڵ شەپۆلەکاندا بەردوام بەرەو ڕووی دەریاکە دەچوو.

نەورەسیش لە دوورەوە تەماشای دەکرد و پێدەکەنی، بەڵام پێکەنینەکەی زۆری نەخایاند و هەر زووبەزوو هەستێک لە دڵیدا دروست بوو کە پێی دەگوت مەترسییەک بەڕێوەیە، بۆیە بە دەنگی بەرز بانگی ڕەعدی کرد:

– ڕەعد!

هاواری لێ کرد:

– ڕەعد خێرا بگەڕێرەوە بۆ ئێرە.

ڕەعد وەڕی، بەڵام بەردەوام بوو لە پێشڕەوی بەرەو ڕووی ئامانجەکەی:

– پێویست ناکات، لێی گەڕێ داوا لە باوکە دەکەین یارییەکی ترمان بۆ دروست بکات.

دووبارە بە دەستی ئاماژەی گەڕانەوەی بۆ کرد:

– هەر ئێستا بگەڕێرەوە.

ڕەعد بە دەوری خۆیدا خولایەوە و ئامادەی گەڕانەوە بوو، زەردەخەنەش لەسەر لێوی بوو، بەڵام هەر ئەوەندەی هەندێک پێشڕەویی کرد، پەڕەکەیەکی شێوە ترسناکی ماسی لە پشتییەوە دەر کەوت.

نەورەسیش ئەو پەڕەکەیەی بینی.

ویستی بقیژێنێت و ئاگاداری بکاتەوە، بەڵام لەبەر ترسە زۆرەکەی قسەی بۆ نەکرا.

هەرچەندە سەگەکە هیچی بەدی نەکرد، وەلێ بە شێوەیەکی سروشتی هەستی بەوە کرد کە مەترسییەک بە دوایەوەیەتی، بۆیە خێرا بەرەو کەنارەکە گەڕایەوە.

**

پەڕەکەی ماسییەکە کتوپڕ ون بوو وەک چۆن دەر کەوت.

بەڵام ئەو ونبوونەی ئەوەی بە نەورەس دەگوت کە وەکوو بێدەنگیی پێش زریان بێ گومان خراپتر دەست پێ دەکاتەوە.

منداڵە بچووکەکە هیوای دەخواست دڵی درۆی لەگەڵدا بکات.

ئەمما بە خیرایی دڵنیا بوو کە دڵی ڕاست دەکات، لەبەر ئەوەی هەر لەو ساتەدا شتێکی گەورە لەناو ئاوەکە هاتە دەرەوە؛ شتێکی مەترسیدار بەرەو ڕووی ڕەعد.

**

ئەو شتەی کە لە ئاوەکە هاتە دەرەوە، ئەمە بوو:

بوونەوەرێکی ڕەشی ترسناک کە لەشی بە پووڵەکە داپۆشرابوو، هێندە پیر بوو هەستت دەکرد پێستی تیمساحی پێوەیە نەوەک پووڵەکە، هەر دەمی هێندەی ئەوە گەورە بوو کە سێ کەس بە جارێک قووت بدات.

ئەو وەحشە دەگەڕایەوە بۆ هۆزی وەحشە زەبەلاحەکان، پێدەچوو زۆریشی برسی بووبێت، ئەوەش وای کردبوو سەر بکەوێت بۆ کەنارەکە تاکوو نێچیرێک بۆ خواردن بدۆزیتەوە.

ڕەعد لە جێی خۆیدا وشک وەستا، دەستی کرد بە وەڕینێکی پڕ لە ترسولەرز.

لەو کـــاتەدا نەورەس شـــتێکی نـــامۆی بەســـەر هـــات، کە ترسەکەی بوو بە تووڕەیی.

– تـــووڕەیی هەســـتێکی لە ناخیـــدا لەرزانـــد، وەک ئەوەی لە ناخیدا گڕکانێک لە خـوێن هەڵبقووڵێت، بەرەو ڕووی وەحشـەکە هاواری کرد:

– نەکەیتت نەکەیتت ئازاری براکەم بدەیت.

دەنگـــی نەورەس گەیشـــت بە غەیـــاس، کە لەســـەر بەردەکە دانیشـــتبوو، هەر کە ئەوەی بیســـت ڕاســـتەوخۆ بەرەو بەشـــی پشـــتەوەی دورگەکە ڕای کـــرد. ئەوە یەکەمـــین جـــار بـــوو کە مەترســـییەکی ئەوەنـــدە گەورە بەدی بکـــات کە ڕووبەڕووی سەگەکەی دەبێتەوە.

غەیاس دەیتوانی بچێتە نێوانیان و درندەکە بوەستێنێت، بەڵام ئیستێکی کرد، چونکی شتێکی سەیر لە بەرانبەریدا ڕووی دەدا:

چاوی چەپی نەورەس وەکوو ڕەنگی خوێن سوور بووبوو و وزەیەکی سەیر لە نێو دەستەکانیدا دەر دەکەوت.

لە ڕاستیشـــدا وەحشـــەکە دەیتـــوانی لەو مـــاوە کەمەدا پـــارووەکەی قـــووت بـــدات و بگەڕێـــتەوە نێـــو دەریـــاکە، بەڵام

جـــوولّەی نەکـــرد، هۆکارەکەشـــی نەورەس بـــوو کە بە هێـــزە سەرسووڕهێنەکەی ڕای گرتبوو.

ئەو هێـــزەی لە دەســـتەکانی نەورەســـەوە دەر چووبـــوو، بەرەبەرە گەورە دەبوو هەتاکوو وەکوو خۆرێکی بچـووکی لێ هات.

پاشـان بە خێرایـی بەرەو ڕووی وەحشـەکە وەشـاندی. بـۆیە دەریاکە بوو بە دوو کەرتەوە و وەحشەکەش لەگەڵیدا.

دڕندە زەبەلاحەکە کەوتەوە نێو دەریاکە.

**

نەورەس نەیدەزانی ئەو هێزە سەیرە چی بوو کە لە دژی ئەو وەحشـە بەکـاری هێنـا. بە خەیاڵیـدا نەهـات پرسـیاری ئەو هێـزە بکات.

ئەو کاتە تەنها یەک شت بە لایەوە گرنگ بوو:

ڕەعـــد بە ســـەلامەتی ببینێـــت کە دەگەڕێـــتەوە بـــۆ لای خوشکەکەی.

نەورەس کە بە سەلامەت بینیی، دڵخۆش بوو.

دواتر چاوە قاوەییەکان بە شێوەیەکی خۆنەخوازانە داخران.

کەوت بە زەوییـدا، هۆکارەکەشـی ئەو هەمـوو مانـدوویەتییە بوو کە کەمێک بەر لە ئێستا چەشتبووی.

زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوی ڕووە مانگئاساکەی، هەستی بە زمانی سەگەکەی دەکرد کە دەیلێسایەوە، کەمێک هەناسەبرکێی پێ کەوت، بەر لەوەی بە تەواوی لە هەناسەدان بوەستێت. دڵی لە لێدان بەردەوام بوو تاکوو چەند چرکەیەک.

پاشان

وەستا

.

.

.

دڵی لە لێدان کەوت، ئەوەش مانای مردنی بوو.

٢

عیزرا

غەیاس جەستەکەی هەڵگرت و گەڕایەوە ماڵەوە، خستییە سەر تەختەخەوەکەی و لێفەکەی تێوە پێچا. لە ژیانیدا جەنگی زۆری دیبوو، بەڵام جەنگی ژیانکردنی نەورەس بۆ ئەو زۆر گرنگ بوو، بۆیە نەیدەتوانی هەر وا بە ئاسانی دەستبەرداری ببێ.

ئەمەش بوو وای کرد ڕاستەوخۆ ڕوو بکاتە چارەسەرێکی تر کە پێشبینیی کردبوو ڕۆژێک لە ڕۆژان پەنای بۆ ببات، خەنجەرێکی بچووکی لە نێو دۆلابەکەی دەر هێنا و نێو لەپی چەپیی پێ بریندار کرد و دواتر لەسەر پارچە چەرمەکە شتێکی نووسی.

ئەو شتەی کە غەیاس نووسیی، تەنها لە سێ وشە پێک هاتبوو، ئەو سێ وشەیە زۆر لەوە ترسانکتر بوون کە مرۆڤ بتوانێت بە جەستەی خۆی بیاننووسێت.

غەیاس پارچە چەرمەکەی لوول کرد و ئاڕاستەی سەگەکەی کرد.

هەر کە سەگەکە بە قەپ گرتی، پێی گوت:

– بڕۆ بۆ لای عیزرا و ئەم نامەیەی پێ بدە.

ترس ڕوخساری سەگە ڕەشەکەی تەنی، بەڵام هیچ دوودڵ نەبوو لە کردنی کارەکە، بۆیە ڕاستەوخۆ بەرەو چیاکان بەڕێ کەوت، لەوێ ئافرەتێک دەڕیا بە ناوی عیزرا کە ناسناوەکەی **خاتوو بەرزەخ** بوو.

٣

زنجیرە چیاکانی ئیل

گەشتەکەی کاتێکی زۆری خایاند، دەروازەی چیای ئیل کە لە کۆمەڵە بەردێکی هەڵکۆڵراوی شێوە پلیکانە پێک هاتبوو کە دەچووە ژوورەوە، لەسەر سێ بەردی یەکەم ئەم سێ ڕستە وریاکەرەوەیە نووسرابوون:

بوەستە.

لێرەوە مەڕۆ.

چونکە ئەگەر بڕۆیت، دەمریت.

ڕەعد نەیدەزانی بخوێنێتەوە، بەڵام دەیزانی چ چارەنووسێک لە ژوورەوە چاوەڕوانیی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا بیری لە گەڕانەوە نەدەکردەوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی تووندتر قەپی بە پارچە چەرمەکەدا کرد و بەرەو ژوورەوە ڕای کرد.

هەرچەنـــدە لە ژوورەوە دەنگـــی ترســـناک دەهـــات و لەگەڵ سەرکەوتنیدا کۆمەڵێک خێو دەهاتنە سەر ڕێگەکەی، بەڵام هێشتا نەدەوەســـتا و هەر بەردەوام بـــوو لە ڕاکـــردن تـــاکوو گەیشـــتە شوێنی مەبەست:

ئەو ئەشکەوتەی کە عیزرای لێ دەژیا.

**

هەمـــوو ئەوەی دەبـــوو ئەنجـــامی بـــدات، ئەوە بـــوو پـــارچە چەرمەکە فـڕێ بـداتە بەردەم ئەشـکەوتەکە و بـڕوات، بەڵام هەر ئەوەنـدەی دوو هەنگـاو لە دەمـی ئەشـکەوتەکە نزیـک بـووەوە، یەکسەر دەستێکی نادیار مستێکی پێدا کێشا.

بە مردوویی کەوتە سەر زەوی.

٤

ماڵەوە

غەیاس و نەورەس

غەیاس سەگەکەی نارد بۆ مردن کاتێک داوای لێ کرد بچێت بۆ ئەو جێیە، ئەو ناوچەیە ناوچەیەکی قەدەغەکراو بوو و جگە لە پادشا یەمان و چەند کەسێکی دیاری کراوی خێزانەکە، کەسی تر بۆی نەبوو بچیتە ژوورەوە، بەڵام ئەو کەسانەش دەبوو ئەو سێ ڕستەیە بە خۆێنی خۆیان بنووسن ئینجا ڕێگەیان پێ دەدرا.

**

کاتی چاوەڕوانی درێژەی کێشا و وەڵامی پێ نەگەیشت.

تا دەهات ئارەقەی زیاتری دەکردەوە، گەر لە کۆتاییدا گوێی لە دەنگی تەقەی دەرگا نەبا، دوور نەبوو لە خەماندا بکەوێت. ڕاستەوخۆ هیوای بۆ گەڕایەوە.

ئافرەتەکە لە دنیای مردنەوە هاتبوو، ئەسڵەکەی مرۆڤ بوو، بەڵام جەستەیەکی تایبەتی نەبوو وەکوو مرۆڤ، بەڵکوو جەستەی بەتاڵ بوو لە پێست و ئەندامە ناوەکییەکان، تەنها پەیکەرێکی ڕەشی هەبوو کە بە قوماشێکی ڕەشی فراوان داپۆشرابوو.

خاتوو بەرزەخ پارچەیەک لە جلەکەیی بەرز کردەوە و ڕەعد هاتە دەرەوە، بەرەو نهۆمی دووەم بۆ لای نەورەس ڕای کرد.

خاتوو بەرزەخ گوتی:

– هەرگیز بێجگە لەم سەگە هیچ ئاژەڵێکی تر نەیتوانیوە بە زیندوویی لە چیاکانی ئیلەوە بگەڕێتەوە.

ئەوەی بەسەر ئەم سەگەدا هات بەم جۆرە بوو:

دوای ئەوەی خاتوو بەرزەخ ڕەعدی کوشت، نامەکەی لێ کەوت، هەر کە سێ وشەکەی خوێندەوە، زانیی کەوتووە بەسەر سامانێکی زۆردا، بۆیە هێزە تایبەتەکەی بەکار هێنا تاکوو سەگەکە لە مردنەکەی بەئاگا بێنێتەوە.

خاتوو بەرزەخ گوتی:

– تکایە با داواکارییەکەت شایەنی ئەو قوربانییە بێت کە پیشکەشت کردووە.

غەیاس پشتی هەڵکرد و گوتی:

– دوام بکەوە.

**

لە نهۆمی دووی ماڵەکەدا:

غەیاس لێفەکەی لەسەر جەستەی نەورەسی کچی لا دا، ئەو کاتە عیزرا تێگەیشت بۆچی بانگ کراوە.

پرسیی:

– دەمەوێت هۆکارەکە بزانم.

– بەرانبەرەکەیم پێ داوێت، بۆیە هۆکارەکە پەیوەندیی بە تۆوە نییە.

– بە هیچ جۆرێک ڕۆحێک ناگەڕێنمەوە لە جیهانی بەرزەخ ئەگەر هیچی لەبارەوە نەزانم.

ئینجا بابەتەکەی زیاتر ڕوون کردەوە:

– لەم بارودۆخانەدا کات زۆر گرنگە، ئەگەر دەتەوێت کچەکەتت بۆ بگەڕێنمەوە، دەبێت بە خێرایی وەڵامی پرسیارەکەم بدەیتەوە.

بە باسکردنی، برینەکانی تازە بوونەوە:

هەر بۆیە ئارەزووی لەوە نەبوو باسی ڕابردووی بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی خاتوو بەرزەخ داوای لێ کردبوو وەکوو بەرانبەرێک، بۆیە نەدەکرا لەوە زیاتر دوای بخات:

– دەتەوێت چێ بزانیت عیزرا؟

خاتوو بەرزەخ پارچە چەرمەکەی بەرز کردەوە، کە بە خوێن لەسەری ئەم سێ وشەیە:

نوسرابوو:

بەڵێنی جێبەجێکردنی دەدەم.

ئەمەش مانای ئەوە بوو کە ئەو کەسەی بە خوێنی خۆی دەنووسێت، هەر شتێک بنووسێت خاتوو بەزرەخ بۆی جێبەجێ دەکات و لە بەرانبەریشدا دەبێت خاتوو بەرزەخ هەرچییەکی داوا کرد، ئەو کەسە بۆی جێبەجێ بکات، جا هەرچەندیش نەکردە بێت.

خاتوو بەرزەخ گوتی:

– دەمەوێت هۆکاری هەموو ئەوە بزانم، چی وای لە تۆ کردووە ئەم قوربانییە گەورەیە بدەیت بۆ کچێک کە کچی ڕاستەقینەی خۆت نییە؟

٥

نهێنییەکە

لە ڕابردوودا:

غەیاس کچێکی بچووکی بە ناوی **ڕیلان** هەبوو، بەڵام لە دەستی دا. ڕۆژێکیان ڕیلان بە تەنها دەچێت بۆ کەنارەکە و لەسەر بەردەکان باز دەدات، قاچی هەڵدەخلیسکێت و دەکەوێتە نێو دەریاکەوە. هەرچەندی هەوڵ دەدات خۆی دەرباز بکات، بەڵام ناتوانێت. هەموو ئەم دیمەنانە جگە لە سەگە ڕەشە بچووکەکە، کەس نەیدتن. هەوڵی دا بە ددانەکانی بیگەڕێنێتەوە و دەربازی بکات، بەڵام لە کۆتاییدا کچە کەوتە بنکی دەریاکە، سەگە ڕەشەکە هاتەوە دوا و بەهۆی هێزی پاڵنانی شەپۆلەکانەوە، سەری بە بەردێکی تیژ کەوتبوو و بریندێکی قوول کەوتبووە ژێر چاوی، هەر لەبەر ئەوەش لە دوای ئەو ڕۆژەوە بە ڕەعد ناو دەبرا.

**

دوای مردنی ڕیلان باوکی هەموو بەیانییەک دەچوو بۆ لای دەریاکە قسەی لەگەڵدا دەکرد، وەکوو ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان دەریاکە کچە نغرۆبووەکەی پێ بداتەوە.

لە ڕاستیدا؟

دەریاکە ئەنجامی دا.

ئەو بەیانییەی کە ڕووداوەکە ڕووی دا، غەیاس منداڵێکی تازەلەدایکبووی لە نێو بەلەمێکدا کە دۆزیەوە، دەریاکە بۆی ناردبوو، منداڵەکەی لە نێو بەلەمەکە دەر هێنا و ناوی نا نەورەس. بڕیاری دا بۆیە ئەو ناوەی لێ بنێت چونکە وای دانابوو هەر بە ڕاستی دەریاکە کچە نغرۆبووەکەی پێ داوەتەوە.

دوای ئەوەی چیرۆکەکەی گێڕایەوە:

– تکایە عیرزا، ئێستا تۆ تاکە هیوای منیت.

عیرزا یەکێک بوو لەو حەوت کەسەی کە ڕێگەی پێ دەدرا بچێتە نێو بەرزەخەوە، ئەو شوێنەی کە ڕۆحەکانی بۆ دەچن دوای دەرچوونیان لە جەستەدا و بەر لەوەی ڕۆحەکە بچێتە جێیەکی تر کە جگە لە خودای گەورە کەس هیچی لە بارەوە نەدەزانی:

– تکایە بیگەڕێنەوە.

عیرزا لە پەنجەرەکەوە تەماشای تیشکی خۆری دەکرد:

– کاتێکی زۆر تێپەڕ بووە بەسەر چوونەژوورەوەیدا غەیاس.

– مەبەستت چییە؟

– دوای مردن، ڕۆحەکان دەچنە نێو بەرزەخەوە، حەوت سەردارەکە دەتوانن ڕۆحە نوێیەکان بدۆزنەوە کە تازە بۆی چوون، بەڵام بە مەرجێک نابێت کاتی زۆر بەسەر چوونەژوورەوەیاندا تێپەڕ بووبێت.

– ناتوانیت لەجیاتیی ئەو من ببەیت؟

– مردن ئاڵوگۆڕی قبووڵ نییە، بەڵکوو قوربانییەکان بە دەستی خۆی دیاری دەکات.

– چارەسەر چییە؟

– کات وات لێ دەکات لە بیری بکەیت.

– کات ناتوانێت ئەو ڕووداوەم بیر ببات‌ەوە.

خاتوو بەرزەخ بە سەرسامییەوە لێی دەڕوانی و بیری لەو ڕستەیەی دەکردەوە، *کات ناتوانێت ئەو ڕووداوەم بیر ببات‌ەوە*.

دەستی خستە سەر بریندێک کە ماوەیەکی زۆر بوو لە ناخیدا ناشتبووی.

– ئایا هیچ ڕێگەیەکی تر نییە؟

– هەیە، بەڵام گرەنتی نییە.

– هەوڵ بدە.

بەرزەخ پارچە چەرمەکەی هەڵبڕی و ئاگاداری کردەوە:

– باشە، بەڵام ئەگەر نەمتوانی کچەکەت بۆ بگەڕێنمەوە ئەم ڕێککەوتنە هەڵناوەشێتەوە.

– کێشە نییە، بابەتەکە شایەنی سەرکێشییە.

پارچە چەرمەکەی گرت بە دەستییەوە و لە بەرخۆیەوە بە زمانی سامانی (فارسی) چەند جادویەکی خوێند، دەرگایەکی ئاسنینی بۆ کرایەوە کە لە دەریایەکی ڕەشی نامۆ دەچوو، بەر لەوەی بچێتە نێوی گوتی:

– ئەگەر خۆر ئاوا بوو و کچەکەت نەگەڕایەوە، بزانە هەرگیز ناگەڕێتەوە.

٦

تۆفان (زریان)

غەیاس دانەوییەوە و دەستی خستە سەر نێوچەوانی کچە ساردەوەبووەکەی و بە نیگەرانی و خەمەوە لێی دەڕوانی.

ئەو جەنگاوەرە تەواوی تەمەنی تووشی سەرکێشیی زۆر بووبوو، زۆربەی مەیدانی جەنگەکانی دیبوون و بە بەهێزییەوە ڕووبەڕوو بووبووەوە و جگە لە ترس هەموو شتێکی تاقی کردبووەوە. جا بۆیە خۆی لە خۆشەویستی دوور دەگرت، تا ڕووبەڕووی ترس نەبێتەوە.

بەڵام ئەو ڕۆژە بە خۆشەویستییەوە لە کچەکەی دەنواڕی و بۆ یەکەم جار هەستی ترسی چەشت.

کاتی چاوەڕوانی زۆری خایاند، هێندەی نەمابوو خۆر ئاوا ببێت.

لەگەڵ ئەوەی هێشتا جەستەکە سارد بوو، بەڵام هەستی بە جوولەیەکی بچووک کرد. سەری هەڵبڕی و تەماشای کچەکەی

کرد، دیتی ڕەنگی چاوی ئاسایی بووەتەوە و سەری خستە سەر سنگی و خۆشترین دەنگی بیست (لێدانی دڵی کچەکەی).

لە خۆشیاندا گریا.

کـــچەکەی چاوەکـــانیی کـــردنەوە، بەر لەوەی نەورەس بە تەواوی چاوی بکاتەوە غەیاس هەستا و پشتی لێ هەڵکرد، لەبەر ئەوەی ناخۆشـــترین شـــت لای باوکـــان ئەوەیە کە ڕۆڵەکانیـــان فرمێسکەکانیان ببینن.

**

غەیـــاس چـــووە نهـــۆمی خـــوارەوە تـــاکوو چـــاوی بە عیـــزرا بکەوێـــت، ئەو فرمێســـکانەی ســـڕین کە ڕیشـــە ڕەساســـییە درێژەکەییان تەڕ کردبوو. بە پێزانینەوە پێی گوت:

– زۆر سوپاس عیزرا.

پرسیی:

– ئایا دەتزانی کچەکەت ئەو هێزەی هەیە؟

– ســـەرنجم دابـــوو هەنـــدێک نیشـــانەی تـــایبەتی هەبـــوو کە بەوانەدا زانیم هێزیکی تایبەتی هەیە، بەڵام نەمدەزانی هێزەکەی دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە لە کەنارەکەدا دیتم.

– ئێستا دەتەوێت چی بکەیت؟

– ئەو کچە هەڵەشەیە، بێ گومان هیزێکی ئاوا لەم جۆرە هانی دەدات سەرکێشیی زۆر بکات.

– ئایا بیر لە خواردنەوەی لەبیرچوونەوە دەکەیتەوە؟

– دەمەوێت ئەوە لە بیر بکات کە ڕووی داوە، نامەوێت بزانێت کە جیاوازە.

– ئەگەر خۆشت دەوێت ئامۆژگاریت دەکەم ئەو کارە نەکەیت.

– بۆچی؟

– لەبەر ئەوەی لە بەرزەخدا شتێکم بینی.

– چیت بینی؟

عیزرا کە گەڕایەوە بۆ جیهانی بەرزەخ، شتێکی دیبوو کە تایبەت بوو بە یەکێک لە خێزانە جنە ڕەسەنەکان: شتەکە تایبەت بوو بە جومانای کچی جەباری گەورەی خێزانی ئیمپراتۆری پادشای.

عیزرا نەیدەتوانی ئەوەی بینیبووی بە تەواوی گوزارشتی لێ بکات، بەڵام دەیزانی ئەوەی دیبووی لە جیهانی بەرزەخدا بە تەواوی و بۆ هەمیشە مێژووی زەوی دەگۆڕێت.

بۆیە گوتی:

– ئەگەر کچەکەت خۆش دەوێت، ئامۆژگاریت دەکەم لە ئەمڕۆ بەدواوەوە مەشقی پێ بکەیت تاکوو ئامادە بێت بۆ پاڕێزگاریکردن لە خۆی، ئەو کاتەی زریانی خوێن دەست پێ دەکات و هەموو زەوی دەگرێتەوە.

دەروازەی سێیەم

١

کۆشکی مەملەکەتی ئەبابیل

عاسف و تاغین

(زیندان)

عاسف کە هۆشی هاتەوە، خۆیی لە نێو زیندانی کۆشکدا دیتەوە، ژووری زیندانەکە بە تەواوی تاریک بوو و تەنیا لە کونێکی بچووکەوە ڕووناکیی مانگ دەهاتە ژوورەوە.

مێشکی پەرتوبڵاو بووبوو: بۆیە ئاگاداری ئەوە نەبوو کە کەسێک لە پاڵیدا دانیشتووە.

– پێم وایە ئێستا کاتی ئەوەیە ببینە هاوڕێ.

خێرا پەلاماری قسەکەرەکەی دا و دەستی خستە بینی:

– ئێستا کێ لە دەست من ڕزگارت دەکات تاغین؟

تاغین لەو کاتەدا دەیتوانی پارێزگاری لە خۆی بکات، چونکە هێزی تەواوی هەبوو بۆ پەلاماردان و بەرگریکردن و زیانگەیاندن، بەڵام ئەوەندە بەس بوو زەردەخەنە بکات و بڵێت:

– فەرمانم بە هەموو سەربازەکانم کردووە لە زیندانەکە دوور بکەونەوە، ئەگەر دەتەوێت دەتوانیت بمکوژیت و بە ئاسوودەیی ئێرە جێ بهێڵیت.

کەمێک بێدەنگ بوو بەر لەوەی وەڵامی بداتەوە:

– بەڵام دەزانم هیچ لە هاوڕێی داهاتووت ناکەیت.

عاسف کەمێک مێشکی هاتەوە سەر خۆی و ئینجا بۆی دەرکەوت لەگەڵ تاغین لە یەک زیندانداندان.

کە بە دەوری خۆیدا سووڕایەوە، ئینجا زانیی زیندانەکە پاسەوانی تێدا نییە و ئەمەش کاری تاغین نییە، لەبەر ئەوەی تاغین کەسێکی ترسنۆکە، بێ گومان هەندێک سەربازی بە شێوەیەکی نهێنی هەر داناوە.

– بۆچی ئەوەندە دڵنییات کە من ناتکوژم؟

– لەبەر ئەوەی ئەگەر بمکوژیت، ڕاستییەکەت بۆ دەر ناکەوێت.

– چ ڕاستییەک؟

– ڕاستیی ژنەکەت و ڕێگەی پێگەیشتنی.

دوای بیستنی ئەمە یەکسەر دەستەکانی شل بوون لە ملیدا و گوتی:

– چی دەزانیت؟

– دەزانم کە دەتوانم هاوکارت بم، پاشان بە زەردەخەنە پیسەکەیەوە گوتی:

– مـن تـاکه کەسـم که دەتـوانم سـرابی هاوسـەرت بـۆ بگەڕێنمەوە.

عاسف بە جۆرێک لە چاوەکانی تاغین ورد دەبووەوە وەکوو ئەوەی بە دوای شتێکی ونبوودا بگەڕێت.

– بۆچی بەم جۆرە تەماشام دەکەیت؟

– دەمەوێت بزانم دەتوانیت چیم بۆ بکەیت.

– ئێمە گاڵتە بەو کەسانە دەکەین کە بەڵامانەوە گرنگ نین، بەڵام تۆمان بەڵاوە گرنگە.

قسـەکانی ڕاسـت بـوون، عاسـف ئێسـتا لەژێـر چنگیـدا بـوو، لەوەش زیـاتر پێویسـتی بە فرتوفێڵ نەبـوو، چـونکە عاسـف هەر دەبوو بە قسەی بکردایە.

– چی دەزانیت؟

– سەرەتا دانیشە، پێم وا نییە قاچەکانت بتوانن خۆیـان بگرن دوای ئەوەی دەیزانم پێت دەڵێم.

عاسـف لەسـەر ئەو کورسـییە هەڵواسـراوە دانیشـت کە بە دیواری زیندانەکەوە بوو، گوێی بۆ قسەکانی تاغین شل کردبـوو، ڕوونـاکیی مانـگ نیگەرانـی و ترسـی ڕوخسـاری عاسـفی کـوڕی بەحری زیاتر دەر دەخست.

ئەو گێڕانەوەیەی کە ڕاستییە ترسناکەکەی سرابی پێ دەگوت.

٢

پەیامەکانی سولەیمان

عاسف لە قسەکانی تاغیندا هەستی بە شتێکی سەیر دەکرد و هەر چەندی دەیویست لێی بدات زیاتر دەکشایەوە، چونکە شتی زیاتری بۆ دەر دەکەوت.

– تۆ درۆ دەکەیت، سرابی کاری وەها ناکات.

– دەزانم شتەکە هەر وا ئاسان نیە، بەداخەوە کە ئەوە ڕاستییە.

– من باوەڕت پێ ناکەم.

– ڕەنگە باوەڕم پێ نەکەیت، بەڵام ئایا ئەو خاڵانەی پێوەی بووە درۆ بوو؟

بەڵێ، بیری کەوتەوە کە کۆمەڵێک پیتی سەیر کە وەکوو خاڵ لەسەر برۆی چاوی چەپی بوون، ئەو کاتەی هێزەکەی بەکار هێنا.

پرسیی:



– چیانە؟

– ئەوانە هێمای ئەو هێزەیە کە سرابیی هاوسەرت بووەتە خاوەنی، ئەو هێزەی کە جگە لەو شوێنەی بۆم باس کردیت، لە هیچ جێیەکی تر ناتوانێت بەدەستی بهێنیت.

تاغین بەردەوام بوو:

– ئەگەر دەتەوێت لەوێوە بیهێنیتەوە، دەبێت داوای جەنگ بکەیت، لە جەنگیشدا بەبێ یارمەتیی من سەرکەوتوو نابیت، جگە لە سوپاکەی من سوپای مەملەکەتەکانی تریش لەگەڵمدا هاوپەیمان دەبن.

ئەو پرسیارەی کە لە میشکیدا دەهات و دەچوو، ئەوە بوو: ئەگەر تاغین لە قسەکانی دەربارەی سرابی ڕاست بێت، کەواتە بۆچی دەیەوێت یارمەتیی بدات؟ بۆچی مەملەکەتەکەی و تەواوی هاوپەیمانەکانی لەگەڵیدا دێن بۆ شەڕ؟

– بەرژەوەندیی تۆ لەمەدا چییە؟

– کاری خێر و چاکە.

عاسف کەمێک بێدەنگ بوو و گوتی:

– ئایا حەکیم دەناسیت؟

– هاوڕێ مشکەکەت؟ بەڵێ چیەتی؟

– چەند بەهیوام ئێستا لێرە بووایە و گوێی لەو وەڵامەت بووایە، چونکە ئەو تاکە کەسە کە دەیتوانی بە وشەی گونجاو وەڵامت بداتەوە.

– ئەو مشکە زمانی زۆر درێژە.

لەگەل سەختیی بارودۆخەکەدا، بەڵام زەردەخەنەی کرد، زەردەخەنەکەی لەوە بوو وێنای قسەکانی حەکیمی دەکرد ئەگەر گوێی لە قسەکانی تاغین بووایە.

عاسف گوتی:

– گەرەکمە بزانم بۆچی دەتەوێت یارمەتیم بدەیت؟

تاغین دەیزانی ئەگەر بیەوێت متمانەی بەدەست بهێنێت، پێویستە هەموو ڕاستییەکە یاخود نیوەی بۆ باس بکات:

– هێشتا زۆرێک لە خەڵکی و ئەندامانی خێزانی ئیمپراتۆر خۆیان بە قەرزاریاری تۆ دەزانن، هەر بۆیە من وەکوو پادشایەکی تووڕە وەسف دەکەن، دەمەوێت شەرعیەتی پادشایەتیم پێ بدەیت تاکوو خەڵکی بە گوێم بکەن.

ئەوە نرخێکی زۆر بوو کە تاغین لێی دەویست، بێ گومان خێزانی ئیمپراتۆر زۆر تووڕە دەبوون ئەگەر عاسف بەوە قایل بووایە، یاخود ڕەنگە بیانکوشتایە.

تاغین دەستی بۆ درێژ کرد و گوتی:

– ڕازی بە عاسف، هاوسەرەکەت بۆ دەگەڕێنمەوە.

ئایا هەر بە ڕاستی ژیان ناچاری کردبوو دوژمنەکەی ببێت بە دۆستی؟ ئایا هەر بە ڕاستی عاسف دەبێتە سەربازی ژێر دەستی ئەو کەسەی کە عەرشەکەی و خێزانەکەی لێ سەندووەتەوە؟

بابەتەکە زۆر قوڵ بوو، بەڵام چی دەبوو ئەگەر ئەو تاکە ڕێگەی بووایە بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەرەکەی؟

گوتی:

– دەبێت سەرەتا لە ڕاستیی قسەکانت دڵنیا ببمەوە، ئەوسا بڕیار دەدەم.

تاغین لە گیرفانیدا شتێکی دەر هێنا و ئاڕاستەی عاسفی کرد و گوتی:

– ئەمە یەکێکە لە پەیامەکانی سولەیمان.

عاسف وەری گرت و لێی ورد بووەوە، پارچەیەکی لاکێشە بوو کە نووسینێکی لەسەر هەڵکۆڵرابوو:

ئەمە لە لایەن سولەیمانەوەیە.

بە ناوی خودا (بیسمیلاهی ڕەحمان و ڕەحیم) دەست پێ دەکات.

تاغین بەردەوام بوو لە قسەکانی:

– ئەم پەیامە دەتوانێت بتگەیەنێت بە **ئەغاریب**، ئەگەر بگەیتە ئەوێ هەر وەکوو بۆم باس کردیت بە دڵنیاییەوە دەتوانیت بگەیت بە سرابی. دوایی بگەڕێوە بۆ ئێرە، من چاوەڕوانیت دەکەم.

عاسف پارچە لاکێشەکەی کردە گیرفانی و ویستی هەستێتەوە، بەڵام نەیتوانی، هەر وەکوو پێشتر پێی گوتبوو قاچەکانی توانای ئەوەیان نەمابوو بەرزی بکەنەوە.

لە کاتێکدا نەیدەتوانی بەرز ببیتەوە، تاغین دەستی بۆ درێژ کرد تا بەرزی بکاتەوە، ئەوەی سەیر بوو ڕەدی نەکردەوە و دەستی گرت و هەستایەوە.

تاغین بە دڵنیاییەوە پێی گوت:

– پێم گوتیت کە دەبین بە هاوڕێ.

عاسف بەرەو دەرگای زیندانەکە چوو تا بچێتە دەرەوە، هەنگاوەکانی زۆر قورس بوون، وەکوو زیندانییەک کە کۆتوبەند کرابێت، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بیرۆکەکان لە میشکیدا دەهاتن و دەچوون:

– من و تۆ هەرگیز نابینە هاوڕێی یەک.

هەر کە عاسف چووە دەرەوەی دیوارەکانی کۆشک، لە گیرفانیدا ئەو شتەی دەر هێنا کە ناوی **پارچەی ئاراستە** بوو، پارچەیەک چەرمی ڕەش بوو کە لە ناوەڕاستیدا تیرێکی چوارئاراستەی لەسەر بوو.

عاسف خستییە سەر زەوییەکە تا ئاڕاستەی وەرگرت، پاشان چەند دڵۆپە خوێنێکی خۆی خستە سەری کە لە داپیرە سەربیلەوە فێری بووبوو تاکوو هاوڕێکانی بگەڕێنێتەوە.

پارچە چەرمەکە خوێنەکەی هەڵمژی و دواتر هەر چوار ئاڕاستەی تیرەکان بە خوێن سوور بوون.

عاسف چاوەڕێی هاتنی هاوڕێکانی بوو بەبێ ئەوەی هیچ بزانێت دەربارەی ئەو چاوە ڕەشانەی کە وەک بەردی پیرۆز ڕەش بوون کە لە ساتی دەرچوونی لە زیندانەکەوە چاودێرییان دەکرد.

٣

کوڕە دەمامکڕەشەکە

مەملەکەتی نەحاس

پیرەپیاوێـــک بەدەم هـــاوار و داوای یـــارمەتییەوە، بەرەو ناوەڕاســتی بــازارەکە ڕای دەکــرد، ئەوەش وای کــرد خەڵکــی دەورەی لێ بدەن.

کەس دەســتی یــارمەتیی بــۆ درێــژ نەکــرد، نەک لەبەر ئەوەی ویستیان نەبوو، بەڵکوو لەبەر ئەوەی نەیاندەزانی ئەو پیاوە لاڵە چیی دەوێت، کەسێک لەوان گوتی:

– بــا ئەم پیرەپیــاوە دامــاوە بــبەین بــۆ پادشــا تــاکوو داواکارییەکەی جێبەجێ بکات.

**

لەو کاتەدا پادشا ئەدیم کە پادشای مەملەکەتی نەحاس بوو، وەکــوو پیشــەی هەمیشــەی خــۆی لەگەڵ قــافڵەی ســەربازە بەتواناکانیدا سەرقاڵی پیاسەکردن بوو.

خەڵکی نێو بازاڕەکە پیاوە لاڵەکەیان برد بەرەو کاروانی پادشایەتی و لەوێدا پادشا ئەدیم هەوڵی دا لە قسەی پیرەمێردە لاڵەکە تێبگات، بەڵام بێسوود بوو.

لە کاتێکدا هەموو هەوڵەکان بێسوود بوون، کەسێک لە دوورەوە دەر کەوت کە ڕوخساری لە پشتی دەمامکە ڕەشەکەیەوە شاردبووەوە، شمشێرێکی لە پشت بوو کە لە شمشێری سامورایی دەچوو، هێندە درێژ بوو کەمێکی مابوو بەر زەوییەکە بکەوێت، کوڕەکە ئەوەندە بەویقار بوو خێرا هەمووان مەودای ڕۆیشتنیان بۆ کردەوە.

کوڕەکە داوای مۆڵەتی لە پادشا کرد:

– جەنابی پادشا ئەگەر ڕێگەم بدەیت من دەتوانم لە کەسانی لاڵ تێبگەم.

ئەو شێوە قسەکردنەی کوڕەکە هێندە مەترسیدار بوو کە گەورەی پاسەوانەکان گوتی:

– من هیچ ئاسوودە نیم بەو کوڕە گەورەیەم، با بیکوژم یاخود فەرمانی دەستگیرکردنی بدە.

پادشا دەیزانی کوڕەکە هەرچەندی بەهێز بێت، بەو جۆرە مەترسیدار نییە، هەر بۆیە قسەی پاسەوانەکەی فەرامۆش کرد:

– ئەی کوڕی گەنج! پێمان بڵێ ئەم لاڵە چیی دەوێت؟

کوڕە گەنجەکە دەستی خستە سەر دڵی پیرەمێردەکە و گوێی بۆ ترپەی دڵی ڕادێرا، پێدەچوو کوڕەکە لە زمانی دڵەکان تێبگات.

کوڕە دەستی لەسەر دڵی لا دا و دەستبەجێ شمشێرەکەی لە پشتی کردەوە و چەقاندییە دڵی پیرەمێردەکە.

جەماوەرەکە بە بینینی ئەو دیمەنە دڕندانەیە، داوای کوشتنی ئەو کوڕەی کرد، بۆیە پادشا ئەدیم فەرمانی بە پاسەوانەکانی دا:

– دەستگیری بکەن.

کوڕە کات و توانای تەواوی هەبوو بۆ ڕاکردن، بەڵام نەیکرد.

بەڵکوو شمێشرە درێژەکەی خستەوە پشتی و لە جێی خۆی وەستا.

پاسەوانەکان هێرشیان کردە سەر تەنها بەرپرسەکە نەبێت، لەبەر ئەوەی خەرمانەیەکی تەنک دەوری ئەو کوڕەی دابوو و نەیدەهێشت پاسەوانەکان لێی نزیک ببنەوە.

بەرپرسی پاسەوانەکان کە پێی وا بوو بارودۆخەکە جێی مەترسییە، فەرمانی دا ببنە قەڵغانێک بۆ پادشاکەیان.

کوڕەکە هۆکاری کارەکەی ڕوون کردەوە:

– ئەم پیاوە لاڵە فێڵێک بوو بۆ تۆ نێردرابوو جەنابی پادشا.

تەواوی جەماوەرەکە هێشتا داوای کوشتنیان دەکرد و پاسەوانەکانیش هەوڵیان دەدا خەرمانەکەی بشکێنن، بەڵام کەس باوەڕی بە قسەکانی نەدەکرد، هەر بۆیە دەبوو بەڵگەیەک بخاتە ڕوو.

لە گیرفانیدا ماددەیەکی شینی دەر هێنا کە ناوی **خوێنی ئەستێرەی شین** بوو، ئەوەش بۆ بەتاڵکردنەوەی جادوی گۆڕان بەکار دەهێنرا.

کوڕە گەنجەکە چەند دڵۆپێکی خستە سەر جەستەی پیاوە لاڵەکە و شتێکی زۆر سەیر ڕووی دا کە تەواوی جەماوەرەکەی بێدەنگ کرد.

ئەوەی کە ڕووی دا بە تەواوی ئەمە بوو:

جەستەی پیاوە لاڵەکە گۆڕا.

گەڕایەوە بۆ بارودۆخی ئاسایی خۆی:

جەستەی دێوێکی ڕەشی پیسی ناشیرین.

**

کوڕە دەمامکڕەشەکە بابەتەکەی ڕوون کردەوە:

– ئەم دێوە شێوەی مرۆڤی وەرگرتبوو تاکوو بتکوژێت جەنابی پادشا.

پاشان ڕووی کردە خەڵکەکەی دەوروبەری و گوتی: «بەڵام جەنابی پادشا مەترسییە ڕاستەقینەکە ئەمە نەبوو کە ڕووی دا، بەڵکوو ئەوەیە کە کەمێکی تر دێت.»

توانیی پادشا بە قسە بهێنێت.

– مەبەستت چییە؟

– هۆزی غولەکان بەڕێوەن بۆ ئێرە.

هەر کە ئەوەیان بیست، ترسیان لێ نیشت و منداڵان دەستیان کردە گریان و ئافرەتان قیژەیان لێ هەستا و ترس و بیم نیشتە دڵی هەموان،دەیانزانی غولانی دەستکراوە و خراپەکار، خاوەنی هێزێکی چەندە گەورەن.

چونکی مەیدانی بازارەکە شوێنێکی کراوە بوو، لە کاتی پەلامارى غولەکاندا ژیانی پادشا ئەدیم بە ئاسانی دەکەوتە مەترسییەوە، بۆیە بەرپرسی پاسەوانەکان گوتی:

– دەبێت بە خێرایی بگەڕێینەوە بۆ کۆشک جەنابی پادشا.

**

کۆشکی پادشایەتیی مەملەکەتی نەحاس

هۆڵی کۆبوونەوە

پادشا ئەدیم هەر کە گەیشتەوە کۆشک، بە پەلە داوای کۆبوونەوەی لە سەرجەم سەرکردەکانی جەنگ کرد تاکوو بتوانن ڕۆحی خۆی و ئەوانەی لە مەملەکەتەکەدا دەژین، ڕزگاری بکات.

لەبەر ئەوەی زانیارییەکە زۆر درەنگ گەیشتبووە دەستیان، نەیاندەتوانی هیچ کارێک بکەن، وەکوو بانگکردنی هاوپەیمانەکانیان تاکوو بتوانن پارێزگاری لە خاکەکەیان بکەن، هەموو ئەوەی دەبوو بیکەن، تەنها ئەوە بوو تۆزێک زیانەکان لەسەر خۆیان سووک بکەن.

پێش ئەوەی کۆبوونەوەکە تەواو ببێت، هەمووان هەستان، بەڵام کەسێکی چاوەڕوانەکراو هاتە نێو کۆبوونەوەکە. ئەو کەسەش کوڕە دەمامکڕەشەکە بوو.

کوڕە گەنجەکە گوتی:

– دەتوانین یارمەتیت بدەین تاکوو بەسەر هۆزی غولەکاندا سەر بکەویت.

بە وشەی کۆ دەستی بە قسەکانی کرد، ئەمەش وای کرد پادشا و هەموو ئەوانەی لەوێ بوون، ڕاستەوخۆ سەرنجیان بچێتە سەری، پێیان وا بوو مەبەستی لە سوپایەکی تەواوە.

بەڵام لە نێو کۆشکەکەدا جگە لە کوڕەکە و کەسێکی تر و باڵندەیەک، کەسی تری لێ نەبوو. یەکەمیان کوڕێکی ڕەشئەسمەر بوو کە ڕوخساری لە گورگ دەچوو، دووەمیش باڵندەیەکی سوور بوو کە بە عەنقا ناو دەبرا.

پادشا گوتی:

– سوپاکە لە کوێیە؟

– ئێمە سێ کەسین، ئەوەش بەسە تاکوو بتوانین پارێزگاری لە ئاسایشی مەملەکەتەکە بکەین.

– بۆچی متمانەت پێ بکەم؟

– لەبەر ئەوەی هیچ بژاردەیەکی ترت نییە.

یەکێک لە فەرماندەکان بە پادشای گوت:

– گەورەم تەواوی ڕێکارە ئەمنیەکانمان گرتوونەتە بەر، پێویستمان بە هاوکاریی کەسانی سەیروسەمەرە نییە.

کوڕە دەمامکڕەشەکە بە فەرماندەکەی گوت دەربارەی هەڵەکەیان:

– دوژمن به ئاسانی دێتە نێو خاکەکەتانەوە، دڵنیا بە ئەو ڕێکارانەی گرتووتانەتە بەر، جگە لە خراپترکردنی بارودۆخەکە هیچیان لێ ناکەوێتەوە، چونکە خەڵکەکە ناتوانن ڕۆحی خۆیان ڕزگار بکەن بەهۆی دەروازە داخراوەکانەوە، بۆیە زۆر بە ئاسانی دەبنە خۆراکی غولە برسییەکان.

پادشا گوتی:

– لە بەرانبەردا چیت دەوێت؟

– بەڵێننامەیەک بە مۆری پادشایەتییەوە.

– چ بەڵێنێکت دەوێت کە پێوەی پابەند بم؟

– دەمەوێت مەملەکەتەکەت و هاوپەیمانەکانی ئامادەیی یارمەتیدانی عاسف و خێزانی ئیمپراتۆر بن لە هەر جەنگێکدا کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

پادشا کە لەم بارودۆخانەدا سیاسەتێکی ڕوونی هەبوو، گوتی:

– مەملەکەتی نەحاس ڕەدی دەکاتەوە تێکەڵ بەو شەڕانە ببێت کە پەیوەندیی پێوەیان نییە.

– جەنابی پادشا ئەگەر بەو داوایە قایل نەبیت، ئەوا سبەی شتێک بوونی نابێت بە ناوی مەملەکتی نەحاس، لەبەر ئەوەی غولەکان بە ئاسانی هێرش دەکەنە سەر خەڵکەکەت و دەگەنە سەر عەرشەکەشت.

لەو کاتەدا یەکێک لە پاسەوانەکان بەبێ مۆڵەتی هاتنە ژوورەوە:

– غولەکان دەستیان بە هێرش کرد.

یەکسەر پادشا ئەدیم هۆڵەکەی جێ هێشت و بە پارچە کاغەزێکەوە هاتەوە تاکوو بەڵێننامەی مەملەکەتی نەحاسی و هاوپەیمانەکانی تێدا مۆر بکات کە لە هەر جەنگێک کە عاسف دەیکات، لە پشتی دەبن و لە بەرانبەردا ئەو کوڕە گەنجە لە هێرشی غولەکاندا دەیانپارێزێت.

کوڕەی گەنج کاغەزەکەی لوول دا و کردییە نێو جانتاکەیەوە و پاشان ڕۆیشت.

پادشا وەستاندی:

– گەنجۆ ئایا بەر لە ڕۆیشتنت ناوی خۆتمان پێ نالێیت؟

کوڕەکە ناوی خۆی پێ گوتن و لە هەوادا ون بوو، پادشا و هەموو ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، ناوەکەیان لە یاد نەدەکرد و هەمیشە چیرۆکەکەیان بۆ نەوەکانی دوای خۆیان دەگێڕایەوە.

گەنجەکە ناوی شیمالی بوو.

**

باڵندە سوورەکە، ئیکلیل لە کاتی هێرشدا: باڵە گەورەکانیی کردنەوە و گەردەلوولێکی گەورەی هەستاند کە بووە هۆی لوولدان و تێکشکاندنی کۆمەڵەیەکی زۆر لە غولەکان.

لەو کـاتەدا کە غولەکـان سـەرقاڵ بـوون لە بەرگریکردنـی خۆیان بەرانبەر ئەو تۆپەڵە ئاگرانەی کە **ئیکلیل** دەیوەشاندن، ئەو بووە گـورگ و پەلامـاری کۆمەڵی غولەکانی دەدا تـاکوو گەیشت بە سەرکردەکەیان و کوشتی.

شـیمالیش شمشـێرەکەی بەکـار نەهینـا، بەڵکـوو ئەو هێـزە ئەسیرەییەی بەکار هێنا کە بەم کۆتاییانە فێری بووبوو (**زانستی ئەرکائیل**)، بە ئاسانی دەیتوانی غولەکان بکات بە دوو دەستەوە و پاشان دەیدان بە یەکدا، بەو جۆرە بەبێ ئەوەی خـۆی ماندوو ببێت غولەکان یەکیان دەکوشت.

هەر کە شـەڕەکە تەواو بـوو، هەرسـێ هـاوڕێکە شـوێنەکەیان جێ هێشت و چـوون بە دوای هاوپەیمـانێکی تـازەدا دەگەڕان کە بـیخەنە پـاڵ خۆیـانەوە، باڵنـدە عەنقـاکە سـەرنجی شـتێکی دا لە جانتاکەی شمالیدا و گوتی:

– دەدرەوشێتەوە.

شـمالی دەسـتی خسـتە نێـو جانتـاکەی و پـارچەیەک چەرمـی دەر هێنـا کە لە ناوەڕاسـتدا جـادوێەک بە ڕەنگـی سـوور دەر کەوتبوو:

ئەوە گەڕانەوە بـوو، گەڕانەوە بـۆ لای عاسـفی هاوڕێیـان، هەرسێکیان جادوەکەیـان خوێندەوە تـاکوو چـوونە نێـو پـارچە چەرمەکە و پاشان لە نێویدا ون بوون.

٤

نێردراوی پەرجوو

جەژنی سالانەی مەملەکەتەکانی بەشی باکوور بوو، ئەو ڕۆژەش پادشا و شازنەکان لە کورسیی پێشەوە و خەڵکەکەش لە پیاو و ژن لەسەر کورسییەکانی دواوە دانیشتبوون و چاوەڕێی دەرچوونی نێردراوەکە بوون لە نێو خێمە گەورەکەدا بێتە دەرەوە. کە بە بڕوای خۆیان خودا ئەو شتانەیان بۆ پێ دەڵێت کە لە گونـاح و تاوان پاکیان دەکاتەوە، بەو جۆرە شوێنییان لە بەهەشتدا مسۆگەر دەبێت.

لە نێو خێمە گەورەکەدا

نێردراوی پەرجووی بالاکۆڵ بەر لەوەی بچێتە بەردەم جەماوەرەکەی دەرەوە، لە بەردەم ئاوێنەیەکدا وەستابوو و خۆی چاک دەکرد.

لەو کاتەدا دەنگی ئافرەتێک لە دواوە هات کە گوتی:

– بۆ پێم ناڵێیت بەتەمای چیت؟

– دەمەوێت زانستەکانی خودایان بۆ بگوازمەوە خوشکێ.

کـچەکە لە ڕوخسـاری ورد بـووەوە: نێـردراوی پەرجـوو مشکێکی بچکۆلە بوو، با بڵێین مشکێکی قسـەکەر، ڕاستە بـاڵای کورت بوو، بەڵام زمـانێکی درێژی و ڕیشـێکی درێژی بزنئاسـای هەبوو.

گوتی:

– سەرسـامم بەو درۆیـانەت کە خەڵکـی بـاوەڕی پـێ دەکەن ئەی حەکیم.

حەکیمەکە ئاگاداری کردەوە:

– وسسـس، دەنگـت نـزم کەرەوە بەرقـا، ئەگەر پادشـا و شاژنەکان بزانن درۆیان لەگەڵدا دەکەین بێ گومـان دەمـانکەن بە خوانی ئێوارەیان.

لەگەڵ ئەوەی بەرقـا و حەکـیم مـاوەیەکی زۆر بـوو پـێکەوە بوون، بەڵام هێشتا بەرقا وەک هەموو جارێ سەرسام دەبوو بە کەسایەتییە شێتە نامۆکەی حەکیم.

حەکـیم توانیبـووی هەسـتە بزواوەکـانی فەرامـۆش بکـات و سـەرنج بخـاتە سـەر زمـانە درێژەکەی و گرنگی بە هـیچ شـتێک نەدا، فەرامۆشـکردنێک بە جۆرێـک خـۆی بیـری لـێ دەکـردەوە و ڕێگەی بۆ دادەنا و کاروبارەکانی پێ چاک دەکرد:

ئەوە وای کرد ڕۆژێکیان بڵێت:

– هەرگیز پێشتر کەسێکی وەکوو تۆ بێباکم نەناسیوە.

حەکیمەکە ئەو کاتە پێی گوت:

– من کەسێکم ئەگەر سەرم هەڵدرێت، بێگومان بە ئەقڵی تێدا نادۆزیتەوە، بەڵکوو جووتێک پێڵاوی کۆنی پیسیی تێدا دەدۆزیتەوە، بەڵام هێشتا من ئاقڵترین و شێتترین کەسی سەر ئەم زەوییەم.

**

پادشاکانی ناوچەی باکوور بە یەکێک لە بەهێزترین پاشا هاوپەیمانەکانی خاکی دێرین دادەنران، حەکیمەکەش توانیبووی هەڵیان بخەڵەتێنێت بەوەی کە ئەمە نێردراوی ئاسمانە و پەیامی خودایان پێ دەگەنێت، ئەوانیش باوەڕیان پێ هێنابوو، بەپێی لێکدانەویان بۆ بابەتەکە: ناکرێت مشکێک بکەوێتە قسە وەکوو ئەوان ئەگەر هەر بە ڕاستی نێردراوی خودا نەبێت.

بەرقا دەیزانی بارودۆخەکە چەندە مەترسیدارە، چوکە ئەگەر یەکێک لە پادشاکان یاخود شاژنەکان بە درۆکەیان زانایبا، ئەوکاتە بێ گومان دەیانکوشتن.

بەرقا:

– دانی پێدا دەنێم کە هەرگیز لێت تێنەگەیشتووم، بەڵام تەنها لە یەک شت تێدەگەم، ئەویش ئەوەیە ڕەنگە ئەم سەرکێشییەی تۆ ببێتە هۆی کوشتنمان، دەبێت ئیتر واز بێنیت هەی گەمژەی بێمێشک.

– ششش.

– ناوەستم هەتاکوو نەوەستیت.

– کێشە نییە بەردەوام بە لە لۆمەکردنم، تەنها بە دەنگی نزم.

نە وەستا لە لۆمەکردنی و نە دەنگیشی نزم کردەوە، ئەوەش حەکیمی تووڕە کرد:

– فێڵەکەمان ئاشکرا دەکەیت هەی مانگا.

بێدەنگی دایگرت، دەیویست لەو شۆکە تێبگات:

– ئەوە ئێستا وتت چی؟

– گوتم مانگایت، ئەوە تاکە شتە کە ڕوونی دەکاتەوە بۆ بێدەنگ نابیت.

بە تووڕەبوونەوە:

– دەزانی چی؟ ڕاست دەکەیت من مانگام، چونکە هێشتا لەم یارییەدا لەگەڵت بەردەوامم، بەڵام لەمڕۆ بەدواوەوە تۆ بە ڕێی خۆت و منیش بە ڕێی خۆم، هەرگیز نامدۆزیتەوە.

هەموو ئەوەی پێویست بوو بیکات ئەوە بوو بێدەنگ ببێت و داوای لێبوردنی لێ بکات تاکوو هێوری بکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بێدەنگی یەکێک نەبوو لەو شتانەی حەکیم بتوانێت ڕادەستی بێت، بۆیە گوتی:

– باشە دەی فەرموو بڕۆ.

بۆ ئەوەی زیاتر تووڕەی بکات:

– بەڵام وریابە شوانی مانگاکان نەتبینێت، گەرنا دەکەوێتە کێشەیەکی گەورەوە.

ئەو قسەیەی وەکوو ئەوە وا بوو ڕۆن بەسەر ئاگردا بکات.

لە جێی خۆی وەستا:

– خەمت نەبێت ناڕۆم تاکوو ڕاستییەکەتیان پێ نەڵێم.

– کەواتە دەبیت بە خواردنی ئەوان.

– بەلامەوە گرنگ نییە.

– لە کاتی نانخواردندا ئەوانم دیوە تەنانەت ئێسقانەکانیش بە ساغی ناهێڵنەوە.

ئەم جارە بە دەنگی بەرز گوتی:

– پێیان دەڵێم کە تۆ جگە لە مرۆڤێکی خراپ هیچی تر نییت و کەسێک جادوی لێ کردوویت و بوویت بە مشک، پێیان دەڵێم کە تۆ کەسێکی درۆزنی زماندرێژی...

لەپڕ بێدەنگ بوو، چونکە:

کەسێک هاتە نێو خێمەکەوە، یەکێک لە پیاوەکانی پادشایانی باکوور، ئەویش حەپەسابوو بەو دیمەنەی کە لە بەردەمیدا ڕووی دەدا:

حەکیمەکە هۆکاری سەرسامییەکەی دەزانی، بۆیە بە بەرقای گوت:

– فیڵەکەمان ئاشکرا بوو، ئێستا دڵخۆشیت؟

لە بەرخۆیەوە: «داوای لێبوردن دەکەم.»

لەگەڵ ئەوەی بارودۆخەکە سەخت بوو، بەڵام نەیتوانی لە پێکەنین بوەستێت، بەرقا پێی سەیر بوو بۆ بەم شێوەیە پێدەکەنێت:

– چیتە؟

– بۆچی دەنگت نزم دەکەیتەوە، خۆ درۆکەمان ئاشکرا بووە، ئەی پێم نەگوتیت تۆ مانگایت؟

– دووبارەی بکەیتەوە دەتکوژم.

– خۆت ماندوو مەکە، ئەو پیاوانە ئێستا دێن لە جیاتی تۆ دەیکەن هەی مانگا.

هێندەی نەمابوو لەگەڵیدا بکەوێتە شەڕ، بەڵام پاسەوانە حەپەساوەکە بە حەکیمەکەی گوت:

– نووری ئیمان لە دەموچاوت دەباریت ئەی نێردراوی پەرجوو.

هەدووکیان لایان بۆ کردەوە، بەرقا و حەکیمەکە زەردەخەنە کەوتە سەر لێویان، دڵخۆش بوون بەوەی پاسەوانەکە بە ڕاستییەکەی نەزانیوە، بۆیە دووبارە بوونەوە بە هاوڕێ.

– هەمووان لە دەرەوە دەیانەوێت گوێیان لە قسەکانیان بێت.

حەکیمەکە کەمێک شڵەژا، چونکە هێشتا ئامادە نەبوو بچێت جەماوەرەکە ببینێت، دەترسا شڵەژانەکەی ببێتە هۆکاری ئاشکرابوونیان.

بەرقا:

– نازانم بەتەمای چیت، بەڵام متمانەم پێتە.

قسەکانی هێندە سادە و ڕاستگۆیانە بوون، گەیشتن بە دڵی و کاریگەرییان لێ کرد، حەکیمەکە زەردەخەنەیەکی سادە کەوتە سەر لێوی، هەستی دەکرد ئێستا دەتوانێت بە بڕوابەخۆبوونەوە قسەیان بۆ بکات.

لە دەرەوە دەنگی تەپڵەکان دەهات، هەموو چاوەکان لەسەر مینبەرە بەرزەکە بوون و هەر کە نێردراوی پەرجوو هاتە دەرەوە، هەمووان دەمیان داخست و گوێیان بۆ قوڵاغ کرد.

**

نگ

حەکیمەکە دەستی بە قسەکردن کرد:

– سومیا یەکەمین جنی سەر زەوی بوو کە ڕەگەزەکەی دەگەڕایەوە بۆ ئاگر، وەکوو باوکی جنەکان بەڵێنی یەکتاپەرستیی دابوو، بەڵام لەبەر بەتەمەنداچوونی و زۆربوونی نەوەکانی، نەیتوانی بەسەر هەموویاندا زاڵ بێت، ئەوەش وای کرد لە زەویدا خراپەکاری بنێنەوە و خوێنی تێدا بڕێژن تاوەکوو زەوییان کرد بە شوێنێک کە پڕ بوو لە خراپە و تاوانکاری، بۆیە داوای لە خودای گەورەی کرد: «خودایە ئەم قەومە ئازارم دەدەن، تکایە بەزەیت پێمدا بێتەوە.»

حەکیمەکە بیرەنگی دایگرت، سەرنجی ڕوخساری خەڵکەکەی دەدا و لە سەیرکردنەکانەوە دەیزانی دەیانەوێت گوێیان لە شتی زیاتر بێت.

٥

داستانی ئاسمان و زەوی

نێردراوەکە دەگێڕێتەوە

لە بەیانیی یەکێک لە ڕۆژەکاندا سومیای باوەگەورەی جنەکان دەنگێکی سەیری لە ئاسمانەوە بیست هەستی بە بوونی مەترسییەکی تەواو دەکرد، ئاخر ئەو دەنگە لە دەنگی جنەکان نەدەچوو.

سومیا سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی، دیتی بوونەوەرێکی گەورەی بەهێزی چواربااڵ بۆ لای دابەزی، هەستی ترس دایگرت، سەرەتا ئامادەیی هێرشکردنی وەرگرتبوو، وەلێ پێدەچوو ئەو دروستکراوە نەهاتووە بۆ کوشتنی، بەڵکوو هاتووە تاکوو هەواڵێکی پێ بدات:

– تووڕەیی خودا بەسەر دووڕووەکاندا دەبارێت سومیا، ئەوەندەی بتوانم نەوە باشەکانت دەبەم و دەچین بۆ خاکی پیرۆز.

– چ خاکێکە ئەوەی باسی دەکەیت؟

– خاکی مەککە.

دوای چەند ڕۆژێکی کەم زەنگەکانی گەردوون لێیان دا، ئەو زەنگانە مانای نەفرینی ئاسمان بوو بەسەر زەویدا، جنەکان سەریان بۆ ئاسماندا بەرز کردەوە و ئەوەی بینییان ئەوە بوو کە هیوادار بوون کۆتا شت بێت ببینن.

سوپایەکی گەورە، کە فریشتەیەک بە ناوی ئیسرافیل سەرکردایەتیی دەکرد.

**

جنەکان لە ماڵەکانی خۆیان هەڵهاتن، هەموویان کۆ بوونەوە و ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی فریشتەکان بوون. هەردوو سوپاکە بووبوونە شتانێک کە مێژوو شاهیدی جەنگەکەیان بوو، سوپای نوور بەرانبەر سوپای ئاگر.

فریشتە ئیسرافیل یەکەم کەس بوو کە هێرشی کرد: فووی بە بوقە گەورەکەدا کرد و زەوی لە قوواڵییەوە لەرزی، بەوەش بۆ هەمیشە گۆڕا: بەشە وشکەکەی بوو بە حەوت کیشوەر، کە چیا و دۆڵ و دەشتی دروست کرد و لە نێو دۆڵەکاندا هەندێک ڕووبار و دەریا و دەریاچەش دروست بوون.

خودا نەبێت کەس نازانێت دوای چەند ڕۆژێک چارەنووسی زەوی چیی بەسەر هات، فریشتەکان تەواوی دوژمنانی زەوییان

کوشت و ئەوانەی تر کە مابوونەوە، لە مەیدانی جەنگەکە ڕایان کرد و خۆیان لە نێو ئەشکەوتی چیاکان و دوورەکاندا حەشاردا.

دوای ئەوە دیسانەوە زەنگەکانی گەردوون لێ درایەوە.

بانگەوازی سەرکەوتنی فریشتەکان بوو.

**

کاتێکی زۆر تێپەڕی و جنەکان هێشتا خۆیان شاردبووەوە، دەترسان بگەڕێنەوە بۆ خاک و نیشتیمانی خۆیان، بۆیە بڕیاریان دا هەر لەوێدا بمێننەوە تاکوو ڕۆژێک دێت هەموو شتێک دەگۆڕێت، بەر لە خۆرئاوابوونی ڕۆژی هەینی، بە چەند چرکەیەک جنەکان سەریان بەرز کردەوە و ئەوەی بینییان لەسەریانەوە، لە مردن قورستر بوو.

دیتیان کە دروستکراوێکی نامۆی لەقوڕدروستکراو بە یاوەریی فریشتەکان لە بەشی ڕۆژهەڵاتی زەوی دابەزی، پاشان دەنگێک لە ئاسمانەوە بانگەوازی ناوەکەی دەکرد:

ئادەم!

دوای ئەوە بینیـان فریشـتەکان کەسـێکی تریـان پێـیە کە لە بەشی ڕۆژئاوای زەویدا دایاننا و لە ئاسمانەوە بانگیان دەکرد:

حەوا!

جنەکان لە نێو خۆیاندا کەوتنە مشـتومڕ تاکوو ڕاسـتییەکەیان بۆ دەر کەوت:

خودای گەورە بە دروستکراوێکی تر شوێنی گرتنەوە.

لەو ڕۆژەوە جنەکان بوون بە دوو بەش:

جنە باشەکان قایل بـوون بە سزاکەیان، جنە خراپەکانیش کە بـوون بە **شـەیتانەکان**، ئامانجێکیـان بـۆ خۆیـان دانـا کە ئەویـش تۆڵە بکەنەوە لە نەوەکانی ئـادەم و حەوا کە زەوییـان لـێ داگیر کردوون.

**

حەکیم لەوێدا چیرۆکەکەی ڕاگرت، بەڵام خەڵکەکە هێشتا بە گوێقـــوڵاغی مـــابوونەوە و چـــاوەڕێی زیـــاتر بـــوون، بە

سەرسامییەوە تەماشایان دەکرد، هەستی کرد پلانەکەی سەرکەوتوو بووە:

– جەنگێکی گەورە بەڕێوەیە کە تێیدا شەتیانەکان دەیانەوێت دووبارە ببنەوە نوێنەری زەوی، بۆیە من لێرەدا بە دوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێم کە خودای تاقانە دەپەرستن و ئامادەن ڕووبەڕووی مەترسیی داهاتوو ببنەوە.

بە دەنگێکی پڕ لە جۆشەوە ڕستەکەی گوت:

– دوام بکەون بۆ لابردنی خراپەکاری لەسەر زەوی.

پادشا و شازنەکان هەستانەوە سەرپێ، هەموویان بە جارێک ئامادەیی خۆیان دەربڕی بەرانبەر ئەو جەنگە، حەکیمەکە داینابوو کە جەنگی داهاتووی عاسف دەبێتە جێباسی مێژوو، چونکە ئەمانەش دەچنە پاڵ هاوپەیمانەکانی عاسف.

**

حەکیم لە کۆتا قسەیدا داوای لە پیاوان کرد بچنە دەرەوە و ئافرەتان بمێننەوە.

بەرقا:

– بۆچی داوات کرد پیاوان بڕۆن و ئافرەتان بمێننەوە؟

– تاکوو پاکیان بکەینەوە لە گوناھ و تاوان.

– دەزانم بیر لە چی دەکەیتەوە.

– مم باشە ئەی مانگا دەزانیت ئەو نهێنیانە دەبێت بپارێزرێن؟

– تۆ نەخۆشیت، دەبێت دەرمان وەربگریت.

– ئەمە بەشێکە لە چارەسەر، مانەوە لەگەڵ ئافرەتاندا بەسوودە بۆ تەندروستی.

ئاگاداری کردەوە لە بیرۆکە شەیتانییەکانی:

– سەربیلی فاڵچی داوای لێ کردین کە هاوپەیمانی بدۆزینەوە بۆ عاسف، ئێمەش سەرکەوتوو بووین، تکایە کارەکە بەهۆی گەمژەیەتیتەوە تێک مەدە.

ئامۆژگارییەکەی فەرامۆش کرد، وەکوو هەمیشە تەنها یەک شت لە مێشکیدا دەهات و دەچوو. بەرەو لای ئافرەتەکان چوو وەکوو کەسێکی برسی کە پەلاماری خواردن بدات:

– هێی ئافرەتان.

هەموان بە چاوە بریسکاوییەکانیان تەماشای حەکیمەکەیان دەکرد:

– شەیتانە پیسەکان یەکەم کەس بوون کە قوماشیان دروست کرد، دواتریش کردیان بە جلوبەرگ و کراس.

بەرقا پشتی هەڵکرد و چووە نێو خێمەکە، نەیدەویست بینەری ئەوە ببێت کە پاش کەمێکی تر ڕوو دەدات، لە کاتێکدا حەکیمەکە هەر قسەی دەکرد:

– پێویستە ئەو قوماشانە لە بەرتان بکەنەوە تاکوو لە کاری شەیتان ڕزگارتان ببێت.

حەکیم چاوەڕێی ئەو ساتە پرچێژە بوو، بەڵام بەر لەوەی ئەوە بەدەست بهێنێت کە دەیویست، بەرقا هاتەوە دەر و گوتی:

– دەدرەوشێتەوە.

حەکیمەکە چاوی لەسەر ئافرەتەکان بوو:

– ڕاست دەکەیت بەرقا، جەستەیان پاش کەمێکی تر لە جوانیدا دەدرەوشێتەوە.

– من مەبەستم ئەوە نەبوو هەی نەخۆش.

پارچە چەرمەکەی پشان دا و گوتی:

– تەماشاکە.

حەکیم لە مینبەرەکە هاتە خوارەوە و گەڕایەوە نێو خێمەکە، بەرقا لێی پرسی:

– ئێستا چی بکەین؟

– پێی بڵێ کەمێک چاوەڕوانی بکات، پێی بڵێ حەکیم ئێستا شتێکی گرنگی هەیە و دەبێت بیکات.

– لە هاوڕێکەت گرنگترە؟

– لە باوک و دایکم گرنگترە.

– بەڵام جادوەکە زۆر ناوەستێت، پێش بەسەرچوونی کاریگەرییەکەی دەبێت خێرا بیخوێنینەوە.

لەو کاتەدا بێدەنگ بوو و سەری سووڕاند، بە دەنگێکی پڕ لە داخەوە گوتی:

– بۆچی شتی خراپ بەسەر کەسی باشدا دێت؟

بۆ ئەوەی کەمێک مێشکە نەخۆشەکەی حەکیم ئارام بکاتەوە بەرقا گوتی:

– بەهێزبە، خودای گەورە بەندە باشەکانی تاقی دەکاتەوە.

– پاشان پارچەکەی فڕێ دایە سەر زەوی و گوتی:

– ئامادەیت؟

بە شێوەیەکی سەیر تەماشای دەکرد:

– چیتە؟ بۆچی بەم جۆرە تەماشام دەکەیت؟

– بـۆچی ئەو قوماشـــە لانابەیـت، بەو جـۆرە جادوەکەمـــان پیرۆز دەبێت؟

زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕانەی کرد و گوتی:

– ئەقڵی خۆم ناخەمە ژێر دەستت.

پاشان جادوەکەیان خوێندەوە و ڕایکێشان بۆ ناوییەوە.

دەروازەی چوارەم

١

هاوڕێیان

حەکیم و بەرقا گەیشتن؛ هەر یەکە لە **عاسف و شمالی و ئەوس و باڵندە عەنقاکە** لە چاوەڕوانییاندا بوون.

ماوەیەکی زۆر بوو حەکیم نەیدیبوون، چاوەڕێی ئەوە بوو پێشوازییەکی گەرمی لێ بکەن، بەڵام هەموویان دەموچاویان دابوو بە یەکدا و ئەویش پرسیی:

– چیتانە ئەوە؟ دەڵێیت کۆستتان کەوتووە!

شمالی پێی گوت:

– دانیشتە حەکیم، هەندێک شت هەیە دەبێت تۆش بیانبیستی.

حەکیم دانیشت.

بەرقائیش لە پاڵیدا و ئەوس لە بەرانبەری بوو.

هەموو چاوەکان لەسەر عاسف بوون کە دەبوو ئەو شتانەیان بۆ بگێڕێتەوە کە ئەو کاتەی ئەوانی لێ نەبوون ڕوویان داوە: باسی ئەو تەڵەیەی کرد کە وەزیرە خەیزەران

بۆی نابووەوە و هەروەها بینینی سرابی و پاشان چاوپێکەوتنی تاغین لە زیندانداا.

دوای ئەوەی لە گێڕانەوەکەی تەواو بوو، هاوڕێکان ساتێک بێدەنگی بەسەریاندا تێپەڕی تاکوو لەو شۆکە بێنە دەرەوە کە بیستبوویان.

**

دوای تێپەڕبوونی چەند ساتێک، حەکیمەکە یەکەم کەس بوو کە بێدەنگییەکەی شکاند و بە دەنگێکی پڕ لە تووڕەی و پەستی گوتی:

– بۆچی نەتکوشت؟

– چونکە ئەو نەێنییەی پێ گوتم کە تایبەت بوو بە ونبوونی سرابی.

– ئەو هیچ نازانێت، درۆ دەکات.

– چۆن دەزانت درۆ دەکات؟

– هەموو بوونەوەران بە شیری دایک گۆش کراون، تەنها ئەو بێئەدەبە نەبێت کە بە درۆ و ناپاکی و ستەم گەورە بووە.

حەکیم لە قسەکانی بەردەوام بوو:

– دەتتـوانی بیکوژیـت و قوربـانی بـدەیت بە هەمـوو ئەو سەربازانەی کە لەگەڵتدا بوون، بەڵام وەکوو هەمیشـە تۆ گەمژە بوویت، وەکوو گامێش کەوتیتە ژێر کاریگەریی هەستەکانتەوە.

لە بـارودۆخە ئاسـاییەکاندا عاسـف هەرگیـز تـووڕە نەدەبـوو بەو قسـانەی کە حەکـیمەکە دەیکـردن، بەڵام لەبەر ئەو هەمـوو شـتە ناخۆشـانەی بەسـەریدا هـاتبوون، نەیـدەتوانی بەسـەر بیرکردنەوەکانیـدا زاڵ بێـت، بـۆیە ڕاسـتەوخۆ دەسـتی بەرز کردەوە تـا لێی بدات. جـا چـونکە حەکیمەکە لەچـاو ئەودا لاواز بـوو، هەردوو دەستیی گرت بە دەموچـاوییەوە، لێدانەکەی پێ نەگەیشت، چـونکی شـمالی شمشـێرەکەی دەر هێنـا ڕووبەڕووی عاسف.

عاسفی تووڕە:

– ئایـا بەم جـۆرە هاوڕێکانـت لە ئـامێز دەگریـت دوای ئەو هەموو ماوە زۆرە دابڕانە؟

عاسف هێشتا تووڕە بوو، بۆیە بە دەستەکەی تری پەلامـاری شـمالیی دا، بەڵام شـمالی لەوە وریـاتر بـوو، بـۆیە خەرمـانەیەکی پارێزەری دروست کرد بەرانبەری.

– تووڕە مەبە، چونکە تووڕەبوون کوێرت دەکات.

عاسف دەستی لە هەوادا مابووەوە:

– ئێستا لە دژم دەوەستیتەوە؟

– ئەگەر هەمـوو جیهـان لە مەیـدانی جەنگـدا بەرانـبەرت بوەستنەوە و بە تەنهـا بیت، دڵنیـابە مـن لەگەڵتدا دەبـم، دەزانـم

ڕەنگە نەتوانم هەموو جیهانت لەگەڵدا لەناو ببەم، بەڵام لانیکەم ناهێڵم زەبرەکانت بە تەنها بەر بکەوێت.

عاسف کەمێک هێور بووەوە، دیسان حەکیمەکە قسەیەکی کردەوە: «دەبوو پیاوەتیت بەرانبەر تاغین بەکار بهێنیت، نەوەک بەرانبەر هاوڕێکانت.»

عاسف بە تەواوی کۆنترۆڵی بەسەر خۆیدا لە دەست دا و چاوی چەپی سوور هەڵگەڕا.

شمالی دەبوو هێزێکی زیاتر بەکار بهێنێت، بۆیە شمشێرەکەی خستەوە جێی خۆی و بە هەردوو دەستی دەیویست حەکیمەکە بپارێزێت.

بە حەکیمی گوت:

– بەنەفرەت بیت، ئایا نازانیت چۆن بێدەنگ بیت؟

هەرکە شەڕەکە دەستی پێ کرد، باڵندە عەنقاکە لە ئاسماندا دەهات و دەچوو، بە مانای ئەوەی هەرچییەک ڕوو بدات لەگەڵ گەورەکەیدا دەمێنێتەوە.

بەرقا هەوڵی دەدا ئارامیان بکاتەوە:

– بوەستن.

بەڵام عاسف گوێی نەدەگرت، بەڵکوو بە خێرایی هێرشی کردە سەر شمالی و دەیویست بگات بە حەکیمەکە، یەکسەر کەسێک وەستاندی، ئەو کەسەش ئەوس بوو کە بووبوو بە گورگ.

گوتی:

شازیمانی باوکم له کاتی پارێزگاریکردن له تۆ مرد، زۆر کەسی تر له هۆزەکەم بوونە قوربانی لە ڕێگەی تۆدا، بۆیە تکایە بەر لەوەی هەنگاوی دواتر بنێیت، سەرەتا بیر بکەرەوە.

ئەو قسانە وەکوو زەبرێک وا بوو، گەڕاندیانەوە قاڵبی خۆی: ڕەنگی چاوی ئاسایی بووەوە و بڵندە عەنقاکەش چووە سەر لقی دارێک و وەستا.

دوای ئەوەی هەمووان ئارام بوونەوە، شمالی لە عاسفی پرسی:

– ئەو نهێنییە چی بوو کە تاغین لەبارەی سرابی هاوسەرتەوە پێی گوتیت؟

عاسف سەری دانەواند، دەیویست ڕابکات لە گوتنی ڕاستییەکان.

شمالی دووبارە پرسییەوە:

– ئێمە هاوڕێتین و بە هاوڕێییش دەمێنینەوە، بێ گومان پارێزراو دەبێت.

دوای ئەوەی عاسف بەردەوام بوو لە بێدەنگییەکەی، بەرقا بۆی ڕوون کردەوە:

– ئێمە داوات لێ ناکەین قایلمان بکەیت، ئێمە لە هەموو بارودۆخێکدا لەگەڵتین.

هەموو بارودۆخێک کە پێویست بکات ئێمە دەبینە هاوبەشی خەمت، وەکوو چۆن نان و ئاومان بەش دەکەین، بە هەمان شێوە دەبێت خەمەکانیشمان بەش بکەین.

کەمێک نیگەرانیی ڕەوییەوە، بە قسەکانی دڵخۆش بوو و هەستی دەکرد لە هەموو بارودۆخێکدا هاوڕێکانیی لەگەڵن.

عاسف دەستی کرد بە گێڕانەوەی نهێنییەکە، کەسیان ئاگاداری ئەوە نەبوون کەسێک لە دوورەوە بە چاوەکانی کە وەک بەردی پیرۆز ڕەش بوون، چاودێریی هەموو شتێکی کردووە.

٢

نهێنییە تایبەتەکەی سرابی

عاسف دەگێڕێتەوە

ئەو کاتەی تاغین و ئەوانەی لەگەڵی بوون هێرشیان کردە سەر کۆشکی ئەبابیل و سووتاندیان، شاژنە سرابی منداڵە ساواکەی کە **جومانا** بوو، برد و ڕای کرد بۆ بەشی دواوەی کۆشک و لەوێدا ماوەیەک مایەوە تاکوو یارمەتیی پێ بگات.

بەڵام هەر کە دارودەستەکەی تاغین لێی نزیک بوونەوە، یەکسەر دەبوو پلانەکەی بگۆڕێت بەر لەوەی پێی بزانن، بۆیە بەرەو دەریاکە ڕای کرد کە بەلەمێکی داری لێ بوو لە کەنارەکە، منداڵەکەی خستە نێو بەلەمەکە و پاڵی نا بۆ دەریاکە، هەموو هیوای ئەوە بوو کە خودای گەورە منداڵەکەی بپارێزێت و بە سەلامەتی بگاتە وشکانی.

کاتێکی زۆر تێنەپەڕی بەسەر دوورکەوتنەوەی بەلەمەکەدا، پاسەوانەکان سرابیان گرت و بردیانە زیندانی کۆشک، لەوێدا چاوەڕێی فەرمانی سبەی پادشا بوون کە دەیکوشت.

تاکه هیوای سرابی لەو کاتەدا ئەو جادوە بوو کە مارە کوبرا جنەکە فێری کردبوو بەکاری بهێنێت، بۆیە سێ جار وتییەوە:

ئەی خافینا وەرە ونم بکە.

ئەی خافینا وەرە ونم بکە.

ئەی خافینا وەرە ونم بکە.

هەر کە تەواو بـــوو، ڕاســـتەوخۆ شـــەیتانێکی ڕەنگشـــین کە کۆتێکی ئاسنینی لە دەستدا بوو، لە بەردەمیدا دەر کەوت.

سرابی بە باشی لە یادی بوو کە جگە لە ونبوون، داوای هیچ شتێکی تر لەو شەیتانە نەکات، بەڵام چونکە بێچارە بوو، دەبوو شانسی خۆی تاقی بکاتەوە.

– جگە لە ونبوون، داوای شتێکی ترت لێ دەکەم.

– هەرچییەک تۆ داوای بکەیت خانمەکەم.

ســـرابی هەســـتی بە ســـادەیی کـــارەکە کـــرد، لەبەر ئەوەی شـــەیتانەکە داوای هیچـی لـێ نەکرد، بەڵام لە هەمـان کاتدا زانیـی ئەمە تەڵەیە و گوتی:

– ئایا لە بەرانبەردا داوای هیچ ناکەیت؟

شەیتانەکە دەستەکانیی خستەوە نێو یەکتر و پێی گوت:

– ئەگەر دەتەوێت جگە لە ونبوون شتێکی ترت بۆ بکەم، ئەوا دەبێت دەستەکانم لەم کۆتانە بکەیتەوە.

– چۆن ئەوە بکەم؟

بە شـــێوەیەکی فەرمـــی و وەکـــوو ئەوەی نووســـراوێک بخوێنێتەوە، گوتی:

– کـۆت و بەنـدەکان بەوە ئـازاد دەبـن کە ئـافرەتێکی مـرۆڤ قایل ببێت بە هاوسەرگیریکردن لەگەڵیدا.

سرابی بە تووڕەییەوە گوتی:

– بەڵام من هاوسەرم هەیە.

ئەویش بە تووڕەییەوە گوتی:

– بەڵام هێشتا قسەکانمم تەواو نەکردوون.

بێـدەنگ بـوو تـاکوو قسـەکەی تەواو بکـات، بەڵام شـەیتانی خافینا دووبارە لە سەرەتاوە دەستی کردەوە بە قسەکانی:

– کـۆت و بەندەکانی شـەیتانی کـۆیلە ئـازاد دەبـن ئەو کـاتەی ئـافرەتە مـرۆڤەکە قایـل دەبێـت بە هاوسـەرگیریکردن لەگەڵیـدا، مەرجەکەش ئەوەیە ئافرەتەکە هاوسەری هەبێت.

سرابی بێدەنگ بووبوو، چونکە شـۆک بـوو و بێدەگییەکەشـی زۆری خایاند، بۆیە شەیتانەکە پێی گوت:

– لەم زینـدانە ڕزگـارت نابێـت، مەگەر بە مەرجەکەم قایـل ببیت.

پاشـان گـوتی: «بڵـێ بەڵـێ، لە چاوتروکانێکـدا دەتـبەمە دەرەوە.»

ئەویش نەیدەزانی چیی وەڵام بداتەوە.

هەر کە قایل بوو، چووە دەرەوە، ئەگەر قایلیش نەبووایە ئەوا سبەی پاسەوانەکانی تاغین دەیانکوشت، شەیتانەکە چاوەکانی لە پیسییەتیدا دەدرەوشانەوە، گوتی:

– دەڵێیت بەڵێ؟

هەستی دەکرد دەبێت بڕیار بدات:

– لەم زیندانە دەرم بهێنە ئەی شەیتان.

٣

ئەرکە مەحاڵەکە

هاوڕێکـــان حەپەســـابوون و باوەڕیـــان بەوە نەدەکـــرد کە بیســـتبوویان. دوای کەمێـــک بەرقـــا هەســـتی دەکـــرد ئەوەی بیستوویەتی هەڵەیەکی تێدایە، گوتی:

– ئەمە مانـای وایە ســرابی بەوە قایـل بـووە هاوســەرگیری لەگەڵ شەیتاندا بکات؟

عاسف بە نیگەرانییەوە:

– نـازانم، بەڵام لەبەر ئەوە بـانگم کـردنەوە دەمەوێـت خـۆم ئەوە دڵنیا بکەمەوە.

ئەوس:

– چۆن دڵنیا ببینەوە؟

– بە چوونمان بۆ دەریای زی نون؟

حەکیم کە مەترسیی ئەو شوێنەی دەزانی:

– دەچـین بـۆ ئەوێ تەنهـا بـۆ ئەوەی دڵنیـا ببیـنەوە و خەمەکانمانی بۆ باس بکەین، وایە؟

– نەخێر، بەڵکوو دەچینە نێو دەریاکە.

– گەشتکردن بە بەلەمەوە بە نێویدا بێ گومان مەحاڵە.

– کێ گوتی کە بە بەلەمەوە دەچینە نێوی؟

– ئەی لەسەر پشتی ئاژەڵێک؟

– سوپرایزەکە تێک دەچێت ئەگەر پێت بڵێم.

– تکایە تێکی بدە.

– حەزم لێیە، بەڵام بە مەرجێک دەستی تۆی تێدا نەبێت.

بەرقا لە حەکیمی پرسی:

– بۆچی لەو دەریایە دەترسیت؟

حەکیمەکە هۆکارکەی پێ گوت:

– ئەو دەریایە ئەوەیە کە تێیدا پێغەمبەر یونس بۆ ماوەی چل ڕۆژ کەوتە نێو سکی نەهەنگەکەوە.

ئەو قسـەیەی حەکیم کـردی، هـیچ مەترسـییەکی تێدا نەبـوو، بەڵکوو مەترسییەکە ئەمە بوو کە ئێستا دەیگوت:

– دەڵـێن لەژێـر ئەو دەریـایەدا مەملەکەتێـک هەیە نـاوی **ئەغاریبە**.

پاشان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەملەکەتە دەریاییە کە بۆ ئەو ناوە سەیروسەمەرەیەی هەیە:

– ڕێگە بە هیچ کەسێک نادەن بەسەر ئاسمانی مەملەکەتەکەیاندا تێپەڕ ببێت، دەگێڕنەوە کە هەندێک دەریاوانی کەم کە توانیویانە گیانیان ڕزگار بکەن، بە چاوی خۆیان بینیویانە کە چۆن بەلەمەکانیان تێک شکاون و وەکوو پارچەیەک کاغەز لوول کراون.

لەو کاتەی کە تەواو بوو، بە عاسفی گوت:

– ئایا هیشتا دەتەوێت بچیت بۆ ئەوێ؟

– ئەوە تاکە ڕێگەیە تاکوو بزانم سرابی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو شەیتانەدا کردووە یاخود نا.

– ئایا بیرت لەو ڕێگەیە کردووەتەوە کە بەو دەریایەدا تێپەڕ ببین بەبێ ئەوەی سەرنجی مەملەکەتی ئەغاریب بە لای خۆماندا ڕابکێشین؟

– پێویستمان بەوە نییە، چونکە ئێمە بۆ لای ئەوان دەچین.

بەردەوام بوو:

– لەسەر ئەو زەویییەی کە دەژین، دەروازەی نهێنی هەیە کە دەتوانێت بمانبات بۆ جیهانەکانی تر، نزیکترین دەروازەش کە بمانباتە جیهانێکی تر، دەکەوێتە نێو سنووری مەملەکەتی ئەغاریبەوە.

قسەکانی تەواو نەبوون، دەیزانی هاوڕێکانی پێویستان بە هێندێک کاتە تاکوو لەو بابەتە تێبگەن، ئاخر زانیارییەکانی نوێ و سەیر بوون بۆ ئەوان.

کەمێک بێدەنگ بوو، ئینجا بەردەوام بوو لە گێڕانەوەکەی:

– ئێستا ئەرکی ئێمە ئەوەیە بگەین بە مەملەکەتی ئەغاریب؛ ئەو دەروازەیەی کە دەتوانێت بمانبات بۆ جیهانی خوارەوە، دەڵێن سرابی لە یەکێک لە مەملەکەتەکانی ئەوێیە.

حەکیمەکە گومانی لەوەدا نەبوو کە دەروازەی نهێنی هەن و بە هەمان شێوە گومانی لەوەش نەبوو کە هەندێک جیهانی تر هەبن، چونکە ئەوەی بیستبوو کە گەردوون چەند فراوانە، بێ گومان دەکرێت زەوی و جیهان و نهێنیی تری تێدا بێت کە بە خەیاڵی کەسدا نەهاتووە.

بەڵام گومانی لە یەک شت هەبوو:

– ئەگەر بە شێوەیەکی پەرجووئاسا گەیشتین بە مەملەکەتی ئەغاریب و بە شێوەیەکی پەرجووئاسای تر توانیمان بگەین بەو دەروازە نهێنییەی کە دەمانگوازێتەوە، ئایا دڵنیایت کە لە جیهانی خواروودا سرابی دەدۆزینەوە؟

– نەخێر، دڵنیا نیم.

بێهیوایی ڕوخساریی داپۆشین:

– بەڵام تاغین ئەمەی پێ گوتم.

– ئەم هەموو زانیارییەی لە کوێ بوو؟

– لە یەکێک لە ڕاوێژکارەکانییەوە کە ناوی زیمارە.

– سەیرکە دەتەوێت ئێمە بە ژیانی خۆمان قوربانی بدەین تەنها لەبەر ئەوەی جنۆکەیەک کە ناوی زیمارە، ئەو زانیاریەی پێ داوین؟

عاسف گوتی:

– بابەتەکە تەنها پەیوەست نییە بە سرابییەوە، ئەگەر یەکێک لە ئێوەش ون بووایە و ئەم زانیاریەم بەدەست بگەشتایە و بیانوتبایە لە خۆردا دەتوانم پێی بگەم، ئەوا هەزار ڕێگەم دەدۆزییەوە تاکوو بگەم بە خۆر و ڕزگاری بکەم.

ئینجا ئەوەی لە میشکیدا دەخولایەوە پێی گوتن:

– سەرەتا ئامانجمان ئەوە بوو پادشایەتیم لە تاغین وەربگرینەوە، بەڵام ئێستا ئەرکێکی ترمان هەیە، ئەگەر ئامادە نین لەگەڵمدا بن، من لێتان دەبوورم.

ئەوس گوتی:

– تۆ هەڵەیت، لەبەر ئەوەی ئێمە تەنها لەبەر یەک ئەرک دوات ناکەوین. ڕاستە تاغین دەسەڵاتەکەتی لێ زەوت کردوویت، بەڵام لە چاوی ئێمەدا تۆ هێشتا پادشای ئەبابیلیت. بۆیە ئێمە شوێنت دەکەوین.

– وەکوو پادشایەک، من ڕێگەتان پێ دەدەم شوێنم نەکەون.

شمالی کە شمشێرەکەی تیژ دەکردەوە، هاتە نێو بابەتەکەوە:

– کەواتە با لەبەر هاوڕێیەتی شوێنت بکەوین.

گشتیان پێکەوە هەستان و ئامادەی ڕۆیشتن بوون.

جگە لە حەکیم نەبێت کە خۆی کڕ کردبوو.

عاسف چاوەڕێی ئەوە نەبوو ئەرکێکی وەها گەورە جێبەجێ بکات بەبێ بوونی حەکیم، لە هەمان کاتدا نەیدەویست زۆری لێ بکات.

به گاڵتەوە گوتی:

– شـتی زۆر خـۆش لە دەسـت دەدەیـت ئەگەر لەگەڵمانـدا نەیەیت.

– سوپاس، نغرۆبوون و مردن هیچ خۆشیەکی تێدا نییە بۆ من.

باڵندە عەنقاکە:

– ژیـان بەبـێ هـاوڕێیەتی جیـاوازییەکی وای نیـیە لەگەڵ نغرۆبووندا.

**

هەرچەندە مرۆڤ بە تەمەندا بچێت زیاتر دەست بە ژیانەوە دەگرێت، جا لەبەر ئەوە نییە بیەوێت زیاتر بژی، بەڵکوو لەوە دەترسێت لێپێچینەوەی لێ بکرێت بەرانبەر کارە خراپەکانی.

بۆیە حەکیمەکە هۆکاری ترسەکەی ڕوون کردەوە:

– دەچیـنە جەهەنەمەوە ئەگەر بمـرین، بـۆیە دەمەوێـت ئەو تەمەنەی مـاومە، بە کـاری چـاکەوە بەسـەری بەرم، بەڵکـوو خودای گەورە لێم خۆش ببێت و بمخاتە بەهەشتەوە.

زەردەخەنە کەوتە سـەر لێـوی عاسـف و بـۆ کۆتـا جـار و تەماشای حەکیمی کرد.

پشتی هەڵکرد و بۆ دواین جار گوتی:

– مالّئاوا، ئێمه ئەم جاره بەبێ تۆ دەچین بۆ مردن.

**

عاسف و هاوڕێکانی دوور کەوتنەوە.

هێشتا سنووری دێی جەساسەیان نەبڕیبوو که عاسف هەستی کرد شتێکی بچووک به گیانیدا هەڵدەگەڕێت و لەسەر شانی ڕاستی دانیشت.

لای نەکردەوە، بەڵکوو زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی:

– ئەو شته چی بوو که ڕای گۆڕییت حەکیم؟

– بەهەشت بەبێ ئێوە ناخۆشە، با هەموومان پێکەوە بچینە دۆزەخ.

بەرەو دەریای زێ نون کەوتنە ڕێ، دووریی ڕێگەکە ماندووی کردبوون، بەڵام کەسیان ئاگاداری ئەوە نەبوون کەسێک لە دوورەوە بە چاوەکانی که وەک بەردی پیرۆز ڕەش بوون، چاودێریی هەموو شتێکی کردووە.

٤

ڕووبارەکەی زی نون

تـاغین پێـی گوتبـوو کە دوو ڕێـگەیە هەیە بیگـوازێتەوە بـۆ جیهـانی خـواروو، ڕێگای یەکەم لە دەروازەیەکی سروشـتییەوە کە دەگـاتە سـنووری ئەوپەڕی بـاکووری زەوی کە جیهـانی سـەرەوە و خـوارەوە پـێکەوە دەبەسـتێتەوە، بەڵام ئەوەی کە سەخت بوو، دووریی ڕێگەکە بوو و ماوەی مانگێکت دەویست تاکوو لە مەملەکەتی ئەبابیلەوە دەگەیشتیت بەوێ.

جگە لەوەش، دەروازەکە هـیچ گرەنتییەکـی سـەلامەتی نەبـوو، ئـاخر بە کـۆمەڵە پاسـەوانێکی جیهـانی سـەرەوە و خـوارەوە گیرابوو کە ڕێگەیان بە تێپەڕبوونی کەس نەدەدا.

هەر لەبەر ئەوە بوو عاسف پەنای بردبووە بەر ڕێگاکەی تر کە سەختییەکەی کەمتر بوو، ئەویش لە دەروازەی نهێنییەوە کە دەکەوتە ژێر دەریای زی نون لە مەملەکەتی ئەغاریب.

**

هاورێکـان له کۆتاییـدا دوای سـێ رۆژ له پیـاده ڕۆیشـتنی بەردەوام، گەیشـتنه دەریـای زی نـون، هەموویـان لەسـەر ئەو گـردە بەرزە وەسـتان که بەسـەر دەریـای شـین و گەورەی بەردەمیانیدا دەڕوانی، بەرقا قڕی به دەستییەوه کۆ کردبووەوه و لەبەر بایەکه گوتی:

– ئێستا پلانەکەمان چییه؟

وەڵامی عاسف زۆر ساده بوو: «باز دەدەینه نێو دەریاکه.»

حەکـیمەکه له کەنـاری گـردەکەوه نزیـک بـوو و سـەرنجی شەپۆلی دەریاکەی دەدا:

– ئەمه پلانێکی زۆر باشه، خاوەنەکەی شایەنی ناشتنه.

شمالی:

– من نازانم مەله بکەم.

ئەوس دەنگی خۆی خسته پاڵی و گوتی: «منیش به هەمـان شێوه نازانم به باشی مەله بکەم.»

عاسـف بەبـێ هـیچ پێشـەکییەک بەرەو قەراغـی گـردەکه ڕای کرد:

– دڵنیابن.

پاشان بازی دایه ناو دەریاکه و گوتی: «منیش مەله نازانم.»

کابرای حەکیم که سەرنجی لەسەر عاسف بوو تاکوو له نێو دەریاکەدا ون بوو:

– سڵاوم بگەیەنە بە دایک و باوکم؛ پێیان بڵێ کە بیریان دەکەم.

ئیکلیل بەرز فڕی و پاشان بە شێوەیەکی ستوونی بەرەو قوواڵیی دەریاکە چوو بە دوای گەورە نغرۆبووەکەیدا، شمالیش زۆری نەخایاند بازی هەڵدا و بە دوایدا ئەوس، تەنها بەرقا مایەوە.

حەکیمەکە بە بەرقای گوت:

– دەمزانی تۆ تاکە ئاقڵەکەی ناویانیت.

– دەترسام باز بدەم و دەریاکە قژم تێک بدات.

حەکیمەکە بێدەنگ بوو و تەماشای دەکرد:

– بۆچی بەم جۆرە لێم دەڕوانیت؟

– دەپرسم ئاخۆ دەبێت لە سکی چ مانگایەکی خوالێخۆشبووردا گۆش کرابیت.

– دەزانیت؟ زمانت زۆر دردێژە، هەر ئەوەشە بەرەو دۆزەخت دەبات.

بە پرتەوبۆڵە لە کەنارەکە دوور کەوتەوە و دەیگوت:

– وات لێ دەکەن بۆڵەبۆڵ بکەت و دواتریش لەسەر زماندرێژیت لۆمەت دەکەن.

ماوەیەکی زۆر دوور کەوتەوە لە کەنارەکە و پاشان بە ڕاکردن بەرەو دەریاکە خۆی هەڵدا.

بەرقا:

– چی دەکەیت؟

حەکیم لەو کاتەی کەوتە نێو دەریاکە، شتێکی گوت کە بەرقا نەیتوانی بە باشی ببیستێت، بەڵام دەیزانی کە بێ گومان قسەیەکی ناخۆشی کردووە.

کاتێکی زۆری نەبرد بەرقایش بە دوایدا بازی دا.

بەو جۆرە هەمووان چوونە ناو دەریاکە و بەرەو مەملەکەتەکە دەچوون، کەسیان ئاگاداری ئەوە نەبوون کەسێک لە دوورەوە بە چاوەکانی کە وەک بەردی پیرۆز ڕەش بوون، چاودێریی هەموو شتێکی کردووە، تەنانەت لە نێو قوواڵایی دەریاکەشدا.

٥

ژێر دەریاکەی زی نون

عاسف بەرەو قوولایی دەریاکە دەڕۆیشت، بەڵام هێشتا دەیتوانی بە باشی سەرنج بدات، دەستی خستە گیرفانی و ئەو شتەی دەر هێنا کە تاغین پێی دابوو، پەیامی سولەیمان، پاشان بەو هەوایەی کە لە سییەکانیدا مابوو، فووی پێدا کرد.

لە بارودۆخی ئاساییدا لەبەر کەمیی هەوا دەنگ لە دەمی نەدەهاتە دەر، بەڵام لەو کاتەدا چونکە ئەو پارچەیە ئاسایی نەبوو، بۆیە دەنگێکی بەرزی دەکرد وەکوو ئەوەی فوو بکرێت بە عاجی فیلدا، دەنگەکە گەیشتە قوولایی دەریا تاریکەکە.

لە کاتێکدا زیاتر بەرەو قوولایی دەچوون هەر یەکەیان کەوتە نێو گڵۆپەیەکی هەواییەوە؛

گڵۆپەیەک کە بەتاڵ بوو لە ئاو و پڕ بوو لە هەوا.

هەموو هاوڕێیان دوای کەمێک هۆشیان هاتەوە. لە سەرەتادا هەستیان بە ئاسوودەیی دەکرد، چونکە هەریەکەو هاوڕێیەکی تری دەبینی کە دەتوانێت هەناسە بدات، بەڵام دڵخۆشییەکەیان

زۆری نەخایانـــد و دووبـــارە بەرچاویـــان تاریـــک بـــوو بە بوونەوەرێکی زەبەلاح کە لە بەرانبەریاندا دەر کەوت.

ئەوس هاواری کرد:

– نزیک مەبەوە، نزیک مەبەوە.

بەڵام ئەو شتە زیاتر لێیان نزیک دەبووەوە.

دەروازەی پێنجەم

١

قوولایی ئەشکەوتەکە

تاریکی

جگە لە تاریکی هیچ شتێکی تر لە مێشکیاندا نەبوو،

بەڵام تـاکە پرسـیاری گرنـگ کە لە مێشـکی هەموویانـدا دەخولایەوە، ئەوە بوو:

ئایا ئێمە مردووین یاخود هێشتا زیندووین؟

شـمالی بە هێـزی پەنـجەی ڕوونـاکییەکی کـزی هەڵکـرد و هەموو هاوڕێیان دڵنیا بوونەوە کە باشن.

بەرقا هەوڵی دەدا ئەوە بیر خۆی بهێنێتەوە کە ڕووی دابوو:

– کۆتا شت کە بیرم بکەوێتەوە، ئەوە بوو نەهەنگێکی گەورە وەکوو چیا لێمان نزیک دەبووەوە:

– کەواتە چی ئێمەی هێناوەتە نیو ئەم ئەشکەوتە؟

ئەوس بەهـۆی بـۆنکردنەوە هەوڵـی دەدا شـوێنەکە بپشـکنێت تـاکوو دەرچەیەک بـدۆزێتەوە، بەڵام هیچـی وای نەدۆزیـیەوە بەکەڵکیان بێت:

– وا بزانم ئێمە لێرە گیرمان خواردووە.

حەکیمەکە لە دیواری ئەشکەوتەکە ورد بووەوە و سـەرنجی هەندێک شتی دا:

دیوارەکانی ئەشکەوتەکە شێیان هـەبوو و لەوەش زیـاتر بـۆنی خـۆێ و ماسـییان لـێ دەهـات، گـوێی نووسـاند بە دیـواری ئەشکەوتەکەوە و سەرنجی خۆیی ورد کردەوە.

سوپرایزەکە لێرەدا ئەوە بوو.

لە دیوارەکەوە گوێ لە هەندێک دەنگ بـوو کە وەکـوو دەنگی لێـدانی دڵ وەهـابوو، چاوەکـانی دەرپەریـن، دوای ئەوەی گـوێی دوور خستەوە، بە هاوڕێکانیی گوت:

– ئـــێمە لە نێـــو ئەشـــکەوتندا نیـــین، بەڵکـــوو لە نێـــو نەهەنگەکەداین.

هەموان ڕوویان کردە عاسف.

گشـتیان بێـدەنگ بـوون، ئەوەی کە ڕوون بـوو، ئەمە بـوو بەهـۆی ئەو پەیـامەی سـولەیمانەوە کەوتـوونەتە نێـو لەشـی ئەم نەهەنگە، کەواتە ئێستا دەتوانن پلانەکان جێبەجێ بکەن.

عاسف بە دەنگی بەرز گوتی:

– ئەی نەهەنگ بمانبە بۆ مەملەکەتی ئەغاریب.

٢

ڕێگای قوواڵایی

لە کاتێکدا کە هەموان لە نێو سکی نەهەنگەکەدا بوون، گوێیان لە دەنگەدەنگێکی سەیر بوو کە لە دەرەوە دەهات، ئەوە دەنگی بوونەوەرانی قوواڵایی دەریاکە بوو، بەرقا کە هیچ لەوانە تێنەدەگەیشت، گوتی:

– ئایا ئەم دەنگەدەنگە مانای چییە؟

حەکیمەکە کە پێشتر هەندێک شتی لەو بارەیەوە خوێندبووەوە، پێی گوت:

– لە بڕێک لە کتێبە کۆنەکاندا هاتووە کە پێغەمبەر یونس هەندێک دەنگی هاوشێوەی گوێ لێ بووە و کە پرسیاری کردووە، گوتوویانە ئەوە تەسبیحاتی بوونەوەرانە بۆ ئافرێنەرەکەیان.

هەموو هاوڕێکان هەر یەکەو لە لای خۆیەوە دەیوست بزانێت ئەو تەسبیحاتانە چین، ڕاست بوو لەو وشانە تێنەدەگەیشتن، بەڵام هەر یەکەو لە ناخی خۆیدا دەیوتەوە.

نەهەنگەکە بردنی بۆ قوولایی دەریاکە.

لە بنکی دەریاکەدا مەملەکەتێکی دەریایی هەبوو کە کۆمەڵێک تەلاری بەردینی بەرزی تێدا بووون کە هاوشێوەی چراخان بە لالەی دەریا ڕووناک کرابوونەوە.

نەهەنگەکە لە نزیک مەملەکەتەکە وەستا، چوکو نەدەبوو زیاتر نزیک بکەوێتەوە.

نەهەنگەکە دەمی کردەوە و هاوڕێکان هاتنە دەرەوە، پاشان بە خێرایی هەڵهات و وا پێدەچوو نەیهەوێت چاوی بەوە بکەوێت کە پاش کەمێکی تر ڕوو دەدات.

حەکیمەکە مالئاوایی لێ کرد و گوتی:

– سوپاس ئەی نەهەنگی باش.

ڕووی کردە بەرقا:

– پێدەچێت نەهەنگەکان ئاژەڵانێکی باش بن، کە چووینەوە نیشتمان دانەیەک پەروەردە دەکەم.

– هەست دەکەم باشترە سەرەتا خۆت پەروەردە بکەیت.

حەکیمەکە ویستی وەڵامی بداتەوە کە شتێک ڕووی دا.

ویستی لە بەرقا بپرسێت:

– هەمووان بۆ کوێ...

قسەکەی تەواو نەکرد و بەرقاش ون بوو.

ئەمـلا و ئەولای کـرد، بەلام بنکـی دەریـاکە هێنـدە قـوول و تاریک و ترسناک بـوو کە چـاو چـاوی نەدەبینی، دەیویست دڵی خۆی بەو قسانە بداتەوە و لەبەرخۆیەوە گوتی:

– ئەگەر خێری تێدا بووایە، دەمانەوە.

تەنهـا سـێ هەنگـاو لە نێـو گڵـۆپە هەواییەکەیـدا ڕۆیشـت و ئەویش بە هێرشی لەناکاوی بوونەوەرێک ون بوو.

٣

ئەغاریب

لە جێیەکی تایبەت بە کۆت و بەندکراوەکان، کتومت لەسەر بەردێکی دەریایی بەرز کە ناوی **بەردی دادگاییکردن** بوو، هاوڕێکان خۆیان بینییەوە کە کۆمەڵێک بوونەوەری سەیر دەورەی دابوون: **کە لە سەرەوە لە مرۆڤ دەچوون، کەچی لە بەشی کەمەر بۆ خوارەوە کلکی ماسییان هەبوو.**

سەرکردەکەیان هاتە پێشەوە کە فەرماندەی هێزی دەریایی پەریی دەریاکان بوو و ناوی **دورا** بوو، ڕمێکی ئاڵتوونیی درێژی پێ بوو کە کۆتایی سەرەکەی سێ دەمی تیژی هەبوو:

– بۆچی هاتوون بۆ ئێرە؟

– هاتووین شاژن **ئینکال** ببینین.

– بۆ چی مەبەستێک؟

عاسف هێندەی نەمابوو دۆرا لە بابەتەکە حاڵی بکات، بەڵام قسەکانیی جوینەوە، چوکو بیری کەوتەوە کە تاغین چی پێ گوتبوو:

– ئەو دەرگـایە زۆر نهێنیـیە، بـۆیە هـیچ سـوودێک نابینیـت ئەگەر بە پاسـەوانەکان بڵییت کە دەتەوێت تەنهـا بەو مەبەسـتە شاژن ببینیت لەبەر تێپەڕبوونت بە دەروازەکەدا.

عاسف پرسیی:

– کەواتە چۆن وەڵامیان بدەمەوە؟

– بیـر لە درۆیەک بـکەرەوە، دەبێـت درۆکەشـت بـۆ ئەوان قایلکەر بێت تاکوو شاژنەکەیان ببینیت.

**

مەملەکەتی ئەغاریب پارەی مەملەکەتە گەورەکانی هەڵدەگرت و لە بەرانـبەردا پـارەی وەردەگـرت، ئەو بازرگـانییەش وای کردبوو ئەغاریب هەندێک یاسای تۆند دابنێت بەرانبەر کەسانی نەناسـراو و هەمـوو گەڕیـدەیەک ڕەد بکـاتەوە کە بەبـێ هۆکـار سـەردانی دەکەن و بە دز ناوزەنـدیان بکـات و لێپێچیـنەوەی تۆندیان بەرانبەر بکات.

دۆرا بۆ دواین جار پرسیاری کردەوە:

– بۆچی دەتانەوێت شاژنە ئینکالی گەورەمان ببینن؟

عاسـف ئەم بەشـەی پلانەکەی بیر چـوو، بیـری چووبـوو کە درۆیەکی ڕێتێچوو ئامادە بکات کە تاغین پێی گوتبوو. بۆیە دورا پێی گوتن:

– ئێوه جگه له دز هیچ شتێکی تر نین، بۆنی پاره و ئاڵتوون ئێوەی هێناوه بۆ ئێره.

حەکیمەکە وەستی کەمێک سەرقاڵی بکات:

– ئای چەند دزێکی زیرەکیت.

دۆرا بە حەکیمی گوت:

– چۆن دەتوانیت پێم بڵێیت دز؟

– بە جوانییەکەت دڵمت دزی، ئیتر چۆن ناکرێت دز بیت؟

دۆرا دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو و دەیویست پێکەنین گرتبووی، بەڵام هەر زەردەخەنەیەکی کرد.

دەبوو لەو کاتەدا بابەتەکە بە گاڵتە وەربگرێت و بڵێت بمانبە بۆ لای شاژنە ئینکال، بەڵام وەکوو هەمیشە ئیشەکەی تێک دا:

– دەی جوانکیلە بمانبە بۆ لای شاژنە ئیسهال.[1]

ئەو قسەیە بووە هۆی تووڕەکردنی دۆرا، بۆیە ڕەکەیی پێدا کێشا.

هاوڕێکان تووڕە بوون.

حەکیم گڵۆپەکەی تەقی.

هەوڵی دەدا بە مەلەکردن خۆی بگرێتەوە، بەڵام دۆرا جارێکی تریش بە تونڈی لێی دایەوە؛ ئەو لێدانە نەیکوشت، بەڵام دووری خستەوە، چونکە بە خێرایی دوور دەکەوتەوە و ڕێژەی بینایی

---

١. ئیسهال؛ ڕەوان؛ سکچوو (وشەکە عەرەبییە).

کەم دەبووەوە، بۆ کۆتا جار تەماشای ڕوخساری دانە بە دانەی هاوڕێکانیی کرد.

دەیزانی کە هەرچەندە دوور بکەوێتەوە، کەس لە هاوڕێکانی ناتوانێت یارمەتیی بدات، بۆیە ئەو بارودۆخەش بۆ ئەو جێی داخ بوو.

چاوەکانیی داخستن و خۆیی دایە دەست شەپۆلی ئاوەکە، فرمێسکەکانیشی هۆن هۆن دەهاتنە خوار، لەبەرخۆیەوە گوتی: خۆزگە یادەوەری نەدەوەستا، ئەو کاتی لە یادم دەما کێ منی بیرە دوای مردنم.

کەس لە هاوڕێکانی نەیاندەتوانی مەلە بکەن، لە هەمان کاتیشدا چواردەوریان تەنرابوو بەو هێزە ئەمنییە قورسە، بۆیە ڕزگارکردنی حەکیم شتێکی مەحاڵ بوو.

عاسف کەوتە سەر ئەژنۆ و پاڕایەوە.

باڵندە عەنقاکە ئارامیی لێ هەڵگیرا کە بینیی خاوەنەکەی ئاوها کەساسانە لاڵایەوە.

عاسف لە دورا دەپاڕایەوە:

– تکایە ڕزگاری بکە.

دورا:

– سووکایەتیی بە شاژنەکەمان کردووە، دەبێت بکوژرێت.

عاسف بە گریانەوە:

– کەواتە ئەگەر شایەنی مردنە، تکایە با بە تەنها نەمرێت.

شمالیش نتقی نەدەکرد، نەک لەبەر ئەوەی خۆی دابوو بە دەستەوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی دەنگێکی سەیر لە نێو دڵیدا داوای کارێکی شێتانەی لێ دەکرد.

دەنگەکە لێی دەخواست کە بازنەکەی جێ بهێڵێت.

بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو نەیدەزانی مەلە بکات و دەیزانی کە چ چارەنووسێک چاوەڕێی دەکات و ئەگەر بچیتە نێو ئاوەکە، بێ گومان دەمرێت، سوور دەیزانی بە دڵنیاییەوە دەنگەکە نایخەڵەتێنێت.

شمالی بۆ عاسف:

– بوەستە، تۆ نابێت بکەویت کاتێک هاوڕێی وەک ئێمەت هەبێت.

پاشان گلۆپەکەی جێ هێشت.

٤

شمالی

هەر کە چووە نێو ئاوەکەوە، هەستی بە جێگیری دەکرد بەبێ ئەوەی خۆی ماندوو بکات.

شمالی سەرسام بوو، چونکە لە نێو ئەو ئاوە سوێرە تاریکەدا دەیتوانی ببینێت و دەنگێکی سەیر لە ناخیدا پێی دەگوت:

– هەناسە بدە.

پێشتر دەیزانی چارەنووسەکەی چییە:

بێ گومان سییەکانی پڕ دەبن لە ئاو و دەخنکێت، بەڵام متمانەی بە دڵی هەبوو.

شمالی هەناسەیەکی قوواڵی هەڵمژی، دیتی هەوا دەچێتە نێو سییەکانییەوە، بەڵام نەک لە لوتییەوە، بەڵکوو هەندێک کون لە گوێیەوە کە لە ڕێشووەکەوانەکانی ئەو بوونەوەرە دەریاییانە دەچوون.

تەنانەت قاچەکانیشی گۆڕان بۆ کلکێکی درێژی گەورە، هەر پاسەوانەکانی مەملەکەتەکە ئەم دیمەنەیان بینی و جا یەکسەر سەری ڕێز و شکۆیان بۆ دانەواند.

دەیویست پرسیاری ئەو گۆڕانکارییەی بکات، بەڵام کاتەکە گونجاو نەبوو بۆ سەرسامبوون و گەڕان بە دوای وەڵامەکاندا، بەڵکوو ئەو دەبوو ئێستا ئەو کارە بکات کە لەسەری بوو.

شمالی بە خێرایی کلکیی جوولاند لە نێو ئاوەکەدا، وەکوو ئەوەی شتێکی سرووشتی بێت لە ئەودا، چووە نێو قولاییەکە بەبێ گوێدان بەرەو تاریکاییەکە دەچوو و لە ماوەیەکی کەمدا ئەو بوونەوەرە بچووکەی گرتەوە کە ناوی حەکیم بوو.

٥

تێپەڕین

سەرکردەی پاسەوانەکان بەرەو پیری چوو، سەری بۆ دانەواند و بە دەنگێکی پڕ لە پەشیمانییەوە گوتی:

– کۆشکمان ئاگادار کردووەتەوە لە هاتنت، بە دڵنیاییەوە شاژن کەسانێک دەنرێت بۆ خزمەتکردنت گەورەم.

شمالی هیچ تێنەگەیشت، تەنها سەری بەڵێی لەقاند.

لە دوورەوە هاوڕێیان بینییان کاروانێکی گەورەی پادشایەتی کە گالیسکەیەکی ئاڵتوونییان هەڵگرتووە، بەرەو لایان دێت:

– شازادە ڕیلانە، کچی شاژنە ئینکال.

شازادە ڕیلان لە گالیسەکە دابەزی و بەرەو لای شمالی هات:

– دایکم داوای لێبوردنی هەیە، گوتی پێت بڵێم کە ئامادەیە بۆ جێبەجێکردنی هەر داواکارییەک کە دەیکەیت، وەکوو قەرەبوویەک بۆ خۆت و میوانەکانت.

دەیویست پرسیاری ئەو نهێنییە لێ بکات کە بۆچی گۆڕا بۆ ئەم بوونەوەرە سەیرە، بەڵام دەیزانی کاتیان زۆر لە بەردەستدا نییە، بۆیە بێدەنگ بوو، گەرچی دڵی وەکوو بورکان لێی دەدا و دەیویست هۆکارەکە بزانێت، دەستی بۆ عاسف درێژ کرد و گوتی:

– ئەو پێتان دەڵێت.

شازادە ڕیلان بە عاسفی گوت:

– فەرمانت چییە؟

– دەمانەوێت تێپەڕ ببین، بە ئارسسدا تێپەڕ ببین.

٦

ئارسس

ئەو داواکـــارییەی تێپەڕبـــوون بە ئارسســـدا، پێویســـتی بە ڕێگەپێـدانی شـــاژن هەبـوو، شـــاژنە ئینکـال تـاکە کەس بـوو لە مەملەکەتی ئەغاریب کە ڕێگەی دەدا یاخود ڕەدی دەکردەوە.

هاورێیان بەرەو کۆشک کەوتنە ڕێ.

لەوێ بەدەم چـــاوەڕوانیی دیـــداری شـــاژنەوە هەســـتیان بە ئارامی دەکرد، جا نەک لەبەر بینینی شاژن، بەڵکوو لەبەر ئەوەی حەکیمەکە هێشـتا بێهـۆش بـوو، ئەمەش مانـای ئەوە بـوو زمـانە درێژەکەی چیتر تووشی موسیبەتێکی تریان ناکات.

لەگەڵ ئەوەی کۆشـکەکە لە نێو قـوواڵایی زەریـادا بـوو، بەڵام ئاوی تێدا نەبوو.

هەر کە شازادە ڕیلان چووە نێو کۆشکەکە، کلکە درێژەکەی و ڕیشـووە کەوانەکـانی نەمـان و کلکـی بـوو بە قـاچ و بە هەمـان شێوە بۆ شمالیش.

شـــازاده به ڕێـــزەوە بەرانـــبەر دایکـــی وەســـتا کە لەســـەر کورسییەکەی دانیشتبوو، گوتی:

– دەیانەوێت بە ئارسسدا تێپەڕن.

لە بـــارودۆخی ئاســـاییدا بـــووایە، بـــێ چەنـــدوچۆن ڕەجـــدی دەکردەوە، بەڵام ڕووی کردە شمالی و گوتی:

– بە خۆشەویستی و ڕێزەوە ئەی کوڕی نەوەی ئەسیار.

شمالی هیچ لەو قسەیە تێنەگەیشت (**کوڕی نەوەی ئەسیار**)، بەڵام ئەندامانی پادشایەتی ئەو مانایەیان دەزانی، بۆیە کڕنۆشی ڕێزیان بۆ برد، ئاخر ئەو کوڕە لە نەوەی خێزانێکی بەهێز بوو.

شاژن فەرمانی بە ڕیلانی کچی دا.

– ساریەی ئاسمانیان بۆ بانگ بکە و داواکارییەکەیانی پێ ڕابگەیەنە.

**

ساریەی ئاسمان کچێکی جوانی شۆخ بوو.

ئەو شتەی لەوانی جیا دەکردەوە، ئەوە بوو کە قژێکی قاوەیی هەنگوینئاسای هەبوو کە دەگەیشتە کۆتایی پشتی، دوو چاوی سەوزی بە ڕەنگی سپێناخ دەچوون کە بە کل ڕەشتبوونی.

خۆی ناساند:

– حەورائیل، لە خزمەتدایە ئەی شاژنە ئینکال.

وەک چۆن لە مرۆڤ دەچوو، لە زمانیشی تێدەگەیشتن و یەکەم جاریش بوو ببینن، بەڵام دەیانزانی کە ئەوە مرۆڤ و جنۆکەش نییە، بەڵکوو لە ڕووناکی دروست بووە.

حەورائیل ڕووی لێ کردن و پرسیی:

– دەتانەوێت بۆ چ جێیەکی جیهانی خواروو بڕۆن؟

تاغین لە زیندانـدا پێی گوتبوو کە کەس بە تەواوی شوێنی ڕاستەقینەی سرابی نازانێت.

– کەس بە تەواوی نازانێت لە کوێیە، بۆیە دەبێت خۆت بڕۆیت و لە دوی بگەڕێیت.

عاسف ویستی داوای لێ بکات بۆ تەواوکردنی ئەرکەکەیان بچنە جیهانی خواروو، بەڵام شمالی دەیزانی کە سرابی لە کوێیە، بۆیە گوتی:

– **بمانبە بۆ مەڵەکەتی حن و بن.**

دەروازەی شەشەم

١

جیهانی خواروو

مەملەکەتی حن و بن

لە سەرەتای مێژووەوە پادشایانی زەویی کۆن، هەمیشە گەڕاون بە دوای سزایەکدا کە لە مردن سەختتر بێت، هەر بۆیە خەڵکەکەیان هەمیشە چەوساوە و داماو بوون، کە تەماشای ئەو جیهانەت دەکرد، دەتبینی پڕە لە برسییەتی و تەنهایی و ترس و زەمهەریر.

بۆیە ئەو شوێنە لە دێرزەمانەوە نەفرینکرا بوو، نەفرینێک کە مردن لە چاویدا هیچ نەبێت.

بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، ژمارەی نەفرینکراوەکان لە زیادبوونـدایە لە ئەنجامی هاوسەرگیریان و هاوسەرگیریی منداڵەکانیان لە دوای خۆیانەوە، تاکوو هەندێک هۆز و لادێیان لێ پەیدا بوو، بەرەبەرە شاریان لێ دروست بوو و دواتر بوونە شانشین، جیهانی خواروو لەو کاتەوە ژمارەی زۆر لە بوونەوەر

و ڕەگەز و خوێنی جیاوازی لێ دەڕی کە دەیپارێزن و بە خوێن و گیان بەرگریی لێ دەکەن.

حەکیم بەئاگا هاتەوە.

لە قەراغ شـــووراپەکی بەرزی یەکێـــک لە مەملەکەتەکـــانی جیهانی خواروو پاڵ کەوتبوو، مەملەکەتەکە بە شـووڕای بەرز و سەخت دەورە درابوو.

لەسەر دەروازەی مەملەکەتەکە ناوەکەی هەڵکۆڵرابوو:

شانشینی حن و بن

هاوڕێکان لە پاڵ شووراکەدا دانیشتبوون و سەرقاڵ بوون بە باسکردنی بارودۆخەکە، حەکیم هەستا و بە شـەکەتی بەرەو لای بەرقا چوو لە باوەشی حەوایەوە.

عاسف دەستی بۆ دەروازەکە درێژ کرد کە ژمـارەیەکی زۆر لە پاسـەوانان پاسـەوانییان دەکـرد و لە کۆتـایی باسـکردنەکەیدا بوو:

– ئەرکەکەمـان ئەوەیە کە ئەو شـووراپە تێپەڕێنـین و لە نێـو خاکی ئەو شانشینەدا بە دوای سرابیدا بگەڕێین.

باڵندە عەنقاکە گوتی:

– دەتوانم حەکیمەکە هەڵگرم و لەودیو شووراکە دایگرم، حەکیمەکە لە کۆشی بەرقا قیت بووەوە، بیرۆکەکەی بە دڵ نەبوو و لە ترسی گیانی خۆی گوتی:

– پلانێکی نایابە ئەی باڵندەی چەوەندەر، هیوادارم بەشداریی تێدا نەکەیت.

هەمووان بیرۆکەکەیان بە دڵ بوو.

ڕاست بوو باڵندە عەنقاکە دەیتوانی حەکیم بەرز بکاتەوە تا پاسەوانەکان نەیبینن و دواتریش لە شوێنی بێوەی شانشینەکە دایبگرێت، دوای ئەوە حەکیمەکە دەیتوانی بە دوای سەرەداویکدا بگەڕێت بۆ دۆزینەوەی سرابی، بەڵام بەرقا تێڕوانینێکی تری هەبوو:

– شانشینەکە زۆر فراوانە، بۆیە دۆزینەوەی سرابی بە حەکیم ڕەنگە نەک چەند هەفتەیەک بەڵکوو چەند مانگێکیش بخایەنێت، لەو کاتەدا پێویستمان بە خواردن و خواردنەوە و شوێنێکی مانەوە دەبێت.

پاشان:

– ئەگەر بمانەوێت لەو ماوەیەدا حەکیم ئەو کارەمان بۆ ڕاپەڕێنێت، دەشێت تووشی هەندێک سەگ و پشیلە و بڕێک شتی تر ببێتەوە، لەبەر ئەوەی مشکێکی بچووکە.

حەکیمەکە قسەکانی کۆتایی بە دڵ نەبوون.

– مانگاکەش ڕایی خۆی هەیە.

– مەڵێ مانگا.

– بەڵام تۆش بە منت گوت مشک.

– کەس لە ڕاستی تووڕە نابێت.

– کەواتە تۆ بۆ تووڕەیت.

ئیکلیل کە هەمیشە گرنگیی بە بارودۆخی ئەمنی دەدا:

– بێدەنگ بن، بەر لەوەی سەرنجی پاسەوانانی دەروازەکە بە لای خۆتاندا ڕابکێشێن.

**

ئەوس ڕووی کردە شمالی و پرسیی:

– چی وات لێ دەکات هەست بکەیت سرابی لەم شانشینەیە.

شمالی ئەم زانیاریەی لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە لەژێر دەریای زێ نوندا پێ گەیشتبوو، لەو کاتەی لە نێو قوواڵایی دەریاکە بە دوای حەکیمدا دەگەڕا.

سەرچاوەکە پێی گوت:

– دڵنیابە ئەوەی بە دوایدا دەگەڕێیت، سەلامەتە.

شمالی لەو کاتەی لە نێو قوواڵایی دەریاکەدا بوو، دوو چاوی ڕەشی وەکوو ڕەشیی بەردە پیرۆزەکە لێی نزیک بووەوە، ئەوە تارای ماری کوبرای جن بوو.

تارا پێی گوت که سرابی له کوێیە، پاشان حەکیمی پێ دایەوە که لە نێو سکیدا هەڵی گرتبوو.

پێی گوت:

– بە کەس مەڵێ کە منت دیوە، چونکە لە کاتی گونجاودا دەر دەکەومەوە.

**

هاوڕێکان دووبارە پلانیان بۆ ئەوە دادەنایەوە کە چی بکەن و چۆن ئەو سنووورە ببڕن و بچن لە مەملەکەتی حن و بندا بە دوای سرابیدا بگەڕێن، زۆربەی پلانەکان باش بوون، بەڵام کە دەیانخستنە واقعەوە، پەشیمان دەبوونەوە.

شمالی پلانێکی بە مێشکدا هات و گوتی:

– پێتان چۆنە وا لە سرابی بکەین بە دواماندا بگەڕێت، وەک لەوەی ئێمە بە دوایدا بگەڕێین.

هەمووان بە یەک دەنگ گوتیان:

– چۆن؟

– پێتان دەڵێم.

پاشان ئاگاداری کردنەوە:

– بەڵام ئەم پلانە مەترسییەکی گەورەی هەیە:

ڕووی لە حەکیم و عاسف گوتی:

– باش گوێم لێ بگرن.

٢

تەڵە (بۆسە)

بەپێـی ئەو پـلانەی کە هەبـوو، عاسـف حەکیمـی دەکـردە بندەستی.

– ئامادەیت؟

حەکیم:

– نەخێر.

– بە دەنگی بەرز دووبارەی بکەرەوە.

– نەخێر.

عاسف زەردەخەنەیەکی کرد و دەر چوو:

– باشە، ئەمە ئەو ڕۆحە جەنگییە داواکراوەیە.

– تۆ شێتیت.

– وا باشترە، چونکە بەخت یاوەری شێتەکانە.

پاشـــان به خێرایـــی بەرەو دەروازەی شانشـــینی حـــن و بـــن ڕۆیشـــت تـــاکوو تێـــپەڕی بکـــات، بەڵام لە خراپیـــی بەختـــی ئەو پاسەوانەکان لەوە بەهێزتر بوون و توانییان یەکسەری ڕێی لێ بگرن.

حەکیمەکە دڵتەنگەبوو:

– بەنەفرەت بیت عاسف، ئەوە دەستبەسەر کراین.

پاسـەوانەکان بردنیان بۆ جێیەک کە پێی دەگوترا **سـەفد** کە ناوچەیەکی تایبەت بـوو بە زیندانیکردنی کۆیلە و خەڵکی نامۆ، پاســەوانەکان بڕیاریـان دا بیـانخەنە نێـو ژووری جیـاوازەوە کە هەریەکەیان لە نێو قەفەسێکی ئاسنینی تەلیسمکراودا بـوو و هەر کەسێک نەیدەتوانی وزەی خۆی بەکار بهێنێت.

عاســـف ســـەری نووســـاند بە دیـــواری قەفەســـەکەوە، ڕووناکییەکی کەم لە پەنجەرەکەی سەرەوە دەهاتە ژوور، خوێن لە لاشەی دەتکا سەربازەکان هێندەیان لێ دابوو.

لەگەڵ ئەو هەمووماندووبوونەیدا گوتی:

– بوون بە تەڵەکەوە.

حەکیم:

– پێت وایە پلانەکە سەرکەوتوو دەبێت؟

– کێشە نییە، پێم گوتیت کە بەخت یاوەری شێتەکانە.

ئەمە پلانی شمالی بوو بۆیان:

– ئێوە هەوڵێکی شکستخواردوو دەدەن بۆ هەڵگەڕان بە دەروازەکەدا.

حەکیمەکە ئەوکات گوتی:

– ببوورە، گوتت هەوڵێکی شکستخواردوو؟

– بەڵێ، لەبەر ئەوەی دەبێت هەر لە دەرگاوە دەستبەسەر بکرێن.

– پێدەچێت مێشکت ئاوی سوێری زۆری تێ چووبێت ئەی پیاوی ماسی.

شمالی پلانەکەی تەواو کرد:

– کە دەتانگرن حەکیمەکە بە دەنگی بەرز قسە دەکات، بەو جۆرە سەرنجی پاسەوانانی لای دەرگاکە ڕادەکێشێت بەوەی کە مشکێک قسە دەکات، تێگەیشتیت؟ دەبێت بزانن کە ئەو مشکە قسە دەکات.

حەکیمەکە گوتی:

– ئا ئا، ئایا دەتەوێت گۆڕانییان بۆ بڵێم؟

– نەخێر، نامەوێت بە پێڵاوەکانیان پانت بکەنەوە.

– پێشتر هێندە خراپ نەبووبت.

– لۆمەم مەکە، تەنها خوێی زۆر چووەتە نیو مێشکمەوە.

– حوشترینە!

شمالی پلانەکەی بۆ تەواو کردن:

– که گەیشتنە لای دەروازەکە و دەستبەسەریان کردن، دەمەوێت ئەم قسەیە وەکوو خۆی بکەیت حەکیم (**بەنەفرەت بێت عاسف، ئەوە دەستبەسەر کراین**).

عاسف گوتی:

– ئایا دڵنیایت هەر لەوێدا نامانکوژن؟

– لێتان دەدەن، بەڵام ناگاتە مردن، چونکە ئەوانە پاسەوانی فەرمیی شانشینی حەن و بنن و دەبێت بتانبەنە زیندان و لێکۆڵینەوەتان لێ بکەن، لەوێ لە نێو زیندانەکەدا سرابی دەدۆزنەوە.

دووبارە قسەکەی بیری حەکیم هێنایەوە:

– بیرت نەچێت دەبێت بڵێیت **بەنەفرەت بێت عاسف، ئەوە دەستبەسەر کراین.**

**

دواتر کە ئەرکی پاسەوانانی دەروازەکە تەواو بوو، هەر یەکەیان چوونەوە بۆ یانەکانیَ شارەکە و دەستیان کرد بە خواردنەوە؛ پەرداخ دوای پەرداخ تاکوو ئەو مەیە وای لێ کردن هۆشیان لە دەست بدەن و دەستیان دەکرد بە گێڕانەوەی ئەو شتانەی کە لە ڕۆژەکەدا ڕوویان دابوو.

یەکێک لە پاسەوانە سەرخۆشەکان ئەوەی گێڕایەوە کە ڕووی دابوو:

– ئەمڕۆ کوڕێکی گەنج و مشکێکی قسەکەرمان دەستبەسەر کرد.

پاسەوانە سەرخۆشەکەی تر کە لاسایی دەکردەوە:

– بە گوێی خۆم بیستم کە مشکەکە دەیگوت: **بەنەفرەت بیت عاسف، ئەوە دەستبەسەر کراین.**

بەو قسانە دەنگی پێکەنینی سەرخۆشانی مەیخانەکە بەرز بووەوە کە دووبارەیان دەکردەوە: بەنەفرەت بیت عاسف، ئەوە دەستبەسەر کراین.

هەواڵی مشکی قسەکەر لە نێو خەڵکی شانشینەکەدا وەکوو ئەوەی ئاگر لە پاوان بەر بدەن، بڵاو بوویەوە، تاکوو لە کۆتاییدا گەیشتەوە گوێی شمالی کە خۆی مەبەستی بوو.

هەواڵەکە گەیشتە سرابی،

بە بیستنی ئەو قسانە نیگەرانی دایگرت: مشکێکی قسەکەر گوتوویەتی بەنەفرەت بیت عاسف، ئەوە دەستبەسەر کراین.

لە پشتی هەورەکانەوە، لە بەرزیی چیاکانەوە باڵندە عەنقاکە چاودێریی دەکرد، ئەوەش بەشێکی پلانەکە بوو کە چاودێریی حەکیم و عاسف بکات نەکا تووشی کێشەیەک ببن.

**

لە نێو قەڵای سەفدا.

حەکیم هەستی بە بێزاری دەکرد، بۆیە دەیویست بابەتێک بکاتەوە کە چەند کاتژمێرێکی پێوە بکوژێت. گوتی:

– ئایا دەزانیت پێویستە چی بکەیت ئەو کاتەی ژەهراوی دەبیت؟

– نەخێر.

– دەبێت سکت پڕ بکەیت لە خواردەمەنیی زۆر.

– چۆن ئەوە سوودت پێ دەگەیەنێت؟

– سوودت پێ ناگەیەنێت.

– کەواتە بۆ سکم پڕ کەم لە خواردەمەنی؟

– تاکوو لە برسیان نەمریت.

عاسف هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و چاوی لەسەر پەنجەرەکە بوو. بە مەبەستی کاتکوشتنی زیاتر، حەکیم چووە سەروەختی بابەتێکی دی:

– دەزانیت بۆ ئەم شانشینە ناوی حن و بنە؟

– نا.

– دەی منیش نازانم.

عاسف هەر تەماشای دەکرد:

– ئێمە لە کەیەوە لێرەین؟

– سااڵنێکی زۆرە.

– ئایا پێت وایە دەبێت ئیتر لێک جیا بینەوە؟

– ناتوانم، دەزانیت بۆ؟

– چونکە ئەو کاتەی کەسێکم خۆش بوێت، بە تەنها جێی ناهێڵم.

لەو بارودۆخە سەختەدا کەس نەبوو بتوانێت بیخاتە پێکەنین جگە لە حەکیم. عاسف سەری هەڵهێنا و چاوی برێبووە مانگەکە.

دووبارە بێدەنگ بوویەوە، دەنگێکی چاوەڕوانکراو گوتی:

– پێم نەگوتیت کە بۆ هەمیشە لەبیرم بکەیت عاسف؟

لای کردەوە و چاوەکانی ئەبلەق بوون:

تەڵەکە سەری گرت.

٣

ڕاستییەکە

لە چاو کۆتا جار کە حەکیمەکە بینیبووی، زۆر نەگۆڕابوو، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەستی دەکرد تەماشای مرۆڤێکی جیاواز دەکات.

سرابی بە تەواوی لە زیندانەکە نزیک بووەوە، تەماشای عاسفی کرد کە هەرچەندە نەیدەتوانی بە باشی ببینێت، بەڵام هێشتا دەیتوانی ئەوەی لە چاوەکانیدایە بیخوێنێتەوە.

– پاش کەمێکی تر، بەرپرسەکە دێت تاکوو لێکۆڵینەوەتان لەگەڵ بکات.

عاسف لێی چووە پێشەوە و لە بەردەمیدا وەستا لەم دیو زیندانەکە:

– ئەوە ڕاستە کە لەبارەی تۆوە دەیڵێن؟

قسەکەی فەرامۆش کرد:

– دەتانکوژن، چونکە سنووری دەروازەی مەملەکەتەکەتان بەزاندووە.

یەکسەر عاسف پرسیارەکەی کرد:

– ئایا بەوە قایل بوویت هاوسەرگیری لەگەڵ شەیتانی کۆیلەدا بکەیت؟

دووبارە فەرامۆشی کردەوە:

– لێرە ئازادتان دەکەم، دەبێت بۆ هەمیشە بڕۆن.

– ئایا بەوە قایل بوویت هاوسەرگیری لەگەڵ شەیتانی کۆیلەدا بکەیت؟

– لە هەر ساتێکدا بێت دەگەنە ئێرە.

عاسف چاوەکانیی زیت کردنەوە، تۆند و بە تووڕەیی پرسیارەکەی بۆ سێیارە کردەوە:

– ئایا قایل بوویت بە هاوسەرگیریکردن لەگەڵ شەیتانی کۆیلەدا؟

دەرگای زیندانەکەی کردەوە و گوتی:

– دەبێت لێرە ڕابکەن بەر لە گەیشتنیان.

عاسف لە جێی خۆی نەجوولا.

حەکیمەکە گوتی:

– سرابی ماوەیەکی زۆرمان بڕیوە تا بگەینە لات، هێندەی نەمابوو لە ڕێگادا بمرین. ئەگەر ئەو قوربانیەی داومانە شایەنی هیچ نیە لات، ئەوا ئەو هاوڕێیەتییە کۆنەت بیر دێنمەوە کە

ڕۆژێک لە ڕۆژان هەمانبوو، دەی ڕاستییەکەمان پی بڵێ، ئەگەر شتێکی گۆڕی خۆمان دەڕۆین.

– ئەگەر ڕاستییەکەتان پێ بڵێم؟

– بەڵێن دەدەین بڕۆین.

گوتی:

– بەڵێ قایل بووم.

عاسف وەکوو ئەوە بوو بە توندی بکێشن بە پشتی سەریدا کە ئەو قسەیەی بیست، چونکە ئەوە مانای ئەوە بوو ئیتر هاوسەری ئەو نییە، لەو ساتەوەی کە سرابی قایل بووە بە هاوسەرگیریکردن لەگەڵ شەیتانەکەدا، بەندی پیرۆزی نێوانیان کۆتایی هاتووە.

**

بێدەنگ بوو و هیچی نەگوت:

بێهیواییەکەی لەوە گەورەتر بوو کە بتوانێت بە وشە دەری ببڕێت.

حەکیمەکە هەندێک زانیاریی هەبوو لەبارەی شەیتانی کۆیلەوە، بۆیە لێی پرسی:

– ئەوەندە بەس بوو یەک شەو لەگەڵ ئەو شەیتانە بوویتایە تاکوو ئازادی بکەیت و ئەویش یارمەتیت بدات لە زیندانەکە

هەڵبێیت، ئیتر بۆچی نەگەڕایتەوە بۆ لامان و ئەم هەموو ماوەیە لە جیهانی خواروو مایتەوە؟

لەو کاتەدا گوێیان لە دەنگی ئەسپوعارەبانە بوو کە لە دەرەوەی قەڵاکە دەهات، سرابی دەیزانی مەترسییەکە نزیک بووەتەوە:

– پێدەچێت ئێوە هاتبێتن لێکۆڵینەوەم لێ بکەن.

دەموچاوی عاسفی گرت و لێی نزیک بووەوە و هەندێک تەلسمی بە ڕووبدا خوێند، تەواوی هەموو برینەکانی سەر ڕوخساری شوێنبزر بوون:

– دەبێت خێرا لێرە بڕۆن بەر لەوەی سەربازەکان بگەنە ئێرە.

کەسیان لە جێی خۆی نەجووڵا.

– بەڵێنتان پێ دابووم کە بڕۆن، ئەگەر ڕاستییەکەتان پێ بڵێم.

عاسف و حەکیم لە زیندانەکە چوونە دەرەوە، بەڵام بەر لەوەی هەڵبێن لە قەڵای سەفید باڵندە عەنقاکە ئامادە بوو بیانباتە دەرەوەی شانشینەکە.

سرابی:

– عاسف.

سەرەڕای ئەو هەموو ڕووداوە کەچی هێشتا پێی وا بوو دەکرێت بەهاری دڵی بەو ناوهێنانە دووبارە سەوز بێتەوە.

بە بێدەنگی ئاوڕی لێ دایەوە، دڵی لە نێوان دانپێدانان و بێدەنگیدا مابووەوە، گوتی:

– من هەورە باراناوییەکەتم کە هەر کاتێک خاکەکەت وشک بکات، هەموو دنیات بۆ دەکەمە زریان.

وێستی قسەیەک بکات، بەڵام دەنگی هەنگاوی پاسەوانەکان زیاتر لە ژووری زیندانەکە نزیک دەبووەوە، بۆیە حەکیمەکەی کردە باوەشی و ئامادەی ڕۆیشتن بوو، بەر لەوەی بڕوات کەمێک وەستا و گوتی:

– تۆ چی دەکەیت؟

– منیش ڕادەکەم، چونکە نابێت ئەو پاسەوانانە بمبینن.

– ئاگاداری خۆت بە.

پاشان لەگەڵ حەکیمدا لەو جێیە ڕۆیشتن و سرابی لە شوێنی خۆیدا مابووەوە.

**

پاسەوانەکان دەرگای زیندانەکەیان کردەوە و سرابییان لە بەرانبەر خۆیانادا بینی.

یەکێک لە پاسەوانەکان لێی نزیک بووەوە و بە چاوە تیژەکانی تەماشای دەکرد، پێی گوت:

– ئایا هەموو شت وەکوو پلانەکە بەڕێوە چوو؟

٤

جیهانی سەرەوە

هاوڕێکان

هاوڕێکان هاتنەوە بۆ جیهانی سەرەوە، باسی تەواوی ڕووداوەکانیان دەکرد لە ساتی چوونی عاسف بۆ بینینی سرابی تا گەڕانەوەیان.

– داوای یارمەتی لە تاغین دەکەم.

حەکیم: «ئای خودایە گوێم لە چی دەبێت، ئایا گوتت داوای یارمەتی لە تاغین دەکەین؟»

– بەڵێ، چونکە ئێمە توانای هەڵگیرساندنی جەنگمان بە تەنها نییە.

– ئەی بۆچی جەنگ هەڵدەگیرسێنین؟

– بۆ گەڕاندنەوەی سرابی.

– ئەو ئافرەتە دەستی لێ هەڵگرتوویت و بڕیاری داوە لە جیهانی خوارەوە بمێنێتەوە، بۆچی جەنگی لەپێناودا هەڵدەگیرسێنیت؟

– ئەو وازی لێ نەهێناوین، تەنها لەوێ دەستبەسەریان کردووە.

– ئەگەر دەستبەسەرە، کەواتە بۆچی پێمان نالێیت؟

– لەبەر ئەوەی دەترسا شتێکمان لێ بێت.

پاشان بۆ ئەوەی قایلیان بکات، گوتی: **«سرابی بەوە قایل بووە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو شەیتانەدا بکات لە بەرانبەر هەڵهاتنی لە زیندان، بێ گومان ئەویش لە جیهانی خواروودا زیندانیی کردووە، بەڵام هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ ئەوەی سرابی بتوانێت بێتە سەرەوە. بۆیە بڕیاری داوە لەوێ بمێنێتەوە.»**

لێکدانەوەکەی قایلکەر بوو: دەکرا سرابی هەر بە ڕاستی لە خوارەوە دەستبەسەر بێت، بەڵام پێی نەگوتبێتن تاکوو دواتر نەگەڕێنەوە بۆ ڕزگارکردنی، هەموویانی بەوە قایل کردبوو جگە لە شمالی کە بە شێوازێکی تر بیری دەکردەوە، بەڵام هێشتا پێی نەگوتبوون.

حەکیم:

– من و شیمالی کۆمەڵێک هاوپەیمانمان هەیە کە ڕزگاری دەکەن لە دەست ئەو بارودۆخە.

– هەرچەندە من پێم باشە بمرم وەک لەوەی دەست بخەمە نێو دەستی ئەو کەسەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە ناتوانین جەنگ هەڵبگیرسێنین بەبێ یارمەتیی تاغین.

بەرقا کونجکۆڵانە گوتی:

– لەبەر ئەوەی جیهانی خواروو بێدەنگ نابن دوای ئەوەی بەیانی شەڕ دەکەین لەگەڵ حن و بندا، ئەو کاتە هەموویان لە ڕوومانـدا دەوەستنەوە، بۆیە پێویستمان بە تاغین و هاوپەیمانەکانی دەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە.

– ئەو شتە چییە کە دڵنیات دەکاتەوە لەوەی یارمەتیمان دەدەن، بۆچی ئەوەندە دڵنیایت کە ئەگەر بچینە ژوورەوە دەرگای کۆشکمان لەسەر داناخات و نامانکوژێت؟

– لەبەر ئەوەی من شتێکی پێ دەدەم لەوە گەورەترە بمانکوژێت.

پاشان پێی گوتن: «من شەرعیەتی پادشایەتیی پێ دەدەم.»

حەکیم: «ئاخخخ سەرم.»

ئەوس: «تۆ لە زۆر شت دەکشێیتەوە عاسف.»

– هەر لەسەرەتاوە پادشایەتی نەفرەتیم نەدەویست ئەوس، بە ویستی خۆم نەبووم بە پادشا، ئەگەر وازلێهێنانی سرابی ڕزگار بکات، بێ گومان دەیکەم، ئەگەر ئەویش نەبووایە هەر کامێکتان بوونایە هەمان شتم لەپێناودا دەکرد.

شمالی گوتی:

– تاغین ئێستا پادشای ئەبابیلە، بەڵام پادشایەکی خراپی دەسەڵاتە. پێدانی ڕەوایەتی تەنها نایکات بە پادشای ئەبابیل، بەڵکوو ئەو پادشایەتییە لە خێزانی ئیمپراتۆریەت دەسەنێتەوە بۆ تاغین و نەوەکانی دەگوازێتەوە بۆ هەمیشە، ئەگەر لە داهاتووشدا هەوڵی کوشتن یاخود ئازاردانی بدەیت، ئەوا لە چاوی هەموواندا جگە لە یاخییەک هیچی تر نابیت.

لەگەڵ ئەوەی ئیکلیلیش دەیویست یارمەتیی سرابی بدات، بەڵام نەیدەویست عاسف ئەو بڕیارە بدات، چونکە بۆ هەمیشە مێژووی مەملەکەتی ئەبابیلی دەگۆڕی:

– کشانەوەت لە دەسەڵات واتای وازهێنانە لە وەسیەتی باپیرەت.

عاسف کە بڕیاری کۆتایی دابوو:

– باپیرە جەبارم ویستی ببم بە پادشا، پادشاش تەنها بیر لە خۆی و دەسەڵاتی ناکاتەوە، سرابی ئەگەر هاوسەرم نەبێت هاوڕێمانە، ئێمە دەبێت بە هەر نرخێک بێت ئەو هاوڕێیە لە جیهانی خواروودا ڕزگار بکەین.

حەکیم:

– وازهێنانت لە عەرش بابەتێکی تایبەتە بە خۆت، ئێمە لەوە زیاتر تێکەڵی نابین، بەڵام عاسف ئەی ئەوانەی لە دژی تاغین وەستانەوە و خوێنی خۆیان لە پێناوتدا ڕشت؟

– کشانەوەم لە دەسەڵات بە مانای کشانەوەم لە خوێن نایەت، بەڵێنت پێ دەدەم ڕۆژێک تۆڵەی هەموو ئەو خوێنە بکەمەوە.

– ئەگەر وایە ئێمە لەگەڵتین.

هاوڕێکان بەرەو کۆشک کەوتنە ڕێ، کەسیان ئاگاداری ئەوە نەبوو کەسێک لە دوورەوە بە چاوەکانی؛ کە وەک بەردی پیرۆز ڕەش بوون، چاودێریی هەموو شتێکی کردووە.

٥

کۆشکی مەملەکەتی ئەبابیل

حەوت سەرکردەکەی بەرزەخ

لەگەڵ نزیکبـــوونەوەی هاوڕییـــان لە کۆشـــک، دەرگـــا گەورەکیانیـان بـۆ دەکرایەوە و فەرشـێکی سـووریان بـۆ ڕاخـرا، سەربازەکە بە ڕێزەوە پێشوازیی لێ کردن:

– تاغینی پادشای گەورە بەخێرهاتنتان دەکات.

دواتر:

– تکایە دوام بکەون.

**

هەسـتێکی سـەیر دڵی هاوڕێکانیی گرتبـووەوە، چـونکە ئێسـتا بووبـوونە میـوان لەو کۆشـکەی کە دوێنـێ گەورە بـوون تیایـدا،

کەچی ئەمڕۆ بە کەساسی هاتوون داوای یارمەتی لەو دوژمنە دەکەن کە نابێت بیکەن.

تاغین لەسەر عەرشەکە بە جلی پادشایەتییەوە دانیشتبوو، عاسف و هاوڕێکانی بە جلی کۆن و درِاوەوە هاتنە ژوورەوە.

تاغین هۆکاری هاتنەکەی دەزانی و دەیزانی داواکارییەکەی چیە، بەڵام دەوییست لە بەردەم هاوڕێ و خەڵکەکەدا زیاتر داماوی بکات، بۆیە گوتی:

– بۆچی هاتوویت؟

– دەمەوێت سرابی لە مەملەکەتی حن و بن ڕزگار بکەم.

تاغین دەستی بۆ ئەو کۆمەڵەیە ڕاکێشا کە لە نزیک عەرشدا دانیشتبوون و گوتی:

– دەزانیت ئەوانە کێن؟

عاسف تەماشای کرد، حەوت کەسی شێوە سەیری بینی کە ڕوخساریان ڕەش هەڵگەڕابوو. گوتی:

– نازانم.

– ئەوانە حەوت گەورەکەی بەرزەخن.

پاشان هۆکاری هاتنیانی بۆ کۆشک ڕوون کردەوە:

– ئەوانە شایەتی وازهێنانت دەبن لە پادشایەتی و گواستنەوەی ڕەوایەتی لە خێزانی ئیمپراتۆرییەتەوە بۆ من، لە بەرانبەردا من و هاوپەیمانەکانم یارمەتیت دەدەین لە جەنگ لە دژی مەملەکەتەکانی جیهانی خوارەوە، چی دەڵێیت؟

– قایلم.

**

لەو ڕۆژەدا:

هەر حەوت گەورەکەی بەرزەخ بـوونە شـایەت لە بەرانـبەر عاسـفدا و تـاغین و هاوپەیمانەکـانی لە دژی مەملەکەتەکـانی جیهانی خواروو دەوەستانەوە.

پاشـان بۆ دڵنیـابوونەوەی هەردوولا، عاسـف و تـاغین تـاکوو هـیچ کامیـان مـافی ئەوی تـر نەخـوات، سـوێند بە هەردووکیـان خورا و لایەنی لاوەکیشی لێ دەبووەوە کە ئەمە بوو:

ئاگربەستەکە ماوەکەی چل ڕۆژە، بەڵام لە کاتی پێویستدا درێژ دەکرێتەوە.

شەویش مەراسیمێکی گەورەی بۆ گێڕدرا:

پادشـایەتی درا بە تـاغین، دواتـر هەمـووان هۆڵەکەیـان جـێ هێشـت جـگە لە یەکێـک لە حەوت سـەردارەکەی بەرزەخ کە لە مـرۆڤ بـوو، جەسـتەی لە پێسـت و گۆشـت دامـاڵرابوو و تەنهـا ئێسکوپرووسـکێکی ڕەش بـوو کە بە قوماشـێکی فـراوان داپۆشرابوو.

عیـزرا کەمێک لە تـاغینی ڕوانـی بەر لەوەی ون ببێت، هیچـی نەگوت، بەڵام سەیرکردنەکەی نهێنییەکـی تێدا بـوو کە بە تەواوی جیهانی هەڵدەگێڕایەوە.

دەروازەی حەوتەم

١

شانشینی ئەژدیها

ئامادەباشی

لە بەیانیدا و لە نێو دارستانە چڕەکەدا، لە نێو سنووری مەملەکەتی ئەژدیهادا کە بە **دارستانی هیرای سیلیا** ناسرابوو، غەیاس بەرانبەر کچەکەی وەستابوو.

ماوەیەکی زۆری لە مەشقپێکردنی نەورەس بردووە سەر:

لە ماوەی ئەو کاتەدا کۆمەڵێک کارامەیی ڕووبەڕووبوونەوەی فێر کردبوو، فێری کردبوو چۆن پارێزگاری لە خۆی بکات، ئەو ڕۆژە ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوە بوو و دەیویست تواناکانی تاقی بکاتەوە لەو شتانەی کە ڕۆژانی ڕابردوو فێری کردبوو:

– دەی بە هێرش دەست بکە.

نەورەس فێری بەرگریی کرابوو تاکوو بەهێز بێت، بەڵام نەک بەو شێوازە.

– کچ هێرش ناکاتە سەر باوکی.

– تۆ بە ڕاستی هێرشم ناکەیتە سەر، تەنها بۆ ڕاهێنانە، واتە ئەگەر شتێکی هاوشێوە ڕوو بدات، کچەکەم دنیا دەوران دەورانە دڵەکانیش هەڵدەگەڕێنەوە، هاوڕێیانی دوێنێ دەکرێت دوژمنی سبەی بن، دوژمنانی ئەمڕۆش دەکرێت هاوڕێکانی سبەیت بن.

مێشکی نەیدەتوانی وێنای ئەو قسانە بکات کە باوکی پێی گوتبوو:

– ئەو ڕۆژە پێت وتم کە خۆر ماوەیەک لە زەوییەکەمانەوە دوورە وایە؟

بە ئاماژەی بەڵێ سەری لەقاند و گوتی:

– لەگەڵ ئەوەشدا ماوەی خۆر لێمەوە زۆر نزیکترە لە ماوەی دووری دوژمن.

غەیاس تەماشای چاوە قاوەییەکانی کچەکەی کرد کە بە پاکی و بێتاوانی دەدرەوشانەوە، ئاواتی دەخواست دوای مردنی تێیدا بنێژرێت.

گوتی:

– هەتا زیندوویت، دەبێت هەمیشە چاوەڕێی خراپتر بیت.

هەوایەکی ساردی هێمن گەلا سەوزەکانی درەختەکانی دەلەراندەوە.

غەیاس فەرمانی کرد:

– هێرش بکە سەرم.

– نامەوێت.

– دەبێت ئامادە بیت ڕووبەڕووی دوژمنێکی ڕاستەقینە ببیتەوە، لەبەر ئەوەی دوژمنانت دەرفەتی ڕاهێنانت پێ نادەن.

پێی وا بوو بەو قسانە باوەڕی پێ دەهێنێت:

– هێرش بکە سەرم.

– نامەوێت.

دەیزانی کچەکەی کەرێکی بچووکە، بۆیە پێشتر بیری لە بیرۆکەیەکی تر کردبووەوە.

بەردێکی ئاگری نا بە ڕەعدی سەگییەوە، نەورەس لە چاوتروکانێکدا ون بوو، کە دەر کەوت ڕاستەوخۆ لە نێوان خۆی و سەگەکەدا درعێکی دروست کرد.

بە تووڕەییەوە لە باوکیی ڕوانی، باوکی بە ڕەعدی گوت:

– دەی وەرە ڕەعد.

سەگەکە سەری لەقاند و بەرەو خاوەنەکەی چوو، لەو کاتەدا غیاس بەردێکی تری بۆ هەڵدا بەرەو ڕووی ڕەعد:

– دەی بیپارێزە ئەگەر بە ڕاستی خۆشت دەوێت.

نەورەس ڕووبەڕووی بووەوە، بەڵام بە جەستەی نا، بەڵکوو بە پێچەوانەکردنەوەی ئاڕاستەی بەردەکە.

غەیاس زەردەخەنەیەکی کرد، نەک لەبەر ئەوەی توانیی بیخاتە جووڵە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی ڕەنگی چاوی چەپی کچەکەی بۆ سوور گۆڕا، ئەوەش مانای جەنگ بوو.

– چی دەکەیت؟

– ناهێڵم ئازار بە هاوڕێکەم بگەیەنیت.

وەکوو ئەوەی بیەویت زیاتر تووڕەی بکات:

– تۆ لەوە لاوازتریت بتوانیت مێشوولەیەکیش بپارێزیت کچم.

نەورەس لەو جۆرە کەسانە بوو کە دەیتوانی وزی نەرێنی بکات بە سووتەمەنیی بەدیهێنانی ئامانجەکەی، بۆیە خەمبار نەبوو بەو قسانە، بەڵکوو لەبەرخۆیەوە هەندێک جادوی سادەی گوت کە پێویستی بەوە نەبوو ببیتە جادوگەر تاکوو بیزانیت:

– ئابراکا دا برا، من ئەو کەسەم ئەوەی دەیڵێم جێبەجێی دەکەم.

– ئینجا ون بوو، بەڵام ونبوونەکەی زۆری خایاند، بەم جۆرەش بە ئاسانی نەیدەتوانی لێی بدات.

غەیاس هێزێکی لەڕادەبەدەری هەبوو، بە جۆرێک بە ونبوویش دەیتوانی شوێنەکەی دەستنیشان بکات، نەک تەنها ئەوە، بەڵکوو دەیتوانی پێشبینیی جووڵەی داهاتووی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا وا خۆی پیشان دەدا کە نەزانە تاکوو نەورەس متمانەی زیاتری بە خۆی بۆ دروست بکات.

نەورەس بەردێکی بۆ هەڵدا، غەیاسیش بە ئەنقەست خۆی خست بە زەویدا، نەورەس بۆ لای ڕای کرد، بەڵام هەر کە لێی نزیک بووەوە، غەیاس هەستایەوە و یەکسەر گرتی و بە زەویدا دا.

پاشـان لێی نزیـک بـووەوە و پەنـجەی وەکـوو چەقۆ خسـتە سەر ملی و گوتی:

– گرنگترین وانەی ژیان ئەوەیە کە متمانە بە هیچ کەسێک نەکەیت.

دوای ئەوەی زیاتر پەستانی خستە سەر قورگی گوتی:

هەمیشە لە بیرت بێت دەتوانیت هێرشی زیـاتر بکەیت کاتێک متمانە بە کەس ناکەیت.

چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک:

– بەڵام تۆ نزیکترین کەسی دڵی منت.

خراپترین شتەکان لە کەسی غەریبەوە نـایێن، بەڵکوو لەو کەسانەوە دێن کە نزیکترینن لە دڵتەوە.

غەیـاس بە یـارمەتیی نەورەس هەسـتایەوە، پاشـان بەبـێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە دای بە زەویدا.

غەیاس هاواری بەسەردا کرد:

– دەبێت ئامـادە بیـت بـۆ شـتە چاوەڕواننەکراوەکـان، لەبەر ئەوەی دوژمن پێشوەختە ئاگادارت ناکاتەوە.

ئەم جـارە ڕاهێنـانەکەی هێنـدە سـەخت بـوو دەسـتی کـرد بە گریان، غەیـاس زۆر ئـازاری دەچەشـت کە فرمێسکەکانی چـاویی دەبینین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیویست هەمیشە ئامادە و بەهێز بێت.

نەورەس هەر لەسەر زەویيەکە کەوتبوو، غەیاس هاواری بەسەردا کرد:

– دەزانم تۆ بەنیازی یارمەتیت بدەم و چاوەڕوانیت دەستت بگرم و هەڵت بسێنمەوە، چاوەڕێیت باوەشت بکەم و فرمێسکەکانت بسڕم، بەڵام لە جیهانی ڕاستەقینەدا بارودۆخەکە بەم جۆرە نییە، لەبەر ئەوەی سبەی خۆت بە تەنهایت، ئەو کاتەی ژیان دەتدات بە زەویدا و دەکەویت، دەبێت خۆت بە تەنها هەستیتەوە.

نەمە باران بەسەر دەرەختە بەرزەکاندا دایکرد، غەیاس بە ڕوخسارە ئەژدیهائاساکەیەوە گوتی:

– چی دەکەیت گەر ئەم جارە بکەویت؟

– ناکەوم.

– هەموومان ڕۆژێک دەکەوین، ئەوە ژیانە.

دووبارە پرسییەوە:

– چی دەکەیت گەر ئەم جارە بکەویت؟

– هەڵدەستمەوە.

– ئەگەر بۆ جاری دووەم بکەویت چی دەکەیت؟

– هەڵدەستمەوە.

– ئەگەر بۆ جاری سێیەم بکەویت چی دەکەیت؟

– هەڵدەستمەوە.

– جاری چوارەم؟

– هەڵدەستمەوە؟

– جاری پێنجەم؟

– هەڵدەستمەوە.

– ئەی گەر جاری هەزارەم بێت؟

– بۆ جاری هەزارەم هەڵدەستمەوە.

– ئەو کەسەی کە ناکەوێت، ئەوەیە کە لە ژیانیدا هەوڵی هیچی نەداوە. لە بیرت بێت شەرمەزاری لە کەوتندا نیە کچەکەم، بەڵکوو شەرمەزار ئەو کەسەیە کە هەڵناستێتەوە.

لە کاتی ئەو قسانەدا شتێک ڕووی دا کە چاوەڕێی ڕوودانی نەبوون، کەسێک هاتە نێو مەیدانی ڕاهێنانەکە، غەیاس تۆنی دەنگی گۆڕا و پرسیی:

– چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە ئەی سەحاب؟

سەحاب بەڕەو نەورەس دەچوو و گوتی:

– ئەمە ئەو کچەتە کە لەپێناویدا وازت لە خزمەتی پادشا هێنا.

غەیاس ئاگاداری کردەوە:

– زیاتر لێی نزیک نەبیتەوە.

سەحاب گوێی بۆ قسەکەی نەگرت و زیاتر لێی نزیک بووەوە. غەیاس پێی گوت:

– دەزانم تۆ دوای من بوویت بە سێبەری ئەژدیها)پاسەوانی تایبەتی پادشا(، بە هێز و توانای خۆت ئەوەت بەدەست هێناوە،

بەڵام ئەگەر یەک هەنگاوی تر لە کچەکەم نزیک ببیتەوە، ئەوا چیتر وەکوو پاسەوانی پادشا نەگەڕێیتەوە بۆ کۆشک، دڵنیابە بەڵکوو لە حەرەمی پادشادا دەبیت بە خزمەتکار.

سەحاب لە جێی خۆی وەستا، دەیزانی دەکەوێتە کێشەوە ئەگەر لە ڕووی غەیاس بوەستێتەوە.

غەیاس گوتی:

– ئێستا ڕوو لە من بکە و بزانم بۆ هاتووی بۆ ئێرە.

– پادشا داوای بینینت دەکات.

– ماوەیەکی زۆرە وازم لە کارەکەم هێناوە.

– پێت وایە ئەوە نازانێت؟

– کەواتە بۆ داوای بینینم دەکات؟

– کە یەکتان بینی، خۆی پێت دەڵێت.

غەیاس بەرەو کچەکەی چوو و دەستی یارمەتی بۆ درێژ کرد، بەڵام نەورەس ڕەتی کردەوە و گوتی:

– خۆم هەڵدەستمەوە.

غەیاس لە ناخەوە زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی:

– لەگەڵ ڕەعدا بگەڕێوە بۆ ماڵەوە تاکوو خۆم دەگەڕێمەوە.

پاشان بەرەو کۆشک ڕۆیشت.

بەڵام نەیدەزانی ئەوە کۆتا جارە.

٢

دارستانی هیرا سیلیا

ئەرین

نەورەس لە جێی خۆی هەستایەوە و بە دەنگێکی ماندووەوە گوتی:

– دوام بکەوە ڕەعد.

لە کاتێکدا کە بێدەنگانە بە نێو ڕاڕەوی دارستانەکدا بۆ ماڵەوە دەگەڕانەوە، دەنگێکیان لە بەشی باشووری دارستانەکەوە بیست؛ لەو ناوچەیەی کە پێی دەگوترا ئەرین.

نەورەس دیتی پێنج پیاوی کەتە کە هەر لە دێوی بچووک بچووک دەچوون، ڕایان دەکرد وەکوو ئەوەی دوای گەنجینەیەکی هەڵهاتوو کەوتبێتن.

لەگەڵ ئەوەی باوکی ئاگاداری کردبووەوە کە نەچێت بۆ ئەو جێیەی دارستانەکە، بەڵام کونجکۆڵییەکەی هەموو ئەو ئاگادارکردنەوانەی لە بیر بردبووەوە، بۆیە بڕیاری دا بچێت و تەماشا بکات.

ڕەعد جلەکانیی ڕاکێشا و دەیویست بیری بخاتەوە:

– بگەڕێـــوە مـــاڵەوە ئەگەر دەتەوێـــت، مـــن بە خێرایـــی تەماشایەک دەکەم و دەگەڕێمەوە.

ڕەعـــد مینگەمینگـــی دەکـــرد و ئەویـــش لە مەبەســـتەکەی تێگەیشت:

– بێخەم بە دەگەڕێینەوە بەر لەوەی باوکمان بگەڕێتەوە.

– ... –

کە هەستی بە دوودڵیی سـەگەکە کرد لە نێوان هەنگاونـان و گەڕانەوەدا، گوتی:

– هـیچ شـتێک ڕوو نـادات ئەگەر ئەم سەرکێشـییە بچـووکە بکەین ئەی شێرە ڕەشەکە.

ڕەعـد بەو نازنـاوە هەسـتی بە گەورەیـی دەکـرد، بـۆیە بە ڕاکـــردن دوای کەوت بەرەو ئەو جێـــیەی کە تێیـــدا مێیـــنەی ئەژدیهاکان هێلکەکانیان دادەنا.

لە پشتی زەلەکانی دارستانە چڕەکەوە نەورەس بە وریـاییەوە تەماشـای ئەو پیـاوە زەبەلاحـانەی دەکـرد، یەکێکیـان هێلکەیەکـی سووری تۆخی بە دەستەوە بوو.

هێلکەکە زۆر گەورە بوو و دەشیا پیاوەکە بە هەردوو دەست بیگرێت، شێوەشـی لە هـێلکەی ئاسـایی نەدەچـوو، هەندێک پەڵەی لەسەر بوو کە هەر لە ئەنەناس دەچوو.

پیاوە زەبەلاحە گوتی:

– چەند مانگێکی زۆرمان پێ چوو، پیاوانێکی زۆرمان لە دەست داون تاکوو توانیمان ئەژیدها دایکەکە بکوژین، ئەگەر لە سەرەتاوە بمانزانیایە تەنها یەک هێلکەیە، خۆم هێندە ماندوو نەدەکرد.

پیاوەکەی تر کە لەوە دەچوو سەرداریان بێت، گوتی:

– لە بیری مەکە سوورە، ئەمەش مانای ئەوەیە بێچووەکەی نێوی هێزی زۆر لەڕادەبەدەری هەیە، دڵنیابە، هێشتا دەتوانین سەروەتیکی زۆر بەدەست بهێنین ئەگەر هێلکەکە پێشکەش بە کەسێکی گونجاو بکەین.

پاشان سەردارەکەیان گوتی:

– با لێرە بڕۆین بەر لەوەی یەکێک لە پاسەوانەکان پێمان بزانێت.

نەورەس ژیانی پڕ لە خۆشەویستی بوو، ئەوەش بە هۆکاری غەیاسی باوکی بوو کە خۆشەویستیی دایکیشیی پێ دابوو.

بەڵام نەبوونی دایک ئەو شتەیە کە هەرگیز پڕ نابێتەوە، بۆیە لە هەموو جارێکدا کە دەخەوت، هیوایەکی دەخواست، ئەویش ئەوە بوو کە بچێتە بەهەشتەوە، لەبەر ئەوەی بەهەشتەکەی ئەو باوەشی دایکی بوو.

ئەمەش وای کرد ئێستا ئەم دیمەنە لە گۆشەنیگایەکی ترەوە بەدی بکات، ئەو پیاوانە بێچووە ئەژدیهایەکیان لە نێو هێلکەکەوە لە دایکی جیا کردووەتەوە، ئەو هۆکارەش بۆ ئەو بەس بوو خۆی ئاشکرا بکات بۆیان و پەلاماریان بدات.

ڕەعد دووبارە بە دڵانەکانی جلەکەی ڕادەکێشا و دەیزانی خاوەنەکەی چیی دەوێت.

گوتی:

– لە جێی خۆت بمێنەرەوە.

پێنج ڕاوچییەکە ئامادەی دەرچوون بوون لە ئەرین، بەڵام سەرسام بوون بە بینینی کچێکی بچووک کە وا پێدەچوو حەوت یاخود دە ساڵان بێت و ڕێگەی لێ گرتوون و بە ڕقەوە تەماشایان دەکات.

سەرداری ڕاوچییەکان هێلکەکەی خستەوە نێو جانتا چەرمەکەی، پێدەچوو نەیەوێت ئەو کچە ئەو دیمەنانە ببینێت، بە زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕانەوە گوتی:

– دایکت ون کردووە ئەی بچکۆلە؟

نەورەس:

– هەموو شتێکم بینی بە سەلامەت، لێرە ناچنە دەرەوە بەرانبەر ئەوەی کردووتانە.

بە جدی هەڕەشەکەیان وەرنەگرت، چونکە جگە لە منداڵێکی بچووک بۆ ئەوان هیچ نەبوو، بەڵام کە گوتی هەموو شتێکم بینیوە، یەکێک لەوان گوتی:

– منداڵان قسە دەگێڕنەوە، قسەش دەماودەم دەگوازرێتەوە تاکوو دەگات بە دەمی پاسەوانانی کۆشک و ئەو کاتە دەکەوینە کێشەوە.

یەکێکی تریان گوتی:

– پێـدەچێت زۆر جـوان بێـت لە گەورەییـدا، بـێ گومـان بازرگانەکـان کێبڕکـێ دەکەن لەسـەر کڕینـی ئەگەر بیـبەین بـۆ بازاڕی کۆیلە و کەنیزەکەکان.

سەردارەکەیان بیرۆکەیەکی تری هەبوو: «کەسێک بە دوایدا دەگەڕێـت و ئەو کـاتە کارەکەمـان ئاشـکرا دەبێـت، دەبێـت ئەم منداڵە بنێژرێت و ئەوەشی دەیزانێت لەگەڵیدا بینێژین.»

فەرمانی بە یەکێک لە پیاوەکانی کرد کە بیگرن.

یەکێـک لە پیـاوە زەبەلاحەکـان کە بە هۆکـاری بەڵەکـی ڕوخسـاری سـپی بووبـوو، لێی نزیـک بـووەوە، نەورەس هێـزە تایبەتەکەی بەکار هێنا، بەڵام بە هۆکارێکی نادیار نەیتوانی خۆی بشارێتەوە و پیاوەکە گرتی.

دووبارە هەوڵی دایەوە هێزەکەی بەکار بێنێت، وەلێ بێسـوود بوو، چونکە دەستبەسـەر کرا، ئەو کاتە قسـەکەی غەیاسی بیر کەوتەوە کە پێی گوتبوو:

– دڵتەنگ مەبە، چونکە دڵتەنگی خاڵی لاوازی تۆیە.

نەورەس خـــــــۆی دەستەوەســـــــتان دەبینـــــــی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پیـاوە بەهێزانەدا، هێشـتا خۆی نەدا بە دەستەوە، بەڵکوو قەپـی کرد بە دەسـتی پیـاوە بەڵەکەکەدا و لە دەستی ڕای کرد.

دەیزانی ناتوانێت ڕابکات بەبێ بەکارهێنانی هێزە تایبەتەکەی، ئەو کاتە بە ئاسانی ئەو پیاوانە دەتوانن بیگرن، بەڵام هیچ شتێک جـگە لەوەی بـاوکی فێـری کردبـوو لەو کـاتەدا بە خەیاڵیـدا نەدەهات جێبەجێی بکات.

گرنگ نییە بەهێز بیت، لەبەر ئەوەی هەمیشە کەسێک هەیە هێزی خۆیت بەسەردا بسەپێنێت، گرنگ ئەوەیە هەرگیز خۆت نەدەیت بە دەستەوە، چونکە ئەو کاتە دەڵێن بەتوانا بمرێت زۆر باشترە هەزار جار لەوەی ترسنۆکییەکەی زیندوو بێت.

بە دوای ئەو چەکەدا گەڕا کە ئەو پێنج ڕاوچییە بەکاریان دەهێنا، کە هیچی نەدۆزیەوە بڕیاری دا تاکێک لە پێڵاوەکانی داکەند.

ڕاوچییە بەڵەکەکە پەلاماری دا، بەڵام دووبارە هێرشەکەی سەری نەگرت و کەوتە بن دەستەکانی، لێی نزیک بووەوە و پێڵاوەکەیی تێ گرت، پیاوە بەڵەکەکەش بە تووندی زللەیەکی بە دەموچاویدا کێشا، ویستی بگرێ، بەڵام بڕیاری دا پێبکەنێت تاکوو خۆشییەکەی لێ بشێوێنێت.

پیاوە بەڵەکەکە تورە بوو، بۆیە چەند زللەیەکی تری لێ دا.

لەو کاتەدا:

ڕەعد کە لە پشت زەللەکانەوە خۆی شاردبووەوە، نەیدەتوانی لەوە زیاتر خۆی حەشار بدات، لە کاتێکدا هاوڕێکەی لەو بارودۆخە خراپەدایە، بۆیە ڕاستەوخۆ هاتە دەرەوە بەرەو ڕاوچییە بەڵەکەکە و هێرشی کردە سەر، بەر لەوەی پێی بگات ڕاوچییەکی تر لێی دا.

لێدانەکەی زۆر مەترسیدار بوو، دەیتوانی لەو شوێنە ڕابکات، وەلێ بڕیاری دا لە جێی خۆی نەجووڵێت و ئامادەی مردن بێت، ڕەعد پەلاماری ئەو ڕاوچییەی نەدا کە لێی دا، بەڵکوو بەرەو ئەو ڕاوچییە چوو کە نەورەسی گرتبوو.

نەورەس دەگریا و نەیدەویست ئەویش بکەوێتە مەترسییەوە:

– ڕاکە ڕەعد.

ئەو پیاوە هاتەوە کە کێشای بە پشتە ملی ڕەعددا، دووبارە لێی دایەوە و ئەم جارەش لە هەمان شوێن، سەگەکە دانێکی کەوتە نێو دەمی، نەورەس هاواری کرد:

– تەماشام بکە.

ڕەعد تەماشای کرد، دەیزانی باوکیان زۆر لێیانەوە دووڕە و ناتوانێت بێت و ڕزگاریان بکات:

– کەمێک خۆت بگرە، بەیەکەوە دەگەڕێینەوە ماڵەوە.

ڕەعد زەردەخەنەیەکی کرد، چونکە لە سەرەمەرگدا بوو و کۆتا ساتەکانیی بە دەنگی ئەو دەبردە سەر.

سەرداڕەکەیان فەرمانی بە یەکێکیان کرد:

– بیکوژن و سەگەکەشی لەگەڵدا بنێژن.

فەرمانەکەیان جێبەجێ کرد:

بەڵەکەکە چەقۆیەکەی لە گیرفانی دەر هێنا و خستییە سەر ملی نەورەس.

٣

ڕەشئەسمەر

بەر لەوەی بیکوژێت، هێزێکی دەرەکی هات و لە دەستی ڕاوچییەکە دەری هێنا، ڕاوچییە بەڵەکەکە ئەو کەسەی نەدیت کە لە دەستی دەری هێنا، لەبەر ئەوەی کوشتی، جەستەی کەوتە سەر زەوییەکە و پێش ئەوەی جەستەی ئەویش بکەوێتە سەر زەوی، جەستەی چوار ڕاوچییەکەی تریش لەگەڵیدا کەوتنە سەر زەوی.

**

ئەو کەسەی ڕزگاری کرد غەیاسی باوکی نەبوو، بە لایەوە گرنگ نەبوو بزانێت کێیە، ئەوەی بە لایەوە گرنگ بوو ڕەعد بوو کە بەرەو پیری ڕای کرد.

جەستەی لە جووڵە کەوتبوو و بە گوێیدا چپاندی:

– هەستەوە، دەگەڕێنەوە ماڵەوە.

لە کاتێکدا هیچ جوواڵەی نەبوو، ڕووی کردە ئافرەتە ڕەشئەسمەرەکە کە قژێکی پڕی هەبوو و هەمووی بۆ دواوە بردبوو و وەکوو کلکی ئەسپ بەستبووی، نەورەس حاڵی سەگەکەی لێ پرسی:

– چییەتی؟ بۆچی وەڵام ناداتەوە؟

ئافرەتە ئەسمەرەکە دانەویەوە سەر زەویەکە، لە ڕەعد نزیک بووەوە و دەستی لە چاوی بردە پێش و گوتی:

– مردووە.

ئەوە یەکەمین جار بوو نەورەس تامی هەستی لەدەستدان بکات، هەستی بە خنکان دەکرد وەک ئەوەی کەسێک فەردەیەک ئاردی پڕی لەسەر سەری دانابێت و داوای لێ کردبێت هەناسە بدات.

مێشکی دوورکەوتنەوەی یەکجاریی ڕەد دەکردەوە:

– با بیبەین بۆ لای حەکیمێک، بەشکم لە مردن بیگێڕێتەوە.

– مردووەکان جەستەیان جێ دەێڵن و دەچنە جێیەکی تر.

– کەی دەگەڕێنەوە؟

– ئەوان ناگەڕێنەوە، بەڵکوو چاوەڕوانیی هاتنی ئێمە دەکەن.

نەورەس چاوەکانی پڕفرمێسک بوون:

– ئایا مردووەکان برسییان دەبێت؟

– مردووەکان برسییان نابێت، تەنها زیندووەکانن بیریان دەکەن.

نەورەس یەکەمین جاری بوو ئەو ئافرەتە ئەسمەرە ببینێت، بەڵام هەستێکی ئاسایشی سەیری هەبوو و سەری خستە سەر شانی ئافرەتەکە و پرسیی:

– ناوت چییە؟

– ڕەیحانەی کچی مەیسەم.

– ئایا چ ڕێکەوتێک تۆی هێناوە بۆ ئێرە ڕەیحانە؟

– باوکت.

– باوکم دەناسیت؟

– غەیاسی باوکت فەرماندەی گرووپی تایبەت بە پارێزگاریی پادشایە، ئەو داوای لێ کردم بێم و بتدۆزمەوە.

– سوپاس کە هاتیت.

ڕەیحانە دەیزانی ڕەعد تەنها سەگێک نەبوو بۆ نەورەس، بەڵکوو هاوڕێیەکی بەوەفا بوو بۆی، کە وەکوو یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی وەها بوو، بۆیە دەستی گرت و گوتی:

– هەموو شت تێدەپەڕێت.

– بەڵام ئەم برینە لەوە گەورەترە تێپەڕێت.

ڕەیحانە بێدەنگ بوو، لەوە دەچوو ئەو ڕستەیە شتێکی بیر خستبێتەوە:

– نەورەس کە لە تەمەنـی تـۆدا بـووم بـاوکم مـرد. بیـرمە هەمان ڕستەی تۆم گوتەوە؛ **ئەم ئازارە لەوە گەورەترە تێپەڕ بێت**، بەڵام دەزانیت چی ڕووی دا؟

– چی؟

– کات تێی پەڕاند.

– ئایا لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا لە بیری دەکەین؟

– نەخێر، بەڵام وامان لێ دەکات لەگەڵ ئەو خەمەدا بژیین.

ئەو پرسیارە لە میشکیدا دەخولایەوە:

– چـۆن لەگەڵ ئەو ڕاسـتییەدا بـژیم کە مـن بـوومەتە هـۆی مردنی؟

– کەس هۆکاری مردنی کەس نییە، کەسیش پێش کاتی خـۆی نامرێت نەورەس، تەنـانەت ئەگەر لە مـاڵەوەش بوونـایە ڕەعـد لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا دەمرد، بەڵام بە شێوەیەکی تر.

– پێت وایە؟

– زۆر لێـی دڵنیـام، وەکـوو چـۆن لەوە دڵنیـام ئێسـتا لەگەڵ **جوانترین مێرووی** جیهاندا قسە دەکەم.

گەرچـی زۆر دڵتەنـگ بـوو، بەڵام زەردەخەنەیەکـی خەمبـارانە نیشـتە سـەر ڕوخسـاری نەورەس کە بە مێرووی بچـووک نـاوی برد، دواییش گۆڕێکی بچووکیان بۆ هەڵکەند و تێیان کرد.

نەورەس کە مااڵئاوای لێ کرد:

– ببوورە، ئەم جارە بەبێ تۆ دەچمەوە ماڵێ.

خۆڵیان پێدا کرد تاکوو گۆڕەکەیان داخستەوە، بەر لەوەی بڕوات ئەو کەڵبە درێژەی کە لە دەمی کەوتبوو لەگەڵ خۆیدا بردی، تاکوو دوایی بیکاتە ملوانکەیەک و بیکاتە ملی و تەواوی تەمەنی لە بیری بێت.

هەردووکیان ڕۆیشتن، زۆر دوور نەکەوتنەوە نەورەس شتێکی بینی کە باوەڕی نەدەکرد ببینێتەوە، هەستی دەکرد ئەوە خەیاڵە.

ڕەعد لە بەردەمیدا وەستابوو.

٤

ڕەعد

هیـوادار بـوو بە ڕاسـتی بیبینێتـەوە، بەڵام لە ناخیـدا شـتێکی تری دەگوت بۆیە لە ڕەیحانەی پرسی:

– ئایا ئەوەی من دەیبینم تۆش دەیبینیت؟

ڕەیحانە دەیزانی باسی چی دەکات:

– ئەوە ڕەعدە؟

– بەڵێ، تۆش دەتوانیت بیبینیت؟

– نەخێر، بەڵام دەتـوانم هۆکاری هاتنیت پێ بڵێم، لە کاتێکدا نەورەس هەر لە سـەگە ڕەشـەکەی ورد دەبـووەوە و بـاوەڕی بە چاوانی خۆی نەدەکرد.

ڕەیحانە گوتی:

– شتێک هەیە کە ڕێگری لەڕۆحی دەکات بڕوات.

نەورەس وەڵامی ئەو قسـە سـەیرەی دایەوە:

– شتێک ڕێگری لە ڕۆحی دەکات؟

– بەڵێ، ڕۆحی لێرە گیر دەبێت تا ئەو کاتەی ئازاد دەکرێت.

– چۆن ئازاد دەبێت؟

– دەبێت داواکارییەکەی جێبەجێ بکەیت.

– داواکاریی کۆتایی چییە؟

– نازانم، بەڵام پێویست دەکات خۆت ئەوە بدۆزیتەوە.

– باشە، کەواتە....

نەورەس بێدەنگی دایگرت و ڕستەکەی پێ تەواو نەکرا.

ڕەیحانە پرسیی:

– چیتە؟

– ڕۆحێکی تر هەیە، هاتووە بە دوای ڕەعددا.

– باسی چ ڕۆحێک دەکەیت؟

– ڕۆحی دایک، ڕۆحی دایکە ئەژدیهاکە کە ڕاوچییەکان کوشتیان.

ڕۆحی دایکە ئەژدیهاکە هێندە گەورە بوو کە نەورەس لە بەردەمیدا وەکوو بوکەڵەیەکی بچووک وەها بوو، ڕۆحی دایکەکە بە بێدەنگی تەماشای نەورەسی دەکرد و کۆتا داواکاریی لێی هەبوو.

**

پاشان نەورەس بە پەلە ڕای کرد بەرەو جێیەک، پێدەچوو بە دوای شتێکەوە بێت.

ڕەیحانە بانگی کرد:

– ڕاوەستە، بۆ کوێ دەچیت؟

بە دوای نەورەسدا ڕای کرد:

– بە دوای ڕەعـد و دایـکە ئەژدیهـاکەدا، ئـاوا داوا دەکەن بە دوایان بکەوم.

ڕۆحەکـان ئەویـان بـرد بـۆ جێـیەک کە جەسـتەی پێـنج ڕاوچییەکەی لێ کەوتبوو، نەورەس بە دوای ڕۆحی ڕەعددا چوو کە بـردی بـۆ لای جەسـتەی گەورەی ڕاوچییەکـان و پێـدەچوو داوای شتێکی لی بکات.

گوتی:

– هیچ تێناگەم ڕەعد.

بە ئاماژەی سەر بردی بەرە لای جانتاکە، وا دیار بـوو داوای لێ بکات جانتاکە بکاتەوە.

نەورەس دەستی بردە نێو جانتای گەورەی ڕاوچییەکان و لە نێویـدا هـێلکە سـوورەکەی ئەژدیهـاکەی دەر هێنـا و لە ئامـاژەکە تێنەدەگەیشـت، ڕۆحـی ئەژدیهـاکە نزیـک بـووەوە و نەورەس لە نێو چاویدا ئەوەی لە نێو هێلکەکەدا بوو بینی.

نەورەس لە کۆتاییدا لە داواکارییەکەی تێگەیشت:

– گرنگی به بێچووەکەت دەدەم، تۆش گرنگی بە براکەم دەدەیت، ڕێک کەوتین؟

دایکە ئەژدیهاکە چاوی تروکاند و ئەوەش مانای ئەوە بوو کە بڵێت **بەڵێ ڕێک کەوتین.**

٥

شانشینی گەورەی ئەژدیها

کۆشکی پادشایەتی

غەیاس دەیزانی بابەتێکی گرنگ هەیە کە دەبێت خۆیی بۆ ئامادە بکات، بە پشتبەستن بەوەی لە بەردەمیدا پووی دەدا، لەبەر ئەوەی ژەنەرالەکانی جەنگ لای دەرگای هۆڵی پادشایەتییەوە ڕێزیان بەستبوو و تا بەردەم پادشا چاوەڕێی گەیشتنی غەیاس بوون.

لەگەڵ هەستیاریی دۆخەکەدا، غەیاس هیچ بیرۆکەیەکی لەبارەیەوە نەبوو، بەڵام پادشا بۆ بینینی زۆر پەرۆش بوو، کە چووە ژوورەوە پێی گوت:

– شازنە بچکۆلەکەت چۆنە؟

غەیاس دەیزانی پادشا لەبەر هەواڵپرسینی کچەکەی داوای بینینی نەکردووە، دەیزانی ئەگەر کێشەیەکی گەورە لە ئارادا نەبێت، بەم جۆرە گفتوگۆی لەگەڵدا ناکاتەوە.

– ئەو باشە جەنابی پادشا.

– پێیان گوتم که لەگەڵ کچەکەتدا لە دارستانی هیرا سیلیا بووین.

– منیش ڕاستەوخۆ بەدەم بانگکردنەکەتەوە هاتم.

– ئەی چۆن شاژنەکەت لەو دارستانە مەترسیدارە بەبێ پارێزگاری بەجێ دەهێڵیت؟

– داوام لە یەکێک لە پاسەوانەکانت کرد بچن بۆ لای، پادشا زەردەخەنەیەکی کرد:

– لەگەڵ دوورکەوتنەوەت لە کۆشکدا، هێشتا هەندێک پاسەوانی دڵسۆز هەن لەژێر فەرماندا کار دەکەن غەیاس.

– لە سایەی تۆوەیە گەورەم.

– هەر لەبەر ئەو هۆکارەش داوای بینیتم کردووە.

غەیاس دەیویست هۆکاری بانگکردنەکە ئاشکرا بێت، بەڵام پادشا دوودڵ بوو لە گوتنی، لە کۆتاییدا لەسەر کورسییەکەی هەستایەوە و دەستی خستە سەر شانی و پێی گوت:

– ببووڕە کوڕەکەم، بەڵام ئێمە ناچارین.

پاشان هۆڵی پادشایەتیی جێ هێشت.

غەیاس تەمەنێکی زۆری لە خزمەتی پادشادا بەسەر بردبوو، بۆیە دەیزانی مانای ئەو هەڵسوکەوە چییە؛ شتێک هەیە کە دەبێت پادشا بیکات، بەڵام لە ڕووی نایێ بیڵێت، کە هۆڵەکەشی جێ هێشت مانای ئەوە بوو ژەنەراڵەکان بابەتەکە لە غەیاس بگەیەنن.

غەیاس ڕووی کردە سەحابی سێبەری ئەژدیها و گوتی:

– باشترە زۆر درێژە بەم ئەرکە گرنگە نەدەین.

سەحاب بارودۆخەکەی بۆ ڕوون کردەوە:

– مەملەکەتی ئەبابیل جەنگێکی گەورە دژی مەملەکەتەکانی جیهانی خواروو هەڵدەگیرسێنێت، ئەمڕۆ وەکوو هاوپەیمانیەتیی جەنگ نامەی ئامادەباشیمان پێ گەیشتووە کە دەبێت لەم جەنگەدا بچینە پاڵیان.

غەیاس لە کۆتاییدا زانیی بۆچی بانگ کراوە:

– دەتانەوێت من ئەو سوپایە بەڕێوە ببەم کە هاوپەیمانە لەگەڵ سوپاکەی مەملەکەتی ئەبابیل؟

– بەڵێ و نەخێر لە هەمان کاتدا.

– تێنەگەیشتم.

– بەڵێ، دەیانەوێت سوپاکە بەڕێوە ببەیت، بەڵام نەک شانبەشانی ئەبابیلی هاوپەیمانمانە، بەڵکوو ئەوەی کە لە دژییەتی و دۆڕانەکەی دەستەبەر دەکات لەو جەنگەدا.

٦

پلانی بەجێهێشتن

غەیاس کە هەموو شتێکی لا تێکەڵوپێکەڵ بووبوو:

– بۆچی دەیانەوێت سوپایەکی ڕێکنەخراو بنێرنە جەنگی دژی ئەبابیل؟

– لەبەر ئەوەی نامانەوێت لەم جەنگەدا سەر بکەوێت.

دوای چەند ساتێک لە بیرەنگی، سەحابی سێبەری ئەژدیها پلانی سیاسیی حکومەتی شانشینی ئەژدیهای بۆ ڕوون کردەوە:

– ئەگەر مەملەکەتی ئەبابیل لەم جەنگەدا سەرکەوتوو ببێت، ئەوا بەشێکی زۆری خاکی جیهانی خواروو داگیر دەکات و ئەو کاتە پارە و چەک و سەربازی زۆر دەبێت و گەلێک بەهێز دەبێت، ئەمەش دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئێمە و ناوچەکە، ڕەنگە لە داهاتوودا ئێمەش داگیر بکات.

– ئەی بۆچی منتان هەڵبژاردووە؟

– چونکه له نێو سوپادا غەیاسدا جەماوەرێکی زۆرت هەیە، زۆربەی سەربازەکان ڕێزت لێ دەگرن و قەرزاری تۆن، بۆیە دەمانەوێت سوپایەکی هەڕەمەکیی جەنگاوەر دروست بکەیت کە لە پێنجسەد هەزار کەس پێک بێت و لە دژی ئەبابیل پێشەواییان بکەیت بۆ خاکی جیهانی خواروو.

غەیاس دەیویست لەگەڵ کچەکەیدا بە ئاشتی بژی، بەڵام ئەوە تاکە هۆکاری ئەو نەبوو کە ئەرکەکە ڕەد بکاتەوە، بەڵکوو هۆکارێکی تری هەبوو؛ مەملەکەتی ئەبابیل جێیەکی تایبەتی لە دڵیدا هەبوو:

– من هەرگیز لەم پلانە قێزەونەدا بەشدار نابم.

حکومەتی شانشینی ئەژدیها لەبەر سێ هۆکار غەیاسی هەڵبژاردبوو.

هۆکاری یەکەم: لەبەر ئەوەی زۆر خۆشەویست بوو لای سەربازەکان.

هۆکاری دووەم: هێز و تواناکەی بوو، دەیتوانی پلانی تۆکمە دابڕێژێت و جێبەجێی بکات.

هۆکاری سێیەم لە هەمووی گرنگتر بوو: لەبەر ئەوەی سەربازێکی دابڕاو بوو، هەرچەندی ئەو چیتر سەر بە حوکوومەت نەمابوو، بەڵام لە بارودۆخێکدا پلانەکانیان ئاشکرا ببێت، بێ گومان خۆی بە دەستەوە نادات و ناپاکییان لێ ناکات.

**

سەحاب گوتی:

– دەبێت قایل بیت غەیاس.

غەیاس وا خۆی پیشان دا کە بە لایەوە گرنگ نییە:

– ماوەیەکی زۆرە لە جەنگ دابڕاوم، چیتر بەڕێوەبردنی جەنگ ئەرکی من نییە.

ئینجا بە تووڕەییەوە بە ئاڕاستەی دەرگای کۆشکی پادشایەتی ڕۆیشت و گوتی:

– ئەگەر کەسێک لە دژی بڕیارەکەمە با لە دژم بوەستێتەوە.

**

کە غەیاس ویستی هۆڵی پادشایەتی بەجێ بهێڵێت، نزیکترین هاوڕێی خۆی کە ڕەیحانەی کچی مەیسەم بوو، هاتە بەردەمی، بزەیەکی کرد و پرسیی:

– ئایا نەورەس و ڕەعد باشن؟

– نەورەس چووە ماڵەوە و ئەو باشە.

– ڕەعد؟

بە دەنگێکی پڕخەمەوە گوتی:

چووە بۆ جێیەکی باشتر.

ئەوەی بەسەر ڕەعددا هات بۆی باس کرد کە چۆن چاونەترسانە لە نێو دارستانەکەدا لە ئەنجامی بەرگریکردنی لە نەورەس مردووە.

**

لە نێو هۆڵی پادشایەتیدا:

دەستێکی نێو پەیکەرە ڕەشەکە کە جلوبەرگە فراوانە ڕەشەکەی لە بەردا بوو، دەستی دەرهێنا و لە پشتی پەردەکانەوە و پارچەیەکی چەرمیی دا بە سەحاب.

خاوەنی دەستەکە بە سەحابی گوت:

– غەیاس بگرەوە و ئەمەی پێ بدە.

**

بەر لەوەی غەیاس دەرگای کۆشک بەجێ بهێڵێت، سەحاب پێی گەیشتەوە و دەستی درێژ کرد و پارچە چەرمەکەی دایێ، کە غەیاس پارچەکەی بە دەستییەوە گرت، خوێندییەوە و گیانی کەوتە لەرزین.

دوای چەند چرکەیەک گوتی:

– کەی دەتانەوێت سوپاکە دەست بە جوولە بکات؟

٧

نهێنییه قوولەکەی غەیاس

لە ئێوارەی ڕۆژی دواتردا: غەیاس سەرقاڵی ئامادەکردنی کچەکەی بوو، دەیبرد بۆ ئەوپەڕی لادێکە بۆ لای یەکێک لە خزمە نزیکەکانی کە پیاوێکی بەتەمەن بوو بە ناوی **میلاد**، غەیاس هێندەی متمانە پێی هەبوو بە باپیرە بانگی دەکرد.

لەو کاتەی هەردووکیان بەڕێ کەوتن بۆ ماڵی باپیرە، نەورەس لە نیوە ڕێگا وەستا و تووڕەگە جلەکەی فڕێدا و بە تووڕەییەوە گوتی:

– تۆ دەرفەتی قسەکردنت بۆ نەهێشتمەوە.

غەیاس بەبێ ئەوەی ئاوڕی لێ بداتەوە گوتی:

– پێم گوتیت کە ئەرکەکە پەلەیە.

– بەڵام نامەوێت بچمە ماڵی باپیرە.

– باسی ئەم بابەتەمان کرد، من لە ماڵەوە بە تەنها جێت ناهێڵم.

– منیش نامەوێت بە تەنها بمێنمەوە، دەمەوێت لەگەڵت بێم بۆ جەنگ.

بوەستە.

غەیاس باسی جەنگی لای کچەکەی نەکردبوو تاکوو لە ناخیدا ترس نەوروژێنێت، تەنها پێی گوتبوو پادشا کاری پێیەتی و دەیەوێت چاوی پێی بکەوێت، کەواتە کێ ڕاستییەکەی پێ گوتووە؟

– چۆن زانیت کە من دەچم بۆ شەڕ؟

– لە لادێکەماندا جگە لە باسی جەنگ هیچ باسێکی تر لە ئارادا نییە.

– ئەی چۆن زانیت منیش دێم؟

– پادشا لە کاتێکی وەک ئێستادا بانگت ناکات، بۆ مەیدانی جەنگ نەبێت.

غەیاس هەناسەیەکی قوواڵی هەڵمژی و خۆی بە دەستەوە دا:

– هەندێک جار لە بیری دەکەم کە مێشکت هەیە.

– بمبە لەگەڵ خۆت.

– من بۆ ڕاوەماسی ناچم، تاکوو بتبەم لەگەڵ خۆم.

– کەواتە بۆچی ڕاهێنانم پێ دەکەیت کە ناتەوێت لەگەڵت بێم، خۆ لە مااڵی باپیرە پەلامارم نادەن؟

– ئەمە جەنگێکی ئاسایی نییە دوو مەملەکەت بەرانبەر یەک بن، بەڵکوو جەنگێکە دوو جیهان بەرانبەر یەکن.

کەمێک بێدەنگ بوو بەر لەوەی چاوە قاوەییەکانی هەڵبێنێت و بەڵێنی پێ بدات:

– بمبەیت لەگەڵ خۆت عاسفت بۆ دەکوژم.

ئەوەی لە نێو خەڵکدا بڵاو بووبووەوە کە مەملەکەتی ئەژدیها و مەملەکەتی ئەبابیل هاوپەیمانن، بەڵام پێچەوانەی ئەمە جگە لە غەیاس و پادشا و چەند دەستوپێوەندێکی، کەسی دیکە بەو ڕاستییەی نەدەزانی.

– چۆن ئەمەت زانی؟

– گوێم لێ بوو لەبەرخۆتەوە ناویت دەگوتەوە کە خەوتبووایت، بۆیە زانیم لە جەنگەکەدا ئەو دەبێتە دوژمنت.

دووبارە بەڵێنەکەی لێ وەرگرتەوە:

– بمبە، بەڵێنت پێ دەدەم عاسفت بۆ دەکوژم.

تورەگەکەی هەڵگرت و نەورەسی بە دوای خۆیدا ڕاکێشا:

– بێ گومان دواکەوتین بۆ لای باپیرە، ئەو ئێستا چاوەڕێمانە.

هەردووکیان بەرەو لای باپیرە ڕۆیشتن. لە بەردەم دەرگاکەدا چاوەڕوانیی دەکردن، نەورەس لە باوکیی پرسی بەر لەوەی بچێتە ژوورەوە:

– کەی لەوێ دەگەڕێیتەوە؟

غەیاس دەیزانی ڕەنگە ئەمە کۆتا دیداری ئەوان بێت، بۆیە دۆری لەگەڵدا نەکرد:

– نازانم کەی دەگەڕێمەوە.

باپیرە لەو کاتەدا لە بارودۆخە شەرمەزارییەکە غەیاسی ڕزگار کرد:

– نەورەس ئێستا بچۆ ژوورەکەت، تورەگەکەشت لەوێ دابنێ.

– باشە باپیرە.

بەر لەوەی بڕوات غەیاس گەڕاندییەوە و لە ئامێزی گرت و ئەو ڕستەیەی پێ گوت کە دایکی بە خۆی و خوشکەکەیی دەگوت بەر لەوەی جێیان بێڵێت. دوای ئەوەی تەواو دەبوو لە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی، دەیگوت:

– هەمیشە لە بیرت بێت کچەکەم خودای گەورە وەڵامی نزای نزاکەر دەداتەوە، باشە؟

پێی گوت دەیزانی ڕستەی دواتری ئەمە دەبێت: «هەر نزایەک بێت؟»

– بەڵێ هەر نزایەک بێت.

– باشە ڕێک کەوتین.

پاشان بەرەو ژوورەکەی چوو.

باپیرەکە بە غەیاسی گوت:

– ئایا هێندە گرنگ بوو بەشداریی ئەم جەنگە بکەیت؟

– مەن نەمدەویست، وەلێ بەڵێنێکی خۆینینم بە عیزرا دا، ئەویش دابووی بە پادشا یەمان و لە دژی من بەکاری هێنا.

باپیرەکە سەری قایلبوونی لەقاند و گوتی:

– نەورەس سەلامەت دەبێت تاکوو دەگەڕێیتەوە.

غەیاس شتێکی لە گیرفانی دەر هێنا:

– ئەگەر جەنـــگ تەواو بـــوو و نەگەڕامەوە، دەمەوێـــت ئەم کاغەزە بدەیت بە نەورەس.

باپیرەکە کاغەزەکەی لێ وەرگرت و پرسیی:

– ئایا ڕاستییەکەت پێ گوتووە؟

– بەڵـێ، وتـوومە کە بـاوکی ڕاسـتەقینەی ئەو نـیم، نامەوێـت دوای مردنـی مـن بە تەنهـا بمێنێتەوە و دەبێت نەورەس بە دوای خێزانی ڕاستەقینەی خۆیدا بگەڕێت و لەگەڵیاندا بژیت.

– باسی ئەو ڕاستییە ناکەم.

دەنگی نزم کردەوە تا نەکا نەورەس گوێی لێ بێت:

– باسی ناو و ناسنامە ڕاستەقینەکەت دەکەم.

– نەخێـر، لەبەر ئەوەی هەرگیـز کەس نابێـت بەم ڕاســتییە بزانێت.

٨

سکەخشێ

لە نێـو خەڵکیـدا جـگە لە باسوخواسـتی ئەو جەنـگە، هـیچ باسێکی تـر لە ئـارادا نەبـوو، جەنگێک کە بـۆ هەمیشـە مێژووی دەگـۆڕی، لە کـاتی بڵاوبـوونەوەی ئەم هەواڵە گەورەیەدا دەبـوو غەیاس زۆر وریا بێت، نەدەبوو بکەوێتە جێی سـەرنجی خەڵکی، دەبـوو سـەربازەکان ببـات بەرەو نزیـک دەروازەی جیهـانی خواروو.

**

تەواوی مەملەکەتەکانی جیهانی خواروو دەست لە ناو دەست بـوون بـۆ پارێزگـاریکردن لە جیهانەکەیـان لەو مەترسـییەی کە بەڕێوە بوو.

بـۆیه غەیـاس سـوپاکەی بـردە جیهـانی خـواروو. بـردنییه دورگەیەک کە ناوی **دورگەی عیتموس** بوو، لەوێدا پلانەکەی پێ ڕاگەیاندن:

سـەربازەکان چەکەکانیـان خسـتنە سـەر زەوی و هەنـدێک ئـاڵای سـپیان هەڵـدان. سـەرەتا سـەبازەکانی جیهـانی خـواروو ویسـتیان هێرش بکەنە سـەر ئەو سـوپا نـامۆیە، بەڵام دواتـر کە بینییـان، چەکیـان فـرێ دا و ئـاڵای ئاشـتییان هەڵکـردووە، بـۆیە بڕیاریان دا کە پەیامبەرێکیان بۆ بنێرن.

پەیـامبەرەکە لە سـوپا نـامۆکە نزیـک بـووەوە و بە ئەسـپە باڵـدارەکەی بەرەو لای گەورەتـرین ئاڵایـان چـوو و پرسـیاری هاتنەکەی لێ کردن.

غەیاس وەڵامی دایەوە:

– نامەیەکم پێیە، دەبێت بگاتە پادشاکەت.

پەیـامبەرەکە لەگەڵ خۆیـدا بەهێزتـرین کەلـوپەلی جەنگیـی بردبوو تا نەکا شتێکی نەخوازراو ڕوو بدات. بە غەیاسی گوت:

– خۆت بە تەنها لەگەڵمدا دێیت بەبێ چەک و ئەسپەکەشت.

غەیاس تاکە کەس بوو لە نێو سوپاکەیدا کە هێشتا چەکی پێ بـوو، لە جەنگدا تەنهـا پێشـڕەوی جەنـگەکە چەکەکەی داناگرێت، تەنهـا لە کـاتی دۆڕانـدا نەبێـت، بەڵام لە بـارودۆخی هەسـتیاردا ئەگەر پێویست بکات دەبێت لای ببات، تەواوی چەک و زرێکانی لێ کردنەوە، بەڵام نەیخسـتنە سـەر زەوییەکە و لەسـەر پشـتی ئەسـپە باڵـدارەکەی داینـان، بەو جـۆرە لای سـەربازەکانی بارودۆخەکەی ئاسایی کردەوە:

– بمبە بۆ لای پادشاکەتان ئەی پەیامبەر.

– دوامکەوە.

پاشان بە هەڕەشەوە گوتی: «ئەگەر نیازت پاک بێت، ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ لای سوپاکەت، ئەگەر نیازت پیس بێت، ئەوا ناگەڕێتەوە بۆ لایان و تەواوی سوپاکەت بە زیندوویی لەگەڵ ئەم زەوییەدا تەخت دەبن.

غەیاس بە یاوەریی پەیامبەرەکە چوون بۆ قەڵاکەی کە تێیدا هەموو پادشاکانی زەویی خواروو کۆ بووبوونەوە، سەرکردەی سوپاکە، لە نەبوونی هاوڕێکەی ڕەیحانەی کچی مەیسەم.

**

دوای کاتژمێرێک یەکێک لە سەربازەکان هات بۆ لای ڕەیحانە و پێی گوت کە کارێکی گرنگی پێیەتی:

– شتێک هەیە کە دەبێت بە چاوی خۆت ببینیت فەرماندە.

ڕەیحانە دوای سەربازەکە کەوت تاکوو گەیشتە بەشی هەڵگرتنی زەخیرەکان، هەندێک لە سەربازەکان لە یەکێک لە سندوقەکان کۆ بووبوونەوە.

گوتی:

– چییەتی؟

یەکێک لە سەربازەکان گوتی:

– هەندێک دەنگی نامۆمان تێدا بیستووە!

دەنگەکان لە دەنگی چنگەکرێی پشیلە دەچوو، جگە لەوەی دەنگی منداڵێک دەهات کە بانگی باوکیی دەکرد.

– بچنە دواوەوە.

سەربازەکان چوونە دواوەوە، ڕەیحانە لە سندوقەکە نزیک بووەوە و کردییەوە، حەپەسا:

– ئای مێرووی بێزارکەری بچووک.

لە نێو سندوقەکەدا نەورەس هاتە دەرەوە، تەماشای سەربازەکانی دەکرد کە دەورەیان دابوو، نەیزانی چی بڵێت، چووەوە ناوی و دەیویست زەویەکە شەق ببات و بکەوێتە نێوی.

فەرماندە ڕەیحانە فەرمانی بە سەربازەکانی کرد:

– هەریەکەتان بگەڕێنەوە سەر کاری خۆی.

ڕەیحانە دەیزانی کە ماندووبوونەکەیان بێسوودە، لەبەر ئەوەی نەورەس سەرکەوتوو بوو لە خەڵەتاندنی باوکی و سەربازەکان و هاتە نێو یەکێک لە سندوقەکانەوە و دواین کەوتووە بۆ جیهانی خوارەوە.

ڕەیحانە تەماشای نێو سندوقەکەی کرد و پەنجەی بۆ شتێک ڕاکێشا:

– ئەمە ئەو شتە بوو کە دەنگی دەهات؟

ئەو شتەش ئەمە بوو:

بەچکە ئەژدیهاکەیە کە چەند چرکەیەک لەوەوپێش لە نێو هێلکەکەی دەرچووبوو.

کەللەسەرێکی گەورەی هەبوو لە چاو جەستە بچووکەکەیدا، دوو قاچی گەورەی هەبوو و باڵەکانیشی بە هەمان شێوە، جەستەی تەڕ بوو، چونکی تازە لە هێلکەکەی تروکابوو.

نەورەس دەیزانی هۆکاری گریانی ئەو بەچکە بچووکە چییە، گوتی:

– ئایا دەزانی بەچکە ئەژدیهاکان چی دەخۆن؟

– پێیان باشە گۆشتی مرۆڤ بخۆن.

– گۆشتی مرۆڤ لە کوێ بێنین لە ئێستادا؟

– خەمت نەبێت باوکت جێبەجێی دەکات.

– پێت وایە؟

– بەڵکوو دڵنیام لەوە، لەگەڵ ئەوەیش تووڕە دەبێت، بەڵام ئەو کەسێکی دڵسافە و تێگەیشتووە.

– پێت وایە کەی خواردنی پێ دەدات؟

– ڕاستەوخۆ کە تۆی کردە قوربانی.

لە ئێوارەدا:

غەیاس گەڕایەوە بۆ دورگەکە بۆ لای سوپاکەی، یەکەم کار کە کردی ئەوە بوو ژەنەرالەکانی جەنگی بانگ کردنە نێو خێمەکەی کە هەموویانی لێ کۆ بوونەوە و پێی ڕاگەیاندن کە

چـی ڕووی دا و لە کـاتی کۆبـوونەوەی لەگەڵ خەڵکـی جیهـانی خواروودا.

ڕەیحـانەی کچـی مەیسـەم یەکەم کەس بـوو کە گەیشـتە خـێمەکە و لە ڕێـگەی جـووڵەی چاوەکـانییەوە تێگەیشـت کە کۆبوونەوەکە بە باشی بەڕێوە نەچووە.

لەسـەر کورسـییە تـایبەتەکەی لە لای ڕاسـتی غەیاسـەوە دانیشت، لەبەر ئەوەی جێگری سـەرۆک بـوو، دەیتـوانی بـابەتی کـچەکەی پـێ بڵێـت، بەڵام دەیویسـت دوای کۆبـوونەوەکە پێـی بڵێت، بۆ ئەوەی فکری پەرت نەبێت.

فەرمانەکەی پێ ڕاگەیاندن:

– هەمـوو دەنگەکانمـان بەدەسـت هێنـان تەنهـا یەک دەنـگ نەبێت.

ڕاوێژکـاری جەنگـی دەیـانزانی مەترسـیی ئەو قسـانە لە چـی دایە، هەبـوونی دەنگـی نـاڕازیش بە واتـای دوورکەوتـنەوەی سوپاکەیان لە جەنگەکە دێت، غەیاس گوتی:

– دەنگەکە لە دژمان نەبوو، بەڵکوو ئەو شـاژنەی کە خـاوەنی کۆتا دەنگ بوو، لەوێ ئامادە نەبوو، دەڵێن کە سـەرقالی کـارێکی گرنـگ بـوو، لەبەر ئەوە چـاوەڕێ دەبـین تـاکوو دەگەڕیـتەوە و دەنگ دەدات.

ڕەیحانە کەمێک سەری لێ شێوابوو:

– دەنگت لە باش ناچێت.

– ئاخر دەیانگوت ئەو شاژنە قایل نابێت بەوەی سوپاکەمان بچێتە پاڵیان.

– لەم بارودۆخەدا دەگەڕێینەوە بۆ مەملەکەتی ئەژدیها؟

– بەڵێ، بەڵام زۆربەمان بەبێ سەر دەگەڕێینەوە.

– مەبەستت چییە؟

– لە بارودۆخێکدا ئەگەر سوپاکانی خوارەوە ڕێگەمان پێ نەدەن جیهانەکەیان جێ بێڵین، بۆیە دەبێت هەموو هەوڵێکی خۆمان بدەین تاکوو ئەو شاژنە قایل بکەین لەگەڵیاندا بجەنگین، ئەگەرنا دەبێت خۆمان بە تەنها لە دژیان بوەستینەوە.

دەروازەی هەشتەم

١

میوان

چەند ڕۆژێکی کەمی مابوو بۆ جەنگەکە، ئەمەش وای کردبوو هاوڕێکان لە جێیەکدا دابنیشن و بە تەنها بمێننەوە.

ئەوس لە جێی خۆی هەستایەوە.

بەرەو ئەو دارستانە چوو کە لە نزیکیدا دانیشتبوون، دوای ماوەیەکی کەم هاتەوە، بڕێک داری پێ بوو تاکوو خۆیانی پێ گەرم بکەنەوە.

هەموویان بە بازنەیی بە دەوری ئاگرەکەدا کۆ بوونەوە، ئاگرەکە ترسی لە ڕوخساری هەموویان پیشان دەدا، نەک لەبەر ئەوەی دەچوون بۆ جەنگ، بەڵکوو لەبەر ئەوەی هەر یەکەیان دەترسا هاوڕێکەی لەو جەنگەدا لە دەست بدات.

بەرقا بڕیاری دا لەو بارەیەوە شتێک بکات و کەمێک لەو خەمە دووریان بخاتەوە:

هەستایەوە و ئەم مەتەڵەی لێ پرسین:

– کێ دەزانێت ئەو شتە چییە کە پاش کەمێکی تر دەچم بۆتانی دەهێنم؟

ڕاستییەکەی سەرەتا کەس لەگەڵیدا هەماهەنگ نەبوو، بەڵام بانگدە ئیکلیل حەزی لەو مەتەڵانە بوو کە مرۆڤ دایدەهێنان، بۆیە گوتی:

– ئایا دەتوانیت سەرەداوێکمان بدەیتێ؟

بەرقا زەردەخەنەیەکی کرد:

– باشە، ئەو شتە بە پیتی ئـ دەست پێ دەکات و دەروون ئارام دەکاتەوە.

حەکیمەکە:

– ئافرەت؟

هەمووان بە زۆر خۆیان گرتبوو تا پێنەکەنن، بەرقا بەسەر تووڕەییەکەیدا زاڵ بوو و هەوڵی دا دووبارە بیانباتەوە نێو یارییەکە:

– شتێکە بە گەرمی بەکار دێت.

حەکیمەکە دووبارە:

– ئافرەتە دڵگەرمەکان.

ئەم جارە هەموویان دەستیان کردە پێکەنین. بەرقا بە تووڕەییەوە گوتی:

– ئایا ئەو مێشکە پچووکەت ناتوانێت بیر لە شتێکی تر بکاتەوە؟

بەرگریی لە وەڵامەکەی دەکرد:

– ئەو شتەی کە دڵ و دەروون ئارام دەکاتەوە و بە پێتی ئـ دەست پێ دەکات، ئەوە بێ گومان ئافرەتە.

– ئەی چی لەبارەی ئاوی نەعنانەوە هەی بێئەدەب؟

– ئەو وەڵامە لە مێشکمدا نەبوو.

– ئایا هەموو پیاوان بەم جۆرە بیر دەکەنەوە، یاخود تۆ تاکە گەمژەی نێویانی؟

– نەخێر هەموویان نا، تەنها نیوەی پیاوان وان.

– ئەی نیوەکەی تر؟

– دەخەون و خەون بە ئافرەتەوە دەبینن.

دەیزانـی کە ئەو گاڵتـانە سـنووریان تێپەڕانـدووە، بـۆیە بە هەندێک هەنگاوی نەرم لێی نزیک بووەوە و گوتی:

– تۆ خوشکەکەمم بیر دەهێنیتەوە، بۆیە تەنها گاڵتەت لەگەڵ دەکەم وەکوو چۆن گاڵتەم لەگەڵ ئەودا دەکرد.

ئەو قسـانە سـەرنجی هەمـووانی ڕاکێشـا، چـونکە پێشـتر کەسیان نەیاندەزانی کە حەکیم خوشکی هەبووە، هەرگیز پێشتر باسی ژیانی تایبەتیی خۆیی نەکردبوو.

ئێستاکێ بەرقـا زانیـی بـۆچی هەمیشـە چێژ لە تـووڕەکردنی وەردەگرێت، چـونکە بە چـاوی خوشـکەکەی تەماشـای دەکـات و ئەو ڕۆژانەی ڕابردووی بیر دەخاتەوە.

وەکوو ئەوەی دەست بخاتە سەر برینێکی قوڵ گوتی:

– چیی لێ هات؟

حەکیم وەڵامی نەدایەوە، ئاخر زۆر دڵتەنگ دەبوو ئەگەر باسی کردبایە.

سەری داخست و گوتی:

– ژیانی مرۆڤ وەکوو کتێبێک وایە، هەموو مرۆڤێک خەمەکانی لە نێو پەڕەکانی کتێبەکەدا شاراونەتەوە، ئەو خەمانە نامانکوژن، بەڵام هەموو ئەو شتە جوانانەی کە تێیاندا ژیاوین، دەکوژێت و ژیانمان بۆ هەمیشە دەگۆڕێت.

بەرقا حەکیمی هەڵگرت و گوتی:

– هەمیشە بە پێکەنین تۆم دیوە، هەرگیز نەمزانیوە ئەو خەمەت هەیە.

نەیدەزانی پێشتر باسی بابەتێکی هاوشێوەی کردووە:

– ماوەیەکی زۆرە پێکەنینم وەکوو هۆکارێکی هەڵهاتن لەو خەمانە بەکار دەهێنا، بەڵام نەتبیستوە ئەوانەی کە زۆر پێدەکەنن، هەمیشە دڵتەنگترینی سەر زەوین؟

– زۆرت لێ ناکەم قسە بکەیت، بەڵام هەمیشە ئامادەم گوێت بۆ بگرم، ئەوە سادەترین شتە کە مانگایەک بتوانێت بۆ هاوڕێکەیی بکات.

وەکوو شوانێک کە مەڕەکانی دەباتەوە جێی خۆیان.

ئافرەتان دەتوانن ڕێنوێنیی خۆر بکەن لە خۆرهەڵاتەوە هەڵبێت و بچێتە نێو هەر دڵێکی تاریکەوە.

حەکـــیم زەردەخەنەیەکـــی کـــرد، ئەو زەردەخەنەیە زۆری نەخایاند ڕاستەوخۆ کەسێک هات کە چاوەڕێی هاتنی نەبوون.

میوانەکە سرابی بوو.

٢

ڕوخسارەکەی تر

پلانە یەدەگەکە

بە هـاتنی سـرابی، سەرسـامی بە ڕووی هەمووانـدا بینـرا، لە پـاڵ ئـاگرەکەدا دانیشـت. هەمـووان دەیانویسـت بـزانن هۆکـاری هـاتنەکەی چیـیە. بەڵام لەو کـاتەدا دەیزانـی کە ئەم سـاتە جـوانە نابێت بەو پرسـیارە تێکـی بـدەن، وەکـوو جووتیارێـک کە چـۆن نابێت پرسیاری هاتنی باران بکات.

سرابی دەستی بە پشـتی باڵندە عەنقاکەدا دەهێنـا و فرمێسـک لە چاوەکانی قەتیس بووبوو.

هەموان بە هاتنی دڵخۆش بوون.

شـمالیٰ تـاکە کەس بـوو کە هـاتنەکەی نیگەرانـی کردبـوو، چـونکە مـاوەی چەند ڕۆژێکی کەمـی مـابوو بـۆ جەنـگەکە، بـۆیە دەبوو بزانێت هۆکاری هاتنەکەی چیـیە.

پرسـیی:

– چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە سرابی؟

سرابی سەرسام نەبوو بەو پرسیارە، دەیزانی شمالیش نەبێت هەر یەکێکیان ئەو پرسیارە دەکات.

ڕووی کردە عاسف و گوتی:

– هاتووم داوات لێ بکەم واز لەم جەنگە بهێنیت.

ئەوس دەیزانی عاسف کەسێکی سۆزدارە، لەم کاتەدا بۆیە هەوڵی دا ئاگاداری بکاتەوە بەر لەوەی بڕیارێک بدات کە دواتر پەشیمان ببێتەوە:

– پادشاکانی جیهانی سەرەوە هەموویان لەم جەنگەدا لەگەڵتن، ئەگەر لەم کاتەدا بکشێیتەوە ئەوا وەکوو ناپاکی هەژماری دەکەن و سزاش دەدرێین.

سرابی هەوڵی دا گوشاری بخاتە سەر:

– ئەگەر بۆ تۆ شتێک دەگەیەنم، ئەوا واز بهێنە تکایە.

عاسف ئەو کارەی نەکرد کە ئەوس گوتی، بەڵکوو زیاتر گوێی بۆ دڵی دەگرت:

– ئەگەر جەنگ بوەستێنم، دەگەڕێیتەوە بۆ لام؟

بەبێ ئەوەی دوو جار بیر بکاتەوە، گوتی:

– **ناتوانم.**

ئێستا کە گوتی ناتوانم، زیاتر بیرۆکەکەی جێگیر کرد: ئەو بە ڕاستی لە خوارەوە گیری خواردوە، بەڵام دەترسێت و ناتوانێت ڕاستییەکەیان پێ بڵێت.

دووبارەی کردەوە:

– تکایە جەنگ بوەستێنە.

عاسف دەستی بۆ ئاگرەکە ڕاکێشا:

ئەگەر توانیت باوەڕم پێ بێنیت ئەم ئاگرە وەکوو زەمهەریر ساردە و توانیت باوەڕم پێ بێنیت ئەو ئاگرە ڕەشە و دەتوانێت ڕووناکی بدات، ئەوا منیش بیر لە داواکارییەکەت دەکەمەوە.

لەو مشتومڕەدا بوون عاسف و سرابی کە شمالی هەوڵی دەدا لە قسەکانی سرابی ورد ببێتەوە و بزانێت پلانی چی دادەنێت لەگەڵ ئەوەی لە نیازەکەی دڵنیا نەبوو، بەڵام زۆر نیگەرانی بوو.

سرابی بۆ جاری سێیەم داوای لێ کردەوە:

– تکایە ئەم جەنگە بوەستێنە.

– ئەی تۆ؟

– پێم گوتیت بۆ هەمیشە لە بیرم بکەیت عاسف.

– سوێند بە چاوەکانت کە نیشتمانی منە و بە سەرم کە لە پێناوتدا دەیبەخشم، دەبێت ئەو سوپایە بهێنم بۆ جیهانی خوارەوە و خوێنڕشتن نەوەستێنم تاکوو جیهانی خوارەوە لەناوە دەبەم یاخود دەگەڕێیتەوە بۆ لام.

سرابی دەیزانی کە پاشگەز نابێتەوە.

ناچار بوو ڕووەکەی تری پیشان بدات و پلانەکەی بگۆڕێت.

بـۆیه پـرِی دایه حەکـیم و له باوەشـی بەرقـادا فڕانـدی و به دەنگی بەرز گوتی:

– کەواتە وەکوو بارمتە تەماشای بکەن.

دەمودەست له پشتی درەختەکانەوە سـەربازەکانی سـرابی که تەواوی ناوچەکەیـــان تەنیبـــوو، هـــاتنە دەرەوە، هەر له ڕوخساریاندا ڕوون بوو که ئەمانە توانای تایبەتیان هەیە.

هاوڕێکان حەپەسان بەوەی که ڕووی دەدا: ناپاکییان لێ کرا.

سرابی دەیزانی هیچ شتێک نایانوەستێنێت، بۆیە گوتی:

– یەک جوولّەی بچووک حەکیم دەمرێت.

بەبـێ تەلیسـم و جـادو تـوانیی له جوولّەیـان بخـات، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان وا نەبـوو سـرابی کـارێکی وەهایان بەرانبەر بکات، بەرقا بڕیـاری دا هێزەکەی بەکار بێنێت بۆ ڕزگارکردنی حەکـیم، بەڵام له دواوە سـەربازێکیان پەلامـاری دا و خسـتییە سەر زەوییەکە.

بەرقا لاواز نەبوو، لەبەر ئەوەی له هۆزی خوێندا بە ئازایەتی و بـوێری ناسـرابوو، بەڵام ئەو سـەربازە له دواوە و کتـوپڕ لێی دا، نەوەک ڕووبەڕوو.

چاوەکانی حەکیم پڕ فرمێسک بـوون، که دیتـی خوشـکەکەی کەوت، هاواری له ئەویش و هاوڕێکانی کرد:

– هێرشکەن لەبەر بەرقا.

چیتر گرنگ نەبوو هاوڕێکان بڕین یان بمرن، بۆیە بڕیاریان دا هێرش بکەن، ئیتر گرنگ نەبوو ئایا یەکێکیان دەکەون یاخود هەموویان.

باڵندە عەنقاکە هێرشی کردە سەر یەکێک لە جەنگاوەرەکان کە دەیویست پەلامـاری بـدات، ئەم جـارە بەرز فـڕی و گەردەلوولێکی دروست کرد، شمالی بازی دا و بە شمشێرەکەی یەکێکی تری کرد بە دوو کەرتەوە.

هـاوڕێ و سـەربازەکان تێـک هەڵچووبـوون، بـۆیە سـرابی دەبـوو شـتێکی بەهێزتـر بەکـار بهێنێت، چـونکە دەیزانـی ڕۆحـی جەنگیان بە کوشتنی حەکیم دەمرێت.

دەستی درێژ کرد بۆ کوشتنی.

٣

چاوه پیرۆزەکان

بەر لەوەی دەستی پێی بگات، کەسێکی تر هات و بە دەنگێکی ترسناک هاواری کرد:

– بوەستن، پێش ئەوەی بە شێوازی خۆم بتانوەستێنم.

هەمووان دەستیان لە شەڕەکردن هەڵگرت، وەکوو ڕێزێک بۆ تارای مارە کوبرای جن، دوو چاوی ڕەشی هاوشێوەی بەردی پیرۆز ڕەش هەبوو، بەرەو لای سرابی چوو و فەرمانی پێ دا:

– دایێ و بگەڕێوە ئەو شوێنەی لێی هاتوویت.

بە هاتنی تارا تەرازووی هێز گۆڕا، سرابی حەکیمەکەی خستە سەر زەوی و لەگەڵ سەربازەکانیدا ون بوو.

حەکیم بەرەو بەرقا ڕای کرد، گوێی خستە سەر سنگی، بەڵام تازە کاتەکەی درەنگ بوو، چونکی بەرقا مردبوو و حەکیمیش دایە پڕمەی گریان.

– گوتت هەمیشە دڵخۆش دەبیت ئەگەر قسەت لەگەڵدا بکەم، بەڵام تۆش ڕۆیشتیت وەکوو چۆن خێزانەکەم ڕۆیشتن، گوێت نەگرت بۆ ئەوەی کە دەمویست پێت بڵێم.

هاوڕێکان گۆڕێکیان بۆ هەڵکەند و ئەوسیان تێ کرد، لە نێوان ئەوس و بەرقادا پەیوەندییەکی بەهێز هەبوو کە بەهۆی خیزانەکانیانەوە لەناو چووبوو، چاوەڕێی کۆتاییهاتنی شەڕ بوون تاکوو دووبارە پەیوەندییەکە دروست بکەنەوە، بەڵام ژیان وانەیەکی تری هەبوو بۆیان:

مردن چاوەڕوانیی کەس ناکات و مۆڵەت لە کەس وەرناگرێت.

**

پاش ناشتنی بە دەوری گۆرەکەیدا کۆ بوونەوە.

مارە کوبرا جنەکە کە فرمێسک لە چاوی قەتیس بووبوو:

– زریانی خوێنی دەستی پێ کردووە، بۆیە فرمێسکەکانتان هەڵگرن بۆ دوای جەنگەکە.

شمالی دەیزانی بیر لە چی دەکاتەوە:

– سرابی تەنها لە جیهانی خوارەوە گیری نەخواردووە، بەڵکوو بە ویستی خۆی لەوێ ماوەتەوە.

لەگەڵ ئەو ناپاکی و ستەمەی سرابی لێی کردن، هێشتا باوەڕیان بەوە هەبوو کە ئەو هێشتا لە جیهانی خوارەوە دەستبەسەر کراوە، بێ گومان ڕوونکردنەوەیەکی ئەوتۆی هەیە بۆ ئەوەی کە ڕووی دا، بەڵام شمالی بە جۆرێکی تر لە بابەتەکەی دەڕوانی، چونکە لەو کەسانە نەبوو کە سۆزداری بەکار بهێنێت، دەیزانی چۆن دڵی بخاتە لاوە و لە بارودۆخە هەستیارەکاندا مامەڵە بکات. بیری لە لۆژیکی بابەتەکە دەکردەوە کە چی لە پشتییەوە هەیە:

– ئێستا کاتی ئەوەیە ئەوەتان بۆ ئاشکرا بکەم کە بیری لێ دەکەمەوە.

تیۆرییەکی شمالی دەبوو بە دوو بەشەوە: پێی وا بوو سرابی لە مەملەکەتی حن و بن دەستبەسەر نییە، پێشی وا بوو لەوێ ئەو تەنها ئافرەتێکی ئاسایی نییە.

دەیزانی باوەڕی پێ ناکەن، بۆیە هەوڵی دا هەندێک بەڵگەیان بخاتە بەرچاو:

– دەتوانێت لە نێوان جیهانی سەروو و خوار و هەر کاتێک و هەر چۆنێک بیەوێت بێت و بچێت، بە هەمان شێوە بە تەنها گواستنەوەکە ئەنجام نادات، بەڵکوو هەمیشە کۆمەڵێک سەربازی لەگەڵدایە و ئەمەش مانای وایە لەو مەملەکەتەدا شوێن و پێگەی خۆیی هەیە.

تارا ڕاستییەکەی بۆ پشتڕاستکردنەوە دەربارەی بیرکردنەوەکەی شمالی:

– سرابی چیتر ئەو هاوڕێیەتان نییە کە ناسیوتانە.

هەموان ڕوویان لێ کرد، لەبەر ئەوەی کەسیان چاوەڕێی ئەو قسەیە نەبوون:

– ئەو ئێستا شازنی مەملەکەتی حن و بنە.

کە سەرسامیی لە ڕوخساریاندا بەدی کرد و دواتر تەواوی چیرۆکەکەی بۆ گێڕانەوە لەو کاتەوەی کە سرابی هاوسەرگیریی لەگەڵ شەیتانەکەدا کردووە و چووە بۆ جیهانی خوارەوە و دوایش بووە بە **شازنی مەملەکەتی حن و بن**.

٤

ماره کوبرا جنەکە دەگێڕێتەوە

– هاوسەرگیریی شەیتانەکە و سرابی زۆری نەخایاند، هەر دوای ئەوەی شەوێکی لەگەڵدا بەسەر برد جیا بوونەوە، پێی گوت چۆن بگەڕێتەوە بۆ جیهانی سەرەوە، بەڵام سرابی بڕیاری مانەوەی دا لە خوارەوە.

عاسف پرسیی:

– بۆچی بڕیاری دا لە خوارەوە بمێنێتەوە؟

– چونکە لەو کاتەدا زۆر لاواز بوو بیری لەوە دەکردەوە کە دەبێتە بارێکی قورس بەسەرتانەوە، ئەمەش وای کرد بڕیار بدات لە خوارەوە بمێنێتەوە تا بەهێز دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ لاتان.

باڵندە عەنقاکە، ئیکلیل:

– دوای ئەوە چی ڕووی دا؟

– سرابی پرسیاری له شەیتانەکە کرد کە چۆن بەهێز ببێت، پێی گوت کە بازارێک هەیە بە ناوی **بازاری جەنگاوەرانی پلەدار**، ئەوە ئەو شوێنەیە کە داواکارییەکەی بۆ جێبەجێ دەکەن.

سرابی چووە نێو بازارەکە و بە دوای ڕاهێنەرێکدا دەگەڕا تاکوو ڕاهێنانی پێ بکات.

بەڵام کەس لە ڕاهێنەرەکان قایل نەبوون، نەک لەبەر ئەوەی کەسێکی لاواز بوو یاخود نەتوانیت فێر ببێت، بەڵکوو لەبەر ئەوەی هیچ پارەیەکی پێ نەبوو بەرانبەر بە فێرکردنەکە.

لە ڕێگەی گەڕانەوەی لە بازارەکە، برسییەتی تەنگی پێ هەڵچنیبوو و ئامادبوو دەرۆزە بکات بۆ لەتە نانێک، لە یەکێک لە زبڵەکاندا لەتێک نانی پاکی دۆزییەوە.

بەر لەوەی دەست ببات بۆ نانەکە، کوڕێک لەتە نانەکەی هەڵگرت و خواردی، سرابی بە تێربوونی سکی ئەو منداڵە برسیەتییەکەی ڕەوییەوە.

پیاوێک لە دوورەوە ئەو دیمەنەی بینی، دڵخۆش بوو کە سرابیی بەو جۆرە بینی، لەبەر ئەوەی جیهانی خوارەوە بە شەڕ و خراپەکاری ناسرابوو. ئەمەش وای کرد پیاوەکە نزیک ببێتەوە و بڵێت:

– دوام کەوە کچێ.

پێشتر سرابی ئەو کابرایەی لە بەرانبەر خۆیدا دیبوو لەگەڵ جەنگاوەرەکاندا، زۆربەیان ڕێزیان لێ دەگرت و جا بەوەدا زانیی ئەم پیاوە پێگەیەکی بەرزی هەیە لە لایان، بۆیە دوای کەوت بەبێ ئەوەی پرسیارێ لێ بکات بۆ کوێ دەچن.

جەنگاوەرە پلەدارەکە بردنی بۆ یەکێک لە مەیخانەکانی ناوچەکە، لەوێدا پێشکەشی کەسێکی کرد، ئەو کەسە پێکهاتەی جەستەی جیاواز بوو لەوانی تر کە سرابی بینیبوونی، کەسەکە جەستەی مرۆڤ بوو، وەلێ کەللەسەری بزنی هەبوو.

جەنگاوەرە پلەدارەکە بە پیاوە سەر بزنەکەی گوت:

– قبیبە قبۆ قئەی قمشعەل.

جەنگاوەرەکە ڕستەکەی تەواو نەکرد، دەیزانی سرابی لە قسەکانی تێناگات، بۆیە قسەکانی گۆڕی، بە جۆرێک کە لێی تێبگات:

– بیبە بۆ لای سەعل، پێشی بڵێ کە کەسێکی باشە.

ڕووی کردەوە سرابی و مالئاوایی لێ کرد و گوتی هیوای بەختێکی باشت بۆ دەخوازم **کچم**. پاشان ڕۆیشت، سرابی دوای پیاوەکە کەوت بەبێ ئەوەی هیچ حاڵی ببێت.

سەعل پەرداخە شەرابەکەی بە یەکجار خواردەوە و پاشان دەمی بە کراسەکەی سڕی و بەرەو دەرگای یانەکە چوونە دەرەوە.

– دوامکەوە خانمەکەم.

هیچ شتێکی نەبوو لە دەستی بدات، بۆیە دوای کەوت، لە دەرەوە گالیسکەیەک بە چوار ئەسپی ڕەشەوە چاوەڕێی بوو، سرابی چووە نێوی و بەو جۆرە پیاوە سەربزنەکە چوو بەرەو جێیەکی نادیار.

سرابی نەیدەتوانی بێدەنگ ببێت، بۆیە پرسیی:

– ئەو زمانە چییە کە ئێوە قسەتان پێ دەکرد؟

– ناوی **تراتیلی حنە**، یەکێکە لە زمانە کۆنەکانی جیهانی خوارەوە. خانمەکەم، زۆر قورس نییە، تەنها ئەوەیە لە پێش هەر وشەیەک کە دەیڵێیت دەبێت پیتی ق زیاد بکەیت.

سرابی دەیزانی باشترین شت بۆ نزیکبوونەوە لە خەڵکی ناوچەیەک ئەوەیە بەو زمانەی خۆیان قسەیان لەگەڵدا بکەیت. بۆیە سرابی ئەو ڕستەیەی هۆنییەوە کە لە میشکیدا دەهات و دەچوو:

– قبۆ قکوێ قدەچین؟

سەعل دڵخۆش بوو بە بیستنی، ئەویش تێبینییەکی بۆ زیاد کرد:

– دەبێت پیتی ئەلف لە کۆتا وشەی ڕستەکەدا زیاد بکەیت.

سرابی ڕستەکەی دووبارە کردەوە؛ بە ڕەچاوکردنی تێبینیەکەی:

– قبۆ قکوێ قدەچینا؟

ئەم جارە سەعل چەپڵەی بۆ لێ دا و گوتی زۆر باشە، زۆر باشە، پاشان وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە:

– قدەچین قبۆ قکۆشکی قپادشایەتی قکە قناوی...

سرابی قسەکەی پێ بڕی:

– زۆر بە خێرایی قسە دەکەیت، مێشکم ناتوانێت لێکی بداتەوە.

سەعل دەستی کردە پێکەنینێکی بزنئاسا و بە زمانەکەی خۆی گوتی:

– دەچین بۆ مەملەکەتێک کە پێی دەگوترێت حن و بن.

ئەوە یەکەمین جاری بوو گوێی لەو قسەیە بێت، بۆیە سەعل بابەتەکەی بۆ ڕوون کردەوە:

– حن و بن یەکەمین دروستکراون کە لەسەر جیهانی سەرەوە نیشتەجێ بوون.

ئەو زانیارییە دووبارە تازە بوو و گوتی:

– ئایا ئەوان پێش جنەکان بوون؟

– بەڵێ، بەر لە هەزاران ساڵ خانمەکەم.

– بۆچی جیهانی خوارەوەتان کرد بە نیشتیمانی خۆتان؟

– شەڕێکی گەورە لە نێوان باوانماندا هەڵگیرسا و جنەکان بردیانەوە و ئێمەش بەنەفرەت کراین بۆ ئەم جیهانە.

سەعل هەستی کرد پرسیاری هەیە، بەڵام شەرم دەکات، بۆیە بەستەڵەکی نێوانیانی شکاند و گوتی:

– ئەگەر بیر لەوە دەکەیتەوە لە پەیوەندیدا نیم.

سرابی پێکەنی، چونکە ئەو قسەیە حەکیمی بیر خستەوە.

لێی پرسی:

– بۆچی جەستەی مرۆڤ و سەری بزنت هەیە؟

– هەندێک لە ئێمە لە مرۆڤ دەچین.

پاشان دەستی بۆ خۆی ڕاکێشا:

– بەشێکیشمان بە شێوەیەکی تایبەت لە دایک دەبین، وەکوو پیاوێکی قۆز کە لە بەردەمتدایە خانمەکەم.

سـرابی زەردەخەنەیەک گرتـی، پاشـان لە پەنـجەرەکەوە تەماشای ئەو مەملەکەتەی دەکرد کە گالیسکەکە بەسەریدا تێپەڕ دەبوو.

هەندێکیان بە تەواوی لە مرۆڤ دەچوون، هەندێکی دیکەش تێکەڵەی ئاژەڵ و مرۆڤ بوون، بڕێکیان جەستەی مرۆڤ و سەری شێریان هەبوو، یەکێکی تری بینی کە سەری مرۆڤ بوو، کەچی جەستەی وەکوو کاژی مار وەهابوو، دانەیەکی تری بینی وەکوو پشتی کیسەڵ بوو، کە وەکوو جانتا نەبوو لێی کاتەوە، بەڵکوو بەشێکی جەستەی بوو.

لە کۆتاییدا گالیسکەکە لە بەردەم کۆشکێکی گەورەدا کە لە شاخەکە هەڵیان کۆڵیبوو، وەستا و سرابی بۆی دەر کەوت ئەمە کۆشکی مەملەکەتی حن و بنە.

– بۆچی منت هیناوە بۆ ئێرە، بۆ کوێم دەبەیت؟

– کەمێکی تر خۆت ئەوە دەزانیت.

پاشان لە گالیسکە دابەزین.

– دوامکەوە خانمەکەم.

**

بردی بۆ شوێنێکی تایبەت کە پێشکەشی کرد بە پادشای حن و بن کە ناوی **مەدار** بوو.

– **ڕاحیمی** هاوڕێت سڵاوت لێ دەکات و دەڵێت کە ئەمە کەسە شیاوەکەیە.

لەو ماوەیەدا خێزانی پادشایەتی مەملەکەتی حن و بن بە دوای ئافرەتێکی گونجاودا دەگەڕان تاکوو ببێت بە هاوسەری پادشا نەخۆشکەیان، بەڵکوو نەوەیەکی ببێت بەر لەوەی ژیان جێ بێڵێت، ئەوەش وای کردبوو جەنگاوەر ڕاحیم کە هاوڕێی نزیکی پادشا مەدار بوو، سرابیی بۆ پێشنیار بکات دوای ئەوەی ئەو ڕووداوەی بینی.

سرابی هەرگیز قایل نەدەبوو، بەڵام هۆکاری قایلبوونی بەو هاوسەرگیرییە نە پارە و سامان و دەسەڵات بوو، بەڵکوو لەبەر هۆکارێکی تر دەیویست ببێتە شاژن:

– بە مەرجێک قایل دەبم کە داواکارییەکەم جێبەجێ بکەیت.

پادشا مەدار بە دەنگێکی پڕ ماندوویەتییەوە گوتی:

– هەرچەندی پارەت بوێت لە خەزێنەی وڵاتەکەمان پێت دەدەین.

– داواکاریی من پارە نییە؟

– ئەی داواکارییەکەت چییە؟

– دەمەوێت ببمە بەهێزترین خانمی جیهانی خوارەوە.

دەیویست هێز بەدەست بهێنێت تاکوو دواتر بگەڕێتەوە و یارمەتیی عاسفی پێ بدات بۆ سەرکەوتن بەسەر تاغیندا.

عاسف قسەکەی بە تارا بڕی:

– ئایا سرابی ئەو هێزەی بەدەست هێنا کە دەیویست؟

– پادشا داواکارییەکەی بۆ بەدی هێنا و بووە یەکێک لە بەهێزترین ئافرەتەکانی جیهانی خواروو.

– کەواتە بۆ نەهات بۆ لامان؟

– لەبەر ئەوەی شتێکی تر لە ئارادا هەبوو.

لەو کاتەدا هەمووان گوێیان بۆ ئەو شتە ڕادێرابوو کە دەیڵێت:

– سرابی منداڵێکی بوو.

٥

سرابی شاژنی حن و بن

دوای ئەوەی پلانەکەی لە کوشتنی عاسفدا شکستی هێنا، سرابی گەڕایەوە بۆ کۆشک و لە پەنجەرەکەیەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد، کوڕە بچووکەکەی کە تەمەنی دوو ساڵان دەبوو بە ناوی **غەرید**، لە باوەشی یەکێک لە دایەنەکاندا بوو کە بردبووی کەمێک هەوای پاک هەڵمژێت و خۆر لێی بدات.

لەو کاتەدا کەسێک لە دەرگای دا، میزاجی باش نەبوو، چونکە دەیزانی کەسی لەدەرگادەر کێیە، گوتی...:

– وەرە.

ئەو کوڕە چاوتیژە ناوی یاسینی یارمەتیدەری شاژن بوو و لە دووریی مەترێکەوە وەستا:

– چاوەڕێی هاتنەژوورەوەی کوبرا جنەکە نەبووین.

لەگەڵ ئەوەی سرابی چووبوو بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە، بەڵام دڵخۆش بوو بە هاتنی تارا و شێواندنی پلانەکەی.

– ئایا پێت وایە من هەڵەم کردوە لە دانانی پلانی کوشتنەکەی؟

– ژیان هەندێک جار بژاردەیەکمان بەسەردا دەسەپێنێت کە ناچارین بە شتێکی گەورە قوربانی بدەین بۆ شتێکی گرنگتر.

سرابی دەنگی نزم کردەوە و ڕستەی دواتری گوت:

– بەڵام ئەوە عاسفە.

– دەزانم، بەڵام تۆ داوات لێ کرد جەنگ بوەستێنێت و ئەویش بە گوێی نەکردیت، بۆیە هیچ بژاردەیەکی ترمان نەبوو.

دووبارە لە دەرێڕا بێدەنگانە لە کوڕەکەی دەڕوانی.

یاسین قسەیەکی زۆر گرنگی کرد:

– عاسف وا دەزانێت تۆ لە جیهانی خوارەوە قەتیس بوویت، بۆیە سوپاکان دەجوڵێنێت، بەڵام ئەگەر بزانێت هۆکاری ڕاستەقینەی مانەوەت چییە، ئەو کاتە جەنگەکە هەڵدەوەشێنێتەوە.

لێکدانەوەکەی گونجاو بوو، بەڵام عاسف بیری لە لۆژیک نەدەکردەوە، بەڵکوو بە جۆرێک بیری دەکردەوە کە کەس لێکدانەوەی بۆ نەدەکرد، سرابیش ئەمەی بە باشی دەزانی و گوتی:

– عاسف ناوەستێت، ئەو لەبەر من دێت.

دوای کەمێک لە بێدەنگی گوتی:

– بەڵام ئەم جارە لەبەر ڕزگارکردن نایێت، بەڵکوو لەبەر تۆڵەسەندنەوە دێت.

یاسین سەرسام بوو:

– ئایا دێت بۆ کوشتنت؟

– بەڵێ، ئەی لە بیرت کرد ئێمە بەرقای هاوڕێیمان کوشت؟

یاسین هێشتا باوەڕی بەوە نەدەکرد کە دەیبیست:

– عاسف لە هەموو شتێکدا دڵنەرمە، جگە لە ئازاردانی هاوڕێیانی.

ڕووی وەرگێڕا بۆ لای یاسین، یاسین هێشتا حەپەسابوو و باوەڕی بەوە نەدەکرد کە بارودۆخەکە چۆن سەروژێر بووە و **ئەو سوپایانەی دەهاتن بۆ ڕزگارکردنی سرابی، ئێستا دێن بۆ کوشتنی.**

لە یاسینی پرسی:

– ئێستا بۆچی هاتوویت؟

– غەیاس و ڕەیحانە لە دەرەوە چاوەڕێتن خانمەکەم.

– ئایا بڕیارەکەی منت پێ نەگوتوون؟

– بەڵێ، گوتم.

– کەواتە بۆچی لە دەرەوە چاوەڕوانیم دەکەن؟

– غەیاس دەیەوێت شتێکت پێ بڵێت کە لەوانەیە ڕات بگۆڕێت.

– هممم، گوتت که سوپاکەی چەند کەسە؟

– نزیکەی پێنجسەد هەزار سەربازن.

– دەزانیت باشترین ڕێگە بۆ ئەم جەنگە چییە؟

– چییە خانمەکەم؟

– سەری ئەو پێنجسەد هەزار سەربازە ببڕێتە ئالای سوپاکەمان.

پاشان بەرەو هۆڵەکە چوو کە غەیاس و ڕەیحانە چاوەڕوانییان دەکرد.

سرابی دەیویست بیانکوژێت، بەڵام کە غەیاسی بینی، کەمێک شڵەژا و لەوە دەچوو شتێکی بیر هاتبێتەوە، جا دواتر کەمێک لێی ورد بووەوە.

ئەو دیتبووی ئەو کاتەی کە ڕۆحی لە کەناری دەریای مەملەکەتی ئەژدیهادا گەشتی کردبوو، غەیاس ئەو کەسە بوو کە منداڵەکەی ڕزگار کرد لە نێو ئەو بەلەمەدا، بەڵام ڕۆحەکان یادگەیان نییە، بۆیە بە تەواوی بیری نەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا هەستی بە دڵنیاییەک دەکرد لەبارەوە، ئەوەش وای کرد کە پێی بڵێت:

– داوای چی دەکەن؟

غەیاس:

– هاتووین داوات لێ بکەین ڕات بگۆڕیت جەنابی شاژن.

سـرابی بـۆ ئەوە هـاتبوو داوای کشـانەوەیان لـێ بکـات، بەڵام ئێستا هەنگاوێک دەچووە دواوە:

– چۆن بزانم سوپاکەت ناپاکیمان لێ ناکات؟

غەیاس ویستی قسـە بکات و یەکسـەری دەنگی هاتوهـاوار لە دەرەوە بیستڕا و ئەویش ناچار بێدەنگ بوو.

شاژن گوتی:

– چی ڕوو دەدات لە دەرەوە؟

یەکێک لە خزموتکارەکـانی هـات و گـوتی: «کـچەکەی بەڕێـز غەیاسـە.»

ڕەیحانەی کچی مەیسـەم دەسـتی بە شمشـێرەکەیەوە گرت و ئامادە بوو، غەیاس گوتی:

– ئایا کچەکەم شتێکی بەسەر هاتووە؟

خزمەتکارەکە بەدەم گریانەوە:

– کـچەکەت باشـە، تەنهـا ئـێمە شـتێکمان بەسـەر هـاتووە گەورەم، تکایە ڕزگارمان بکە لە کچەکەت.

هەمـووان ڕایـان کردە دەرەوە، بینییان وەکـوو مەیمـوون بەر بووەتە یەکێک لە خزمەتکارەکان.

غەیاس هاواری بەسەردا کرد:

– نەورەس بوەستە.

ئاوڕی بۆ باوکی دایەوە:

– تەنها یەک دانە، تکایە با یەکجار لێی بدەم.

پاشان قژی خزمەتکارەکەی ڕاکێشا:

– تەماشای ڕوخساری بکە باوکە، تۆش دەتەوێت لێی بدەیت؟

ڕەیحانە بە زۆر خۆی گرتبوو پێنەکەنێت، غەیاس هاواری بەسەردا کرد:

– گوتم بوەستە هەی گەمژە.

نەورەس وەستا و لەسەر سنگی خزمەتکارەکە، بەرەو ئەو قەفەسە چوو کە لە نێویدا بەچکە ئەژدیهاکە هەبوو، دەرگای قەفەسە داربنەکەی بۆ کردەوە، دەستی بردە ژوورەوە و ئەژدیهاکە هاتە درەوە و لەسەر شانی نەورەس گیرسایەوە، پاشان لووتی لێ نزیک کردەوە و نووساندی بە ڕوومەتییەوە، بەو جۆرە سوپاسی کرد.

لەگەڵ ئەو هەموو هەراوهۆرییایەی ڕووی دا، شاژنە سرابی پێکەنینی دەهات بەو کچە گاڵتەچییە وەکوو ئەوەی بزانێت ئەوە کچەکەی خۆیەتی.

– ئایا تەنها لەبەر ئەوە لێت دا کە ویستت لێی هەبوو؟

– نەخێر.

– کەواتە بۆچی لێت دا؟

– لەبەر ئەوەی بیستم لەگەڵ هاوڕێکانیدا باسی نرخی بەچکە ئەژدیهاکەمیان دەکرد.

شاژن بە خزمەتکارەکەی گوت:

– بە ڕاستی واتان کردووە؟

سەری داخست و گوتی: «ببورە تەنها گاڵتەم دەکرد خانمەکەم.»

پاشان ڕووی کردە نەورەس و گوتی:

– کەس پێشتر بەم جۆرە لێی نەداوم، جگە لە هاوسەرەکەم.

– ڕاست دەکات، ئایا ڕوخساری خۆتت دیوە لە ئاوێنەدا؟ مرۆڤ حەز دەکات لێت بدات.

ئەویش بە خۆبەدەستەوەدانەوە گوتی:

– دەزانم هاوسەرەکەم هەموو ڕۆژ وای پێ دەگوتم.

نەورەس کونجکۆڵانە گوتی:

– ئایا هاسەرەکەت هەموو ڕۆژ لێت دەدات؟

– نەخێر، لەبەر ئەوەی من پیاوێکی بەهێزم، وەکوو دەبینیت.

– بێ گومان ڕوونە.

– تەنها کە بێزار دەبێت لێم دەدات.

– بەداخەوەم.

– کێشە نییە، هاوسەرەکەم دەمێکە وازی لەم کارە هێناوە.

– چۆن وازی هێنا؟

– لای براکەی سکاڵام لێ کرد، ئەویش قسەی لەگەڵدا کرد.

– ئەو قایلی کرد بەوەی واز بێنێت؟

– نا، بەڵکوو هەر بەردەوام بوو.

– ئەی کێ قایلی کرد؟

– گایەک بە قۆچەکانی لێی دا، لەو کاتەی پێی وا بوو هاوسەرەکەیەتی.

نەورەس پێکەنینی بە خزمەتکارەکە دەهات، لە جیاتی بەچکە ئەژدیهاکە گوتی:

– من و ڕەعد دەتبووورین.

بەڵام شاژنە سرابی لە خزمەتکارەکە خۆش نەبوو، چونکە بە شێوەیەکی ناشیرین مامەڵەی لەگەڵ میوانەکانیدا کردبوو، بۆیە بە شایەنی سزای دەزانی.

شمشێرەکەی لە کەمەری یەکێک سەربازەکانی دەرهێنا و ویستی بیکات بە سکی خزمەتکارەکەدا، بەڵام نەورەس بەر لەوەی شمێشرەکە بگات بە ورگی، پێی گەیشت و وەستاندی.

– گوێت لێم نەبوو کە وتم لێی خۆش دەبم؟

بەچکە ئەژدیهاکەش قیژاندی بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەی خاتوونەکەی.

ڕەیحانەی کچی مەیسەم ماوەیەکی زۆر لە نێو کۆشکدا ژیابوو، بۆیە دەیزانی ئەوەی ئێستا ڕووی داوە، چەندە مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی نەورەس لە ڕووی شاژندا وەستاوەتەوە، ئەوەش مانای ئەوەیە دەمودەست دەبێت سزای

نەورەس بـدەن. جـا وەکـوو پیشـبینی دەکـرا هەمـووان بێـدەنگ بوون:

– تکـا دەکەم بیبووریـت، ئەمە تەنهـا منـدالێکە و نازانێـت چـی دەکات.

یاسین:

– لە یاساکانی ئێمەدا منداڵ و گەورە جیاوازییان نییە.

غەیاس بێدەنگ بـوو، تەنهـا بە بێدەنگی و خەمبـاری تەماشـای ئەو دیـــمەنەی دەکـــرد کە بە بەرچـــاوییەوە ڕووی دەدا، بەڵام ڕەیحانە چووە بەردەم نەورەس و گوتی:

– لە یاسای منیشدا کەس ئازاری منداڵەکەم نادات.

شاژنە سـرابی هێشـتا تەماشـای نەورەسـی دەکـرد. نەیدەزانی ئەو کچە بچووکە کچی خۆیەتی.

یەکەم: ڕۆحەکـان یـادەوریـیەکی ماوەدرێژییـان نیـیە، بـۆیە ئێسـتا سـرابی نـایەتەوە بیـری کە ئەوە کچەکەیەتـی لە کەنـار دەریـای مەملەکەتـی ئەژدیهـا بینیـوویەتی و دڵنیـاش نەبـوو کچەکەی ماوە یان مردووە.

دووەم: کـچەکەی ئێستا گەورە بـووە، حەوت سـاڵ تێپەڕیبـوو و بـی گومـان شـێوەی گـۆڕاوە لە چـاو ئەو سـاوایەی کە لە نێـو بەلەمەکەدا جێـی هێشـتبوو، بـۆیە بە شـێوە و سـەیرکردن نەدەناسرایەوە.

لەگەڵ ئەوەشـدا شـتێکی سـەیری لە چـاوی نەورەسـدا بەدی دەکرد کە دەیتوانی قەفەسـەی سنگی سرابی بدڕێت.

هەستێک کە دەگەیشتە نێو قوواڵایی دڵی.

لە کاتێکدا هەمووان چاوەڕێی بڕیاری شاژن بوون، سرابی شمشێرەکەی لا دا و بە نەورەسی گوت:

– تۆ ڕاست دەکەیت کچەکە، ئەو خزمەتکارە هەڵەی کرد و داوای لێبوردنی کرد و کۆتایی هات.

پاشان ڕووی کردە غەیاس و ڕەیحانە و پێی گوتن:

– با بگەڕێینەوە هۆڵەکە و قسەکانمان تەواو بکەین.

غەیاس لەگەڵ شاژندا بەرەو هۆڵەکە چوو، ڕەیحانەی کچی مەیسەم بەچەکە ئەژدیهاکەی هەڵگرت و خستییەوە نێو قەفەسەکەی، پاشان بە کچەکەی گوت:

– ئاقڵ بە، ئەگەرنا لەگەڵ ئەژدیهاکەدا دەتانکەمە نێو قەفەسەکە.

– بەڵام قەفەسەکە بۆ هەردووکمان نابێت.

– ئەژدیهاکە دەر دەکرم و تۆ دەخەمە ناوی، چونکە وەکوو تۆ کێشەمان بۆ نانێتەوە.

شاژنە سرابی:

– نەورەس گەر پێت خۆشە، دەتوانیت لەگەڵماندا بێیتە ژوورەوە.

– ئاوا باشترە، لەبەر ئەوەی ئافرەتان باوکمیان بە لاوە سەرنجڕاکێشە و ڕاستییەکەی لە تۆ دەترسم.

– هەست دەکەم زمانت بەر لە تۆ لە دایک بووە، پێدەچێت لە تەمەنت گەورەتر بێت.

غەیاس داوای لێبوردنی لە شاژن کرد:

– گرنگیی پی مەدە، هەندێک جار وەکوو پیرەژنێکی بەپرتەوبۆڵە هەر قسە دەکات.

شاژنە سرابی ڕووی وەرگێرا و بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن بەرەو هۆڵی پادشایەتی:

– بیرت نەچێت بەچکە ئەژدیهاکەش لەگەڵ خۆتدا بێنە.

نەورەس دڵشادانە دوای کەوت و پرسیی:

– ئایا ڕەعدت خۆش دەوێت؟

– خۆشەویستی نا، بەڵام پێویستمان بە قەفەسەکەی دەبێت تا هەندێک کەسی بێزارکەری تێدا زیندانی بکەین.

**

لە نێو هۆڵەکەدا:

سرابی لەسەر کورسییەکەی دانیشت و غەیاس لە بەردەمیدا، لە سروشتی شاژنە سرابیدا نەبوو کە ڕای بگۆڕێت بەو بڕیارانەی کە دەیدان، بەڵام ئەم جارە ڕێگەی بە هەستەکانی دا بەسەریدا زاڵ بن، ئەوەش وای کرد بەرانبەر غەیاس و کچە بچووکەکەی زۆر نەرمونیان بێت:

– چۆن بزانم سوپاکەت ناپاکیمان لێ ناکات؟

غەیـــاس بە هۆکـــارێکی دیـــاریکرداو زۆر نهێنیـــی لەبـــارەی جیهانی خوارەوە دەزانین، ئەو نهێنیانە تەنانەت خەڵکی جیهانەکە خۆشی نەیدەزانین، ئێستاش کاتی ئەوە بوو ئەوانە بەکار بهێنێت و وەکوو دڵنیاییەک پێشکەشی مەملەکەتی حن و بنی بکات.

٦

لە پشتی سەددە گەورەکەوە

غەیاس لەسەر ئەسپە باڵدارەکەیەوە بەسەر ئاسمانی خاکی جیهانی خواردوودا دەفڕی تاکوو گەیشتە زنجیرەچیایەکی چۆڵکراو کە بە **زنجیرەچیاکانی قەرنەین** (زولقەرنەین) ناو دەبرا.

سرابی گوتی:

– بۆچی ئێمەت هێناوە بۆ ئێرە؟

دەستی بۆ جێیەکی دیاریکراوی نێو دوو کێوەکە ڕاکێشا و پرسیی:

– تەماشای نێوان ئەو دوو کێوە بکە خاتوونی شاژن، ئایا شتێکی نامۆ بەدی ناکەیت؟

سەرەتا دیمەنەکە ئاسایی دەر دەکەوت، بەڵام دواتر کە سرابی سەرنجی ورد کردەوە، شتێکی سەیری بینی:

– بەنداوێک لە نێو دوو کێوەکەدا هەبوو.

ڕاستی دەکرد، بە سەیرکردنی یەکەم جار ڕوون نەبوو، بەڵام کە لێی ورد دەبوویتەوە، تێبینیت دەکرد کە ئەوە لە نێوان دوو کێوەکەدا شتێکی ئاسایی نییە.

– دەبێت لە پشت ئەو بەنداوەوە چی هەبێت؟

– قەومێکی لێیە کە پێیان دەڵێن **ئەجا و ئەجیج**.

سرابی پێشتر دەربارەی ئەو قەومانەی بیستبوو:

– کەواتە بۆ هاتووین بۆ ئێرە؟

– تاکوو بۆت بسەلمێنم کە سوپاکەم ناپاکیتان لێ ناکات.

سرابی لەو کاتەدا درکی کرد غەیاس بەنیازی چییە.

– دڵنیایت؟

بە بنی پێی کێشای بە ئەسپەکەیدا و بەرەو بەنداوەکە چوو:

– ئەگەر ئەمە بۆ بەدەستهێنانی متمانەی تۆ بێت، ئەوا دڵنیام.

٧

ئەجا و ئەجیج

(یەئجووج و مەئجووج)

یەئجووج و مەئجووج وەها دروست بوون کە ئارەزوویەکی زۆریان بۆ کوشتن و خوێن هەبوو، بۆیە غەیاس کاتێکی زۆری پێ نەچوو تاکوو قایلی کردن.

پارەی بۆ پێشنیار نەکردن، ئازادیشی بۆ پێشنیار نەکردن، بەڵکوو پێی گوتن کە لەو هەرا و کوشتنەدا بەشدار دەبن.

غەیاس چەند وشەیەکی گوتەوە و پاشان بە چەند لێدانێکی بەهێز کونێکی کردە بەنداوەکە تاکوو بتوانن لێی بێنە دەرەوە.

هێندە بە خێرایی دەهاتنە دەرەوە بەنداوەکەیان ڕماند.

سرابی ئەوەی بیر هاتەوە لە داستانێکی کۆندا کە باسی هاتنە دەرەوەی یەئجووج و مەئجووجی دەکرد کە کەس ناتوانێت درزێکیش بکاتە ئەو بەنداوە جگە لە یەکێک لە بەتواناکانی زەوی.

زەویی کۆن حەوت بەتوانای هەبوو، هەموویان پێیان دەوترا **بەتواناکانی زەوی**، هێزی هەر یەکێکیان یەکسان بوو بە هێزی سوپایەکی تەواو.

غەیاس ڕێگەی نەدا تەواوی یەئجووج و مەئجووجەکان بێنە دەرەوە، ئەگەرنا ڕووداوێکی قورس بەسەر زەویدا دەهات، بۆیە دووبارە هێزەکەیی بەکارهێنا تاکوو کونەکە دابخات و نیوەی لە ژوورەوە مانەوە، نیوەیان دوو هێندەی ژمارەی مەملەکەتەکانی سەرەوە و خوارەوەش دەبوون.

بەو جۆرە خەڵکی ژێر زەوی بە هاوکاریی ئەجا و ئەجیج ئامادە بوون، غەیاسیش توانیی بچێتە پاڵ سوپاکەی سرابی و لە جەنگدا لەگەڵی بێت.

لەو کاتەی سەرکردەکانی خوارەوە کۆ بووبوونەوە یاسین قسەی کرد:

– دەبێت سوپاکانمان ببەینە سەرەوە و لە خاکی ئەبابیل جێگیریان بکەین، چونکە لەوێدا سوپاک دژەکانمان کۆ دەبنەوە و جەنگەکە هەڵدەگیرسێت.

هەموان لەسەر ئەوە قایل بوون و دەستیان کردە پلاندانان.

غەیاس سەرنجی لەسەر جەنگاوەرە بچووکەکەی نەما کە نەورەسی کچی بوو، فەرمانی پێ دابوو لە کۆشکی پادشایەتی حن و بندا بمێنێتەوە تاکوو دەگەڕێتەوە، بەڵام لە فەرمانی دەر چوو لە نێو سەربازەکانەوە هات و جێ خۆیی کردبووەوە.

تەنها یەک ئامانجی هەبوو، ئەویش کوشتنی باوکی و بردنەسەری ئەو بەڵێنە بوو کە بە باوکیی دابوو.

دەروازەی نۆیەم

١

عاسف و

هاوڕێ کۆنەکەی

١

لە کۆتاییـــدا هەمـــوو ســـوپای هاوپەیمانەکـــان گەیشـــتنە مەملەکەتی ئەبابیل، فەرماندەکەیان پلانی سەربازیی بۆ هێرش و بەرگـری دانـابوو، ڕەچـاوی هەمـوو ئەگەرێکیـان کردبـوو لە مەیدانی جەنگەکەدا.

پاشـان وەکـوو پلانـی کۆتـایی بەر لە دەرچـوونی سـوپاکان، لەسەر گەورە فەرماندەکان بوو کە بچنە هۆڵی کۆبوونەوەکان و فەرمانی جووڵە بدەن.

هۆڵی کۆبوونەوەکان

هەموو فەرماندەکان سەری ڕێزیان بۆ پادشاکان دانەواند تەنها یەک سەر نەبێت، ئەویش عاسفی کوڕی بەحر بوو کە هێشتا ڕووبەڕووی پادشاکان تەماشای دەکرد.

پادشاکان کەسیان لاریان لێی نەبوو و کەسیش داوای ئەوەی لێ نەکرد کە سەری ڕێز دابنەوێنێت، لەبەر ئەوەی کە تەماشایان دەکرد، جەباری ئیمپراتۆری باپیریان بیر دەهاتەوە، ئەوەش وای کردبوو وەکوو پادشا ڕەفتاری لەگەڵدا بکەن، بە هەمان شێوە کردبوویان بە فەرماندەی یەکەمی هێزەکانی خۆیان.

پادشاکان داوایان لێ کرد کە بەڵێنێکیان پێ بدات، ئەویش بەڵێنی سەرکەوتن بێت:

– کەوتنی فەرماندە واتای کەوتنی سوپاکەیە، بۆیە فەرماندە چۆن جڵەوی ئەسپەکەی بگرێت وەهاش دەتوانێت لە مەیدانی جەنگدا جێی خۆی بکاتەوە و ڕووبەڕووی دوژمن ببێتەوە.

پادشاکان باشترین جۆری ئەسپیان بۆ پێشنیار کرد، بەڵام ئەو داوای ئەسپێکی تایبەتی کرد کە تایبەت بوو بە پادشایەتی ئەبابیل، تاغین ویستی ڕەدی بکاتەوە، بەڵام شەرمی لە پادشاکانی تر دەکرد، بۆیە قایل بوو.

– برۆ و چ ئەسپێکی باڵدارت دەوێت هەڵیبژێرە.

ئەستبل باشترین جۆرەکانی ئەسپی ئەبابیلی لێ بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا عاسف تەنها یەک ئەسپی سپیی جوانی دووباڵ و سپیی هەڵبژارد کە یەکێک بوو لە دروستکراوانی نور.

– سابح.

ئەسپەکە بەرەو دەنگەکە غاری دا، باوەڕی بە گوێیەکانی نەدەکرد کە بیستوویەتی، دیتی عاسف لە بەرانبەری وەستاوە و ئەویش کەوتە سەر دوو پێ بەرانبەر بە خاوەنە کۆنەکەی.

دڵنیا بووم کە دێیت.

عاسف سەر پشتی ئەسپە باڵدارەکە کەوت و بەرەو دەرگای چوونەدەرەوە چوو، سابحیش بە خێرایی غاری دەدا تا دای لە شەقەی باڵ، بە باڵە سپیپە هاوشێوە بەفرەکانی بەرز دەبووەوە.

عاسف دەستی بە قژە سپیپە ئاوڕیشمییەکەیدا دەهێنا:

– سابح خێرا بڕۆ...

٢

هاوڕێکان

کۆتا شەو

بەر لەوەی دەست بە جوولّە بکەن، عاسف و هاوڕێکانی بە ڕۆژێک کۆ بوونەوە، ئەو شێوازی جەنگی هەر کامێکیانی دەزانی هیچ ترسێکی لە ئیکلیل نەبوو، لەبەر ئەوەی دەیزانی هەمیشە لە نزیکیدا دەمێنێتەوە، بە هەمان شێوە حەکیم کە یاوەریی نەدەکرد بۆ جەنگەکە تەنها لە شمالی و ئەوس دەترسا، بۆیە گوتی:

– شێتگیری قەدەغەیە.

حەکیم بە گاڵتەجاڕییەوە:

– ئاخخخ سەرم! سەیرکەن کێ باسی شێتی دەکات!

عاسف هۆکاری قسەکەی ڕوون کردەوە: کەسی شێت لە ڕاستیدا کەسێکی ئاقڵە، بەڵام حیسابی مەترسی و سەختییەکان ناکات. خۆت دەزانیت پێویست ناکات لۆمەم بکرێت.

شمالی که له سووچێکدا دانیشتبوو: «تۆ سەرکردەمانیت و سەرکردەش نموونەیە بۆ شوێنکەوتووەکانی، ئەگەر تۆ گەمژە بیت، ئەوا چاوەڕێ مەبە شوێنکەوتووەکانت ئاقڵ بن.»

ئەوس گوتی:

– ئەگەر ئەوە مانای هێز بێت، ئەوا کەستان لە من گەمژەتر نین.

حەکیم لەو قسانەیان بێزار بوو:

– زۆر ژیاوم و خەڵکی زۆرم دیوە کە شانازی دەکەن بە حیکمەت و دانایی و هێزەوە، بەڵام ئەوە یەکەمین جارە ببینم کەسانێک شانازی بە گەمژەبوونی خۆیانەوە بکەن.

پاشان بە ئیکلیلی گوت:

– تۆش نایێیتە نێو باسەکە ئەی باڵندی چەوەندەر؟

ئیکلیل گوتی:

– من تەنها دەپرسم بۆ خۆتت ڕەشپۆش کردووە؟

حەکیم لە جێی خۆی وشک بوو و لە شمالی پرسی:

– ئایا نهێنیی ڕەنگی ڕەشت بە کەس گوتووە؟

شمالی دەستی کردە پێکەنین و گوتی:

– بە کەسم نەگوتووە ئیکلیل نەبێت.

حەکیم ڕووی کردە باڵندەکە و بە ڕێزەوە پرسیی:

– ئایا نهێنییەکەت بە کەس گوتووە ئیکلیل؟

– تەنها بە عاسف.

حەکیم ڕووی کردە عاسف و گوتی:

– ئایا نهێنییەکە سبەی دەگاتە دەمی هەموو هاوپەیمانان؟

– نا، تەنها دەیهێڵمەوە.

– منیش هەمیشە لە خزمەتتدام مامە.

ئەوس کونکۆڵیی ورووژا بۆ نهێنیی ڕەنگی ڕەش و پرسیی:

– بۆچی حەکیم ڕەنگی ڕەشی لە بەر کردووە؟

حەکیم بە تۆنێکی خاوەوە تاکوو زیاتر کاریگەر دەر بکەوێت، گوتی:

– ڕەش لە بەر دەکەم، وەکوو ماتەمینییەک بۆ ئەوانەی کە سبەی دەیانکوژم.

هەموویان هەوڵیان دابوو خۆڕاگر بن، بەڵام وەڵامەکە لەوە پێکەنیناویتر بوو کە بتوانن خۆیان بگرن. حەکیم چیتر ئارامیی نەما و گوتی:

– ڕەش لە بەر دەکەم تاکوو سبەی ئەو تەڕاییە بشارمەوە کە لە کاتی شەڕەکەدا تووشم دەبێت.

ئەو شەوە بە گفتوگۆی هاوڕێیان تێپەڕی و تێر پێکەنین، کە خۆر هەڵهاتن نزیک بووەوە، شمالی گوتی:

– با کۆتا باوەش بکەین، نازانین دوای جەنگ یەک دەبینینەوە یاخود ئەمە کۆتا دیدارمان دەبێت.

باوەشیان لە یەک دا و کەسیان ئارەزوویان لەوە نەبوو ئەو ساتە کۆتایی بێت، دوای ئەوە عاسف حەکیمی هەڵگرت و بازی دایە سەر ئەسپەکە و پێی گوتن:

– مـــردن رێـــگە پـــێ نەدراوە، هەموومـــان لە بازنەیەکـــدا دەمێنیـــنەوە تـــاکوو ئاگـــاداری ئەوەی تـــر بـــین لە بـــارودۆخی پێویستدا، باشە؟

هەموویان بە یەک دەنگەوە گوتیان:

– بەڵێ.

– کەواتە هەریەکەتـان بچێت بـۆ لای ئەو سـوپایەی کە بـۆی دانـراوە و منـیش دەچـم حەکـیم لە جێیەکـی بێـوەی دادەنـێم و دەگەڕێمەوە.

حەکیم کە لە چنگی عاسفدا بوو، گوتی:

– بوەستە بوەستە، مەبەستت چییە لە شوێنێکی بێوەی؟

– حەکیم گیان تۆ لەگەڵماندا نایێیت بۆ مەیدانی جەنگ.

– بۆچی؟ ئایا پیاو نابێت بێتە ئەوێ؟

– حەکیم من بە جددیمە.

– منیش بە جددیمە.

– چی دەکەیت لەوێ؟

– ئەو شتەی کە ئێوە دەیکەن.

– من و تۆ دەبینە دووانەیەکی زۆر باش؟

ئینجا بە جەستەی عاسدا هەڵگەڕا، چووە نێو گیرفانەکەی و سەری دەر هێنا و گوتی:

– تۆ دەیانکوژیت و منیش جنێویان پێ دەدەم.

حەکیمیش وەکوو ئەوان دەبوو بڕیاری خۆی بدات و هەمووانیش دەشیا ڕێز لە بڕیارەکەی بگرن.

**

عاسف و هاوڕێکانی بەرەو سوپاکانی هاوپەیمانان بەڕێ کەوتن و هەر یەکەیان لە جێی خۆی جێگیر بوو، ئامانجی جەنگەکە بۆ ئەوان گۆڕابوو و ئێستا ئەرکەکەیان ڕزگارکردنی سرابی نەبوو، بەڵکوو سزادانی بوو لەبەر ئەو ناپاکییەی کە لێی کردبوون.

**

هاوڕێیان چاوەڕێی دەنگی بوقەکە بوون تاکوو دەست بە جوولە بکەن.

هەر یەکەیان کۆتا داوای عاسفی بە بیر خۆی هێنایەوە:

– بیرتان بێ سرابی چیتر هاوڕێمان نییە، بەڵکوو دوژمنمانە، بۆیە بەبێ بەزەیی دەکوژرێت.

٢

داستانی زەوی

جەنگە مەزنەکە

هەردوو سوپاکان تێکەڵ بە یەکتر بوون و شەپۆلی مردن بە هەموو لایەکدا بڵاو دەبووەوە.

تەپوتۆزی جەنگەکە بە جۆرێک بەرز بووەوە بەردەم خۆری ئاسمانی گرت.

شمشێر و تیرەکان تێکەڵ بە یەک بوون، دەنگەکەی هەر لە دەنگی هەورەگرمە دەچوو، خوێن جۆگەلەی بەستبوو و زەوی بەرەبەرە بە لاشە دادەپۆشرا، بە جۆرێک کە لە دوورەوە کە تەماشات دەکرد لە دۆزەخ دەچوو.

هێزی جەنگی هەردوو لا تا ڕادەیەک یەکسان بوون. سوپا پەرتەوازەکەی مەملەکەتی ئەژدیها ژمارەیان پەنجا هەزار سەرباز دەبوو، غەیاس لەگەڵ هۆزی یەئجووج و مەئجووجدا تێکەڵ بووبوو، لە سێ لاوە هێرشیان دەکرد، ئەوەش وای

کردبـــوو تەرازووی جەنـــگەکە بە لای ئەوانـــدا بشـــکێتەوە و لە قازانجی زەویی خواروو بیبەنەوە.

شمالی هەستی بە شتێکی نامۆ کردبوو، بۆیە مەیدانەکەی جێ هێشت و چووە لای عاسف و پێی ڕاگەیاند:

– هێندەی سەرنج دەدەم سوپا هاوپەیمانەکانمان بەو جۆرە شەڕ ناکەن کە داواکراوە، بەڵکوو ناپاکیمان لێ دەکەن.

حەکیم لە گیرفانی عاسف هاتە دەر و وەڵامی دایەوە:

– جەنگەکە لە نزیک مەملەکەتی ئەبابیلە، ئەگەر بیدۆڕێنین ئەوا ئەبابیل دەبێتە یەکەم خاکی دوژمنانمان، بۆیە دەبێت خێرا چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە، بەر لەوەی کە...

حەکیم قسەکەی تەواو نەکرد و لە دوورڕا دەنگی هاوار هات و ئاوڕیان دایەوە.

بەڵام زۆربەی سەربازەکان بەردەم دیمەنەکەیان گرتبوو.

باڵندە عەنقاکە بە پەلە لە ئاسمانەوە دابەزی تاکوو ئەوەی بینیوویەتی پێیان بڵێت:

– ئەوس کوژرا.

**

تووڕەیی مردنی هاوڕێیەکەیان وای کرد هەموویان جڵەوی خۆیان لە دەست بدەن و شێتگیری بەکار بهینن. هەر یەکەیان بە جۆشوخرۆشی زیاترەوە بەرەو ئامانجێکی جیاواز ڕۆیشت.

شمالی بەرەو ئەو جێیە چوو کە غەیاسی لێ بوو. عاسف چووە سەر پشتی سابح تاکوو بتوانێت خێراتر پێشڕەوی بکات و حەکیمیش چووە سەر پشتی ئیکلیل و بەرەو ڕووی سرابی...

٤

زریان و سەراب

لەگەڵ زۆریی سەربازەکان سەربازی حسن و بن کە پشتێنەیەکی سەربازیی تووندیان بە چواردەوری شاژندا دروست کردبوو، بەڵام عاسف توانیی بە ئاسانی دانە دانەیان بسووتێنێت و بچێتە ڕووبەڕووی، سرابی سەرنجی لەسەری بوو، بەڵام ئەم جارە خۆشەویستی و هەستی لە چاوەکانیدا بەدی نەکرد کە وەکوو هەمیشە دەیبینی، بەڵکوو زەریایەکی پڕ لە ڕق کە دەیویست بیکوژێت.

سەربازەکانی هاواریان لێ هەستا:

– لە جێی خۆتان بمێننەوە.

هەندێک لە سەربازەکان هەوڵیان دا بانگەشەکە بکەنە ئامانج، بەڵام فەرمانی دا لەویش نزیک نەبنەوە، لەبەر ئەوەی دەیزانی ئیکلیل هەرگیز ناپاکی ناکات و لە هەوادا دەسووڕێتەوە تاکوو نەهێڵێت کەسی تر تێکەڵ بە بابەتەکە ببێت تا ئەوەی لە نێوان ئەو و گەورەکەیدا هەیە تەواو دەبێت.

سرابی دەیویست سەرەتا تەنها لە بیری بکات و هەریەکەیان ڕێگای خۆی بگرێتە بەر، ئەوەش وای کرد پێی بڵێت:

– نامەوێت بتکوژم عاسف.

– بەرقات کوشت و ویستت حەکیمیش بکوژیت، تەنانەت ئیمەش.

ئەوەندەش بەسە وا بکات بمەوێت بتکوژم، ناتوانم ئەو فەرمانەت لەسەر ڕەد بکەمەوە.

– ئایا دڵتەنگ نابیت ئەگەر بمرم؟

– مردنی ناپاک خەمبارم ناکات.

وەڵامەکەی قایلکەر نەبوو، گوتی:

– باوەڕ بەوە ناکەم دڵتەنگ نەبیت بە مردنم.

– دەڵێن تۆ ئێستا بوویت بە یەکێک لە بەهێزترین ئافرەتانی جیهانی خواروو، تاکە دڵتەنگیم بۆ ئەوەیە کە بە ئاسانی بتکوژم، بۆیە بە تواناوە ڕووبەڕووم ببەوە.

هیچ چارەیەکی لە بەردەستدا نەبوو، دەبوو ڕووبەڕوو ببێتەوە، نەک لەبەر خۆی، بەڵکوو لەبەر غەریدی کوڕی.

سرابی دەستی بە هێرش کرد: تەلیسمێکی خوێندەوە کە چەند نوسخەیەکی لە خۆی دروست کرد، عاسف نەیدەزانی کامە خۆیەتی.

بەو جۆرە سرابی دەیتوانی لە چەند لایەکەوە لێی بدات و هەموو دیوارەکانی پارێزگاری بشکێنێت، هەر جارێک عاسف

هەوڵـی دەدا لێـی بـدات، بێسـوود بـوو، چـونکە لە نوسـخە ڕاستییەکەی نەدەدا.

سـرابی سـەرکەوتوو بـوو لە لێدانەکانی و بە تەواوی بێهێزی کرد و خوێن لە چەند شوێنێکی جەستەی دەهات.

دەیزانی ئەوە تاکە ڕێگەیە بۆ دەستنیشانکردنی ئامـانجەکەی، چاوەکـانیی داخسـتن و چەنـد لێـدانێکی ئاڕاسـتەی یەکێـک لە نوسخەکان کرد.

ئەم جـارە بە چـاوی دڵ هەوڵـی دەدا ئامـانجەکەی ببینێـت، ئەوەش وای کـــرد بەر جەســـتە ڕاســـتەقینەکە بکەوێـــت و سەرکەوتوو ببێت.

هەردووکیـان دەسـتیان بە ڕووبەڕووبـوونەوە کـرد. جارێـک سرابی سەر دەکەوت و جارێکی تریش عاسف، بەڵام بە جۆرێک ڕووبەڕوو بووبـوونەوە وەک ئەوەی لە زەمەنێکـی کـۆنەوە ئەم دووانە دوژمنی یەکتر بن.

سرابی لە لایەکی نادیارەوە لێی درا، ئەوەش لە لایەن یەکێک لە سـەربازەکانی عاسـفەوە بـوو و نەیتـوانی هاوسـەنگیی خـۆی ڕابگرێت و کەوت بە زەویدا.

عاســف دەیتــوانی بیکوژێــت، بەڵام لەوە پیــاوتر بــوو کە دوژمـنەکەی بە کەساسـی بکوژێـت، بـۆیە دەسـتی یـارمەتیی بـۆ درێـژ کـرد تـا هەسـتێتەوە. کە بەو جـۆرە بـوو لە دواوە یاسـین هێرشی کردە سەر و بە ڕمێک لێی دا، یاسین ویستی دووبارەی بکاتەوە، بەڵام ڕاستەوخۆ ئیکلیل سووتاندی.

جەستەی یاسین ئاگری تێ بەر بوو و کەوتە سەر زەوییەکە، هەستایەوە و ویستی پەلاماری باڵندەکە بدات، بەڵام دەنگێک لە پشتەوە گوتی:

– زۆر زیاد ڕۆیشتیت.

ویستی ئاوڕی لێ بداتەوە، بەڵام نەیتوانی و بە ئەبڵەقی مرد، چونکە ئەو کەسەی هێرشەکەی کردە سەر و کوشتی، سرابی بوو.

سرابی دوای ئەوە عاسفی خستە سەر شانی و ئارەقە و خۆڵ و تۆزی لە ڕوخساری سڕی و چاوی کردەوە، گوتی:

– بێ گومان شکستخواردووترین دوژمنی ئەم جیهانەین.

– کێشە نییە کە شکستخواردوو بین.

لەگەڵ ڕقێکی زۆری بۆ کوشتنی، بەڵام هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد، دوای ئەو ماوە زۆرەی کە لە دەستی دابوو.

پاشان شتێکی پێ گوت کە خستییە پێکەنین، پێکەنینەکەی تەنها بە زمان نەبوو، بەڵکوو لە دڵەوە بوو.

گوتی:

– کچێکی بچووکم بینی ناوی نەورەس بوو.

پاشان بێدەنگ بوو بەر لەوەی ڕستەکەی تەواو بکات:

– ئایا کچەکەمانی بیر خستیتەوە؟

– ئەگەر کچەکەمان زیندوو بمایە، ئەوا ئێستا لە تەمەنی ئەودا دەبوو.

– هێشتا لە ژیاندایە و لە جێیەکی ئەم زەوییەیە.

– پێت وایە؟

– تەنها ئەوەمان لەسەرە کە نابێت کەسمان بە ئاسانی بمرین.

لەو کاتەدا هەردووکیان هەستیان دەکرد کە کات لەبەر ئەوان وەستێنراوە، سرابی لێی نزیک بووەوە و هەناسەکانیان تێکەڵ بوون کە شتێک بوو دوژمن لەگەڵ دوژمندا هەرگیز نایکات، بەڵام یەکسەری ئیکلیل نزیک بووەوە و بە گەورەکەیی گوت کە لەو لای جەنگەکەوە چی ڕوو دەدات:

– شمالی لە مەترسییەکی گەورەدایە.

هەر کە عاسف ئەوەی بیست، لەگەڵ برینە قوولەکەی پشتی، ڕووی کردە جێیەکەی شمالی و دیتی لەسەر زەوی کەوتووە و ئەو سەربازەی کە ناوی غەیاسە، دەیویست بیکوژێت.

سرابی گوتی:

– بڕۆ عاسف، جارێکی تر جەنگە نیوەچڵەکەمان تەواو دەکەین.

عاسف بەرەو لای شمالی ڕای کرد، بە شێوەیەکی شێتانە ویستی غەیاس لە هاوڕێکەی دووربخاتەوە بەڵام عاسف لە جێی خۆی دای بە زەویدا و لە بەرانبەردا غەیاس بە حاڵیش لە جێی خۆی نەجووڵابوو.

عاسف بە ترسەوە تەماشای غەیاسی دەکرد و لە خۆیی پرسی:

ئەو هێزە شێتانەیە چییە ئەم جەنگاوەرە هەیەتی؟

بە هەموو هێزی خۆم پاڵم دا، بەڵام لە جێی خۆی جوواڵەی نەکرد.

شمالی بە سەختی قسەی بۆ دەکرا:

– ناتوانیت بە ئاسانی بیکوژیت، باشترە خۆت ڕزگار بکەیت.

عاسف وەڵامی شمالیی دایەوە:

– دەزانیت ئەگەر هەموو جیهان لە دژت بووەستێتەوە، ئەگەر بە تەنها بچیتە مەیدانی جەنگ لەگەڵت دەبم و شان بە شانت دەوەستم. دەزانم ڕەنگە نەتوانم تەواوی جیهان ببەزێنم، بەڵام ناهێڵم بە تەنها زەبرت بەر بکەوێت.

عاسف دووبارە هێرشی کردەوە.

غەیاسیش هێرشی کرد و لەسەر پشت دای بە زەویدا لە پاڵ شمالیدا، بارودۆخیان زۆر سەخت بوو، بەڵام هەردوکیان پێدەکەنین و گاڵتەیان بەو بارودۆخەی خۆیان دەکرد کە تێی کەوتبوون:

– پێدەچێت بەیەکەوە بمرین هاوڕێکەم.

تارای کوبرای جن لە دوورەوە چاودێریی بارودۆخەکەی دەکرد، دەیوست ئەو مەترسییەیان لێ دوور بخاتەوە و بچێتە مەیدانی جەنگەکە، بەڵام تارا کوشتنی ئەندامانی خێزانی ئیمپراتۆری لێ قەدەغە کرابوو، تاکە کەس بوو بە نهێنییەکەی دەزانی کە:

غەیاس **ئەساتیری** کوڕی جەبارە.

**

غەیاس قورگی شمالی گرت و لەسەر زەویەکە بەرزی کردەوە، هێندەی نەمابوو بیخنکێنێت و دەیویست بە ئازارەوە بمرێت.

عاسف بەرگەی بینینی ئەو دیمەنەی نەدەگرت، هەر بۆیە بڕیاری دا بە تەواوی هێزییەوە هێرشی بکاتە سەر و لە هەمان کاتدا لە تووڕەیی خۆیدا هاواری کرد:

– ئیکلیل بە هەموو تواناتەوە هێرش بکە.

بە هەردووکیانەوە هێرشیان کردە سەر غەیاس.

عاسف چەند لێدانێکی یەک لە دوای یەکی لێ دا و ئیکلیلیش فوویەکی ئاگرینی بە ڕووداکرد، بەڵام زۆر بە وریاییەوە تا نەکا بەر شمالی بکەوێت.

لە کۆتاییدا بە سەرکەوتوویی توانییان هێرشەکان بکەن، دووکەڵێکی گەورەی چڕ شوێنەکەی گرتەوە، بەڵام هەر کە دووکەڵەکە نەما، غەیاس لە جێی خۆی جوولەی نەکردبوو، وەکوو شاخێکی گەورە پێیەکانی بە زەویدا کوتیبوون و توند ملی شمالیی گرتبوو.

عاسف کەوتە سەر ئەژنۆ و هیوای لە دەست دا.

**

له کاتێکدا شمالی کۆتا هەناسەکانیی دەدان له ژێر چنگی غەیاسدا، لای کردەوە بۆ هاوڕێی تەمەنی که خۆشەویستییەکی لەڕادەبەدەریان بۆ یەکتر هەبوو، عاسف و شمالی وەکوو برا بۆ یەک وەها بوون.

شمالی ڕووی کرده ئاسمان و بەدەم کۆتا هەناسەیەوە لەو ئەستێرە جوانانەی دەنواڕی که دەدرەوشانەوە.

– یەک هیلانەاین بۆ هەمیشە (هیلانا له بەشی یەکەمدا ئاماژەی بۆ کراوە، واتە خێزان).

٥

سجیل

دەربـارەی عاشـف کە دەیبینـی هاوپەیمانـانی کە لەبەرچـاو خۆیدا دەکەون...

مەملەکەتی ئەبابیلیش بووە مەیدانی دوژمنان.

نزیکترین کەسەکانی ژیانیی لە دەست دابوون: دایکی، باوکی، کچەکەی، باپیرە جەباری ئیمپراتۆری، ئەیووبی هاوڕێی، بەرقا و ئەوس و ئێستاش شمالی.

ئەو لەدەستدانانە بە تەواوی لە پەلوپۆیان خستبوو. سەری بـۆ ئاسـمان بەرز کـردەوە و گریـا. هەمانشـێ کە لە ڕۆژی لەدەستدانی دایکی کە جومانای کچی جەباری ئیمپراتۆردا کردی، لە کاتێکدا کە لەو بارودۆخە لاوازییەدا بوو شـتێکی سەیر ڕووی دا:

دووکەڵێکی سپی لە جەستەی بەرز دەبووەوە، وەکوو ئەوەی لە تووڕەییانـدا جەسـتەی بسـووتێت، هەسـتی دەکـرد ئـاگرێکی جەهەنەمی دڵی دەسووتێنێت.

پاشـان له دڵیـدا خەرمـانەیەکی ڕەشـی سـەیر بەرز بـووەوە بەرەو باڵندە عەنقاکە و قەپی بە باڵندەکەدا کرد و بردییەوە **نێو عاسف**، واتا ئێستا هەردووکیان بوونە یەک جەستە.

چاوەکـانی مـارە کـوبراکە لە سەرسـامیدا دەرپەڕیـن، لەبەر ئەوەی عاسـف و ئیکلیـل بـوون بە یەک کە پێشـتر ئەم ئەفسـانەیەی بیسـتبوو کە دۆخێـک هەیە بە **سـجیل** نـاو دەبـرا، باسـی ئەو ئاسـتە بـاڵایەی دەکـرد کە لە مێژووی زەویـی کۆنـدا هەندێک کەس نەیێت کەس پێی نەگەیشتووە.

عاسـف هەسـتایەوە سـەرپێ و لەبەر ئەوەی بـاڵای بەرزتـر بووبـوو، ماسـوولکەکانی دەرپەڕیبـوون و دوو بـاڵی گەورە لە پشتییەوە دروست بووبوو، بۆیە بەشـی سـەرەوەی جلەکـانی لە بەردا درڕا.

غەیاس بە سەرسامییەوە پرسیی:

– تۆ کێیت؟

– من بەردی قوڕینم کە بە ئاگری جەهەنم دروست کراوم.

پاشان ون بوو.

**

لەگەڵ ئەوەی غەیـاس تواناکـانی لەڕادەبەدەر بـوون، وەلـێ نەیدەتوانی شوێنەکەی و جوولّەکانی دیاری بکات.

عاسـف دوای کەمێـک لە بەردەمیـدا دەر کەوت و بە هەمـوو هێزییەوە مستێکی لێ دا، بە جۆرێک پەراسـووی شکاند و چەند مەترێک بۆ دواوە فڕێی دا.

هەرچەندە ئازاری پێ گەیاند، بەڵام غەیاس بزەیەک گرتی و گـوتی: «ئێسـتا شـەڕەکە دەسـت پـێ دەکـات.» ئینجـا پەلامـاری یەکیان دا.

**

حەکـیم لە نێـو ئەو جەسـتە کەوتـووانەی زەویـیەکەدا، بە گورجوگۆڵییەوە بەرەو جەستە کەوتووەکەی شمالی ڕای کرد:

– هێی شمالی! گوێت لێمە؟

شـمالی وەڵامـی نەدایەوە، حەکـیم سـەری بە سـنگییەوە نووساند تا گوێی لە دەنگی دڵی بێت، بەڵام نەیدەتوانی هەستی پێ بکات:

– تکایە مەمرە، تکایە مەمرە.

لەبەرخۆیەوە بە گریانەوە دەیگوت:

– تکایە مەمرە.

حەکیم گوتی:

سرابی کە لە دوایەوە وەستابوو، گوتی:

– نیگەران مەبە، نامرێت.

حەکیم ئاوڕی دایەوە و کە سرابیی بینی، هەموو ڕقەکانی خۆیی لە بیر کردن و لێی دەپاڕایەوە:

– تکایە ڕزگاری بکە!

سرابی لێی نزیک بووەوە و دەستەکانیی خستنەوە نێو یەک و چەند جارێک بە تونديی گوشاری خستە سەر سنگی، بەڵام بیسود بوو، بۆیە حەکیم ئەم پێشنیارەی بۆ کرد:

– ماچی ژیانی بکە.

سرابی دانەوییەوە و پاشان چەند فوویەکی کردە نێو قورگی و هەندێک جادوی شیفای بەسەردا خوێند، تاکوو دووبارە دڵی کەوتەوە لێدان.

هەستایەوە و بە گاڵتەوە بەر لە ڕۆیشتنی، بە حەکیمی گوت:

– بە عاسف مەڵێ کە ماچم کردووە.

حەکیم فرمێسکی خۆشیی سڕی و گوتی:

– پیاو نەماوە لە جیهانی خواروودا هاوسەرگیریت لەگەڵدا نەکردبێت، بۆیە ئەگەر عاسف بە ماچەکە بزانێت، کێشەیەکی ئەوتۆ دروست ناکات.

سرابی بە قسەکانی پێکەنی و ئامادەی ڕۆیشتن بوو.

پێش ئەوەی دوور بکەوێتەوە:

– بەر لە چەند ڕۆژێک هاتیت و ویستت بمانکوژیت، ئێستا بۆ دەتەوێت شمالی ڕزگار بکەیت؟

دەیویست جەنگ ڕابگرێت تاکوو داهاتوویەکی باش بنیاد بنێت بۆ غەریدی کوڕی و تەواوی ڕۆحە بێتاوانەکان، تەنانەت ئەگەر ئەوە پێویستی بە کوشتنی عاسف و ئەوانەی لەگەڵیدان بکردایە.

بە تۆنێک کە ڕاستییەکەی پێ بگەیەنێت، گوتی:

– تەنها دەمویست ڕێگری لەم جەنگە بکەم، بەڵام ئێستا کە ڕووی داوە و چیتر نامەوێت بتانکوژم.

حەکیم سەری تێگەیشتنی لەقاند:

– سوپاس بۆ تۆ.

سرابی بزەیەکی کرد و پرسیی:

– چیتە؟

– عاسف نەێنیی جلە ڕەشەکەتی پێ گوتم.

حەکیم ڕوخساری دا بە یەکدا و قاچی بەزەویدا کوتی، لەبەر ئەوەی نەێنییەکەی ئاشکرا بووە:

– دەمزانی ئەو هەتیوە بە هەموو دنیا دەڵێت.

– خەمت نەبێت، ئەگەر ئەویش نەبووایە خۆم دەمزانی.

– چۆن؟

بە پێکەنینەوە گوتی:

– تەماشای پانتۆڵەکەت بکە، هێندە تەڕت کردووە قورس بووە.

٦

مالّئاوایی

جەنگەکە لە نێوان غەیاس کە یەکێک بوو لە نۆ جەنگاوەرە بە توانـاکەی زەوی و عاسـف کە لەگەڵ بالّنـدە عەنقـایەکەدا تـێکەڵ بووبوو، بووبووە سجیلی ئەفسانەی بەردەوام بـوو. جەنگەکەیـان چیاکانی دەلەراندەوە، ئەوەش وای کرد زۆربەی سـەربازەکان لە شـــەڕ بوەســـتن و تەماشـــای ئەو جەنـــگە بـــکەن کە پیشـــتر هاوشێوەییان نەدیبوو.

**

لەو کـاتەدا هەنـدێک شـت ڕووی دا کە چـاوەڕواننەکراو بـوو، ئاسـمان بە بـوونەوەری بالّـدار پـڕ بـووەوە کە نیوەیـان مـرۆڤ بوون و خوارەوەیان ئەسپ بوو، ئەوانە هەموو قناتیرەکان بوون کە هاتبوونە پاڵ سوپاکەی عاسف.

شازادە ئاشاس بانگی لە سەربازە بەهێزەکانی کرد:

– عاسف سەر بخەن، عاسفی کوڕی بەحر و هاوڕێی ئەیووب سەر بخەن.

ئینجا بەرەو دڵی جەنگەکە چوو. هەموو سەرنجی دوژمن لەسەر ئەوە بوو لێیان بدەن:

– بیانکوژن، لەسەر ڕووی زەوی دووریان بخەنەوە.

قەناتیرەکان بە چەکوشی سووڕاوە و ڕمەکانیان بەرەو هۆزی یەئجووج و مەئجووج دەچوون، وەکوو نەیزەک لە ئاسمانەوە بەر بووبیت وەها بەر بوونە گیانیان و پاشان لە پڕێکدا، کۆمەڵەیەکی تر.

سوپا هاوپەیمانەکان لە بەشی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواوە، ئاسمانیشیان لێ گیرابوو و بە ئەسپە باڵدارەکان کەس نەیدەزانی ئەم هەموو سوپایە لە کوێوە دێت.

حەکیم لەژێر یەکێک لە جەستە مردووەکانەوە خۆی شاردەوە، خۆی لێ بێدەنگ کردبوو تاکوو دوژمن وا بزانێت کە مردووە، کەس نەیکوژێت ئەوە نێردراوی پەرجووە.

– بوەستە.

– ئایا گوتی نێردراوی پەرجوو؟

حەکیم لای لە پیاوەکە کردەوە، ئەوە یەکێک بوو لەو پادشایانەی کە حەکیم خۆی لێ کردبوون بە پەیامبەری پەرجوو.

حەکیم گوتی:

– بۆچی دوا کەوتن؟ زۆر خۆمم تەڕ کردووە.

– دره‌نگ نامه‌که‌تمان پێ گه‌یشت، بۆیه ئێستا گه‌یشتین.

ده‌ستی بۆ سوپاکانی خواره‌وه ڕاکێشا: «ده‌مه‌وێت هه‌موو ئه‌مانه وا لێ بکه‌ن، خۆزگه به‌وه بخوازن نه‌هاتنایه‌ته ژیانه‌وه.» به تووڕه‌ییه‌وه گوتی:

– بیانکوژن، سه‌ریان بپه‌ڕێنن. هیچ سه‌رێک به جه‌سته‌وه مه‌هێڵنه‌وه.

هاتنی ئه‌و هاوپه‌یمانانه بووه هۆی سه‌رکه‌وتن دواتر ئه‌وانه‌ی که شمالی بانگێشتی کردبوون، به‌و جۆره سه‌رکه‌وتن به لای عاسفدا شکایه‌وه.

له کاتێکدا شه‌ڕ له هه‌ردوو لاوه به‌رده‌وام بوو، هاوارێک به‌رز بووه‌وه:

– شاژنه سرابی کوژرا، شاژنه سرابی کوژرا.

به‌و جۆره زۆربه‌ی سه‌ربازانی خواروو له جێیه‌کانیان ده‌کشانه‌وه.

– شاژن کوژرا، شاژن کوژرا.

عاسف که ئه‌و هه‌واڵه‌ی بیست، وه‌کوو ئه‌وه بوو زلله‌یه‌کی توند له بناگوێی بدرێت.

پێی وا بوو ده‌یه‌وێت بیکوژێت، به‌ڵام ئێستا ده‌یزانی که هۆکاره‌که‌ی ته‌نها تووڕه‌بوونێکی کاتی بووه و هیچی تر، هێنده خه‌مبار بوو که ئه‌و هه‌واڵه‌ی بیست بیری له‌وه ده‌کرده‌وه چۆن ده‌کرێت مردنی که‌سێک دونیا هێنده تاریک بکات له کاتێکدا خۆر به ئاسمانه‌وه‌یه.

نەیتـوانی چیتـر وەکـوو سـیجیل لە جەنـگ بەردەوام بێـت، دڵتەنگییەکە وای لێ کرد ئیکلیل لە نێو ناخی بێتە دەرەوە و لەو کـاتەدا غەیـاس تـوانیی دەرفەتـی کوشـتنی بە ئاسـانی بە دەسـت بهێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێزی دڵتەنگییەکەی لابوو، پێی گوت:

– خەمبار مەبە، تەنهایی قەدەری بەهێزەکانە.

لە کاتێکدا عاسـف کەوتە سـەر ئەژنـۆی و دەیبینـی کە چـۆن سـەربازەکان دەکشـێنەوە و جەسـتەی سـرابییان بە کفنکـراوی هەڵگرتـووە، ئەو ڕۆژەی بیـر کەوتەوە کە پیاوەکـانی لادێـکە جەسـتەی دایـکە مردووەکەیـان هەڵگرتبـوو، جومانـای کچـی جەباری ئیمپراتۆریان خستبووە سەر شانیان و بەرەو گۆڕستان دەچوون.

ئەو کات وای دەزانی ئەوانە دایکی لێ دەفڕێنن، بۆیە هێرشـی کردە سەریان و پێنج لە پیاوەکان ڕێگرییان لێ کرد و ئەوانەی تـریش خەریکـی کـاری ناشـتنەکە بـوون، لەگەڵ مەیـتەکەدا دڵـی عاسفیشیان ناشت.

لە کاتێکدا هێشتا چـاوی لەسـەر سـرابی بـوو، بەرەبەرە دوور دەکەوتەوە و گـوێی لە دەنگـی تەپەی پێـی کەسـێک بـوو لە دواوەیە، کچێکی چاوقاوەیی بە بێدەنگی تەماشای دەکرد.

لەوێدا:

– تۆ عاسفیت؟

بە ئاماژەی بەڵێ سەری لەقاند:

– بەڵێنم بە باوکم دابوو کە بتکوژم.

مستێکی لێ دا و ون بوو.

عاسف کەوتە سەر زەوی.

چاوێکی داخرابوو، چاوێکیشی کرابووەوە و لە دوورەوە تەماشای سرابیی دەکرد کە چۆن لەسەر شانی سەربازەکان دوور دەکەوێتەوە.

ئەو دیمەنە بۆ ئەو وەکوو شکانی باڵی باڵندەیەک وەها بوو: کۆتا ئاواتی ئەوە بوو ئەویش لەگەڵیدا بەرز ببێتەوە بۆ ئاسمان بەر لەوەی بمرێت.

عاسف ئێستا گوێی بە خوێنبەربوونی نەدەدا، لەبەر ئەوەی زۆر شتی لە دەست دابوو، چاوی داخست و ئەم ڕستەیەی دەگوتەوە:

– ئێستا ئەگەر بیرت بکەم، چی بکەم سرابی؟

بایەکە دەنگی سرابیی دەگەیاندە گوێی:

– گۆرانیم بۆ بڵێ، منیش دێم و سەمات بۆ دەکەم.

زەردەخەنە گرتی و پاشان چاوی داخست و هەناسەکانی وەستان.

کۆتا دەروازە

١

کۆبوونەی نهێنیی پادشایانی زەویی سەرەوە

پەیمانی پیرۆز

پەیمانی پیرۆز واتە ئاشتی لە نێوان پادشایانی سەرەوە و خوارەوە، بۆیە ئەگەر یەکێک لە پادشایان بیەوێت ئەو بەڵێنە بشکێنێت، بەبێ هیچ هۆکارێک ئەوا ئەوانی تر خوێنی دەڕژن.

لە ڕاستیشدا:

تاغین ئامانجی ئەوە نەبوو کە ڕەوایەتیی پادشایەتی لە عاسف بسەنێتەوە، بەڵکوو ئامانجی ئەوە بوو هێرش بکاتە سەر جیهانی خوارەوە بەبێ ئەوەی ئەو پەیماننامەیە بشکێنێت.

تاغین سەرکەوتوو بوو لە درۆکەی، بەو جۆرە بەڵێنی خوێنینیان لە دژی ئەو بەکار نەدەهێنا.

لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگەکەدا، تاغین ئامانجی سەرەکیی پێکا.

دوای بەزاندنی جیهانی خوارەوە، کۆمەڵەیەکی نهێنی لە سەربازەکانیی نارد بۆ خوارەوە بە یەک هۆکار: دەستبەسەرداگرتنی دەستکەوتەکانی جەنگ.

بەو جۆرە هێزی ئەبابیل زیادی دەکرد و مەملەکەتەکانی دەوروبەریی دەترساند، وای لە پادشاکانی دەوروبەری کردبوو بە نهێنی پلان بگێڕن و کۆ ببنەوە تاکوو تەکبیرێک بۆ ئەبابیل بکەن کە چۆن باڵەکانی ببڕن و بچووکی بکەنەوە.

یەکێک لە پادشاکان پێشیناری کرد:

– هیچ هۆکارێکمان نییە جگە لەوەی جەنگ ڕابگەیەنین.

یەکێکی تر گوتی:

– سەربازەکانمان ماندوون لەو جەنگەی کۆتاییدا، پێویستیان بە کەمێک حەوانەوە هەیە، بە هەمان شێوە هۆکارێکی باوەڕپێکراومان نییە تاکوو هێرش بکەینە سەر ئەبابیل.

پادشا یەمانی مەملەکەتی ئەژدیها تاکە کەس بوو کە دەیتوانی ئەو ئامانجە بەدی بێنێت:

– دەبێت دووبارە دوژمنایەتی لە نێوان تاغین و عاسف دروست بکەینەوە.

یەکێکی تر لە پادشاکان پرسیی:

– ئایا عاسف لە جەنگەکەدا نەمرد؟

– نا.

یەمان گوتی مارە کوبرا جنەکە لێوەی نزیک بوو و توانیی چارەسەری بکات بەر لەوەی کار لە کار بترازێت، تاکە چەکیشمان لە ئێستادا تەنها ئەوە.

یەکێک لە پادشاکان تێبینییەکی هەبوو: «بەڵام ئەو وازی لە دەسەڵات هێنا بۆ تاغین، بە شاهێدیی حەوت سەردارەکەی بەرزەخ و چیتر هۆکاری نییە بۆ شەڕکردن.»

پادشا یەمان بەو پادشایەی گوت:

– خاتوو عیزرا لە بەرزەخ هۆکارێکی گونجاوی دیوە کە وا لە عاسف دەکات دوای ئەو خەمەی دەست بە جەنگ بکاتەوە.

یەکێک لە پادشاکانی تر بە کونجکۆڵییەکی زۆرەوە گوتی:

– عیزرا لە بەرزەخ چیی دیووە؟

پادشا یەمان بە تۆنێکی نهێنیئامێزەوە وەکوو ئەوەی نهێنیەکی گەورەیان بۆ ئاشکرا بکات:

– لە ئێستادا ئەوەندە بزانیت بەسە عزرا چووە بۆ لای تاغین و شتێکی پێ دەڵێت کە لە بەرزەخ دیویەتی، بەو جۆرە دەتوانێت سوودی لی ببینێت.

بەر لەوەی کۆبوونەوەکە تەواو ببێت، یەمان بە پادشاکانی گوت:

– دەبێت کەس بەم کۆبوونەوەیە نەزانێت، تەنانەت عاسفیش، ئەگەرنا دەکەوینە کێشەیەکی زۆر گەورەوە بەڕێزان.

٢

مەملەکەتی ئەبابیل

شەوی کۆشک

عاسف و شمالی و حەکیم چوونە نینو گالیسکەی پادشایەتییەوە کە دەیبردن بۆ کۆشک بۆ هاوسەرگیرییەکەی پادشا تاغین، بەو ئافرەتەی کە بۆیان دیاری کردبوو.

عاسف بەو بانگێشتە هەرگیز قایل نەدەبوو، بەڵام دوای مردنی سرابی دەبوو پەڕەیەکی نوێ هەڵبداتەوە و واز لە ڕک و کینە و جەنگ بهێنێت، بۆیە هاوڕێکانی قایلیان کردبوو بەو نیازەوە بڕوات و بەشداریی ئاهەنگەکە بکات.

کەس لە هیچ نەدەترسا، لەبەر ئەوەی ئەو شەوە حەوت سەردارەکەی بەرزەخ ئامادە بوون و لەگەل ئەوەشدا تاغین لە بەرانبەردا هیچ فرتوفێڵێکی لێ نەدەکردن.

**

لەگەڵ گەیشتنیاندا بەخێرهاتنێکی گەرم کران لە دەرگای کۆشکەوە، ئەوەش وای کرد زیاتر هەست بە ئاسایش بکەن و پێیان وا بوو تاغین لەگەڵیاندا گۆڕاوە بۆ هەمێشە.

لە نێو کۆشکدا هاوڕێیان، لە کاتێکدا باڵندەکە هێشتا بەسەر سەریانەوە بوو، تەماشای ڕووناکییەکانی کۆشکی دەکرد، هەستی بە شتێک دەکرد کە نائاسوودەی دەکرد.

**

لە نێو کۆشکدا

لە ئاهەنگەکەدا زۆربەی پادشاکان ئامادە بوون، زۆربەی پادشا و شازادە و کەسە پایەبەرزەکانی زەوی، جلوبەرگەکانیان دەدرەوشایەوە کە شەوەکەی تایبەتتر کردبوو.

لە نیوەی شەودا کە زەنگەکان لێ دران، ڕووناکییەکانی هۆڵەکە کوژانەوە و هەندێک مۆمی ڕووناکی کز هەڵکران، هەمووان بێدەنگ بوون و تەماشای ئەو پەردە بەرزە ڕەشەیان دەکرد کە دوای کەمێک پادشا و شازنی لێ دەهاتە دەرەوە.

**

لەو کـــاتەدا و کە کەس چـــاوەڕێی ئەوە نەبـــوو شـــتێکی شـــۆکهێنەر ڕوو بـدات، شـنەبای ئەبابیـل بە تونـدی درەختـی نەفرینکـــراوی لەرانـــدەوە کە ئەفســـانەکان دەڵـــێن: **لقەکـــانی نالەرێنەوە، مەگەر بۆ ڕووداوێکی گەورە نەبێت کە بەو نزیکانە ڕوو دەدات.**

**

٣

کۆتا زەنگەکان

زەنگەکانی کۆتایی لێدران و پادشا تاغین لە پشتی پەردەکە هاتە دەرەوە، جلوبەرگی پادشایەتیی لە بەردا بوو و لە پاڵیدا ئافرەتێک هەبوو کە جلێکی سپیی پۆشیبوو و تاجیکی ئاڵتوونیی بە بەردی نایاب لە سەردا بوو، ڕوخساری بە پارچەیەک قوماشی ئەستووری دانتێل داپۆشیبوو و کەس نەیدەبینی.

کە ژنەکە لە پاڵ عاسفەوە تێپەڕی، هێندی نەمابوو دڵی بوەستێت، نەک لەبەر ئەوەی دەیتوانی بیناسێتەوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی بۆنێکی لێ دەهات کە بە تەواوی دڵنیای کردەوە کێیە:

بۆنی دایکە مردووەکەی.

بۆنی یاسەمین.

تاغین پارچە قوماشەکەی لەسەر ڕوخساری لا دا تاکوو هەموان ڕوخساری شاژنە تازەکە ببینن.

ئافرەتەکە دوو چاوی قاوەیی هەبوون و ڕوخسارێکی ڕێک و سپی و هەندێک لە مل و گەردنی دیار بوو، قژێکی قاوەیی تۆخی

هەبوو کە بەسەر شانەکانیدا هاتبووە خوارەوە. یەکێک بوو لەو ئافرەتانەی کە ئاسمان هەندێک جار دەیبەخشێت بە زەوی:

ژنەکەی ئەو ئافرەتە بوو کە پێش چەندان ساڵ مرد و نێژرابوو:

جومانای کچی جەباری ئیمپراتۆر.

لەژێر ڕۆشنایی ئاگرەکاندا خێرا کۆبوونەوەی خێزانی ئیمپراتۆر کرا تاکوو مارە کوبرا جنەکە ئەوە ڕوون بکاتەوە کە ڕووی داوە:

– چۆن دەبێت جومانا گەرابێتەوە ژیان؟

– پادشا جەبار داوای لێ کردم ڕۆحی بە ڕۆحێکی تر بگۆڕمەوە، بردمە قوواڵایی دەریا تاریکەکە و لەوێدا هەندێک تەلیسمم بەسەردا خوێند و ڕۆحێکی تری بۆ هات.

– تۆ نەتدەزانی کە چ کارەساتێک ڕوو دەدات لە داهاتوودا؟

– بە جەبارم گوت، بەڵام گوێی لێ نەگرتم.

یەکێک لە گەورەکان پرسیی:

– ئایا کەس کە هەیە وا بزانین مردووە و نەمردبێت؟

مارەکە بێدەنگ بوو و وەڵامی نەدانەوە.

**

ڕۆمانەکە لە بەشی پێنجەمی ئەبابیلدا بەردەوام دەبێت.

السِّجِّيل

إنها لا تستطيع البوح بما رأته في البرزخ، ولكنها متأكدة
بأن ذلك السّر سوف يغير تاريخ الأرض إلى الأبد.

نەیدەتوانی ئەوەی بینیبووی بە تەواوی گوزارشتی لێ بکات
بەڵام دەیزانی ئەوەی دیبووی لە جیهانی بەرزەخدا
بە تەواوی و بۆ هەمیشە میژووی زەوی دەگۆڕێت



ئەدیبان
ناوەندی ڕۆشنبیریی
07501571818
07731974646

7 50169 63617 5